


# ئاژاوە

Sbeiy.com
KNN



## هەڵکۆڵین لەناو گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕاندا چیمان پێدەڵێت و چیمان لێ دەشارێتەوە؟





**«گوتار وەک پانتاییەکی تایبەتی بۆ بەکارهێنانی زمان، دەکرێت بەپێی ئەو دامەزراوەی گوتارەکەی لێ دروست دەکرێت و بەو هەڵوێستانەی لێی هەڵدەقوڵێت و گوتاربێژەکە دیاری دەکات، پێناسە بکرێت، هیچ هەڵوێستێک لە خۆڕا وەرناگریت، دەکرێت لەو راستەوە لێی تێبگەین کە ئەو بیربۆچوونەی گوتار بونیادی دەنێت پێوەندی بە گوتارێکی دیکەوە هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکییش گوتارێک کە هاودژی خودی ئەو گوتارەیە».**

**پڕۆفیسۆر سارە میلیز**
**زانکۆی شفیلد - بەریتانیا**

## • گوتاری بزووتنەوەی گۆڕان

## دروستکردنی پەرژینێك بۆ پەروەردەکردنی رق و کینە

گوتار بریتی نییە لە کۆمەڵێك وشەی گوتراو، یان نووسینی دەقێك، بەڵکو بریتییە لە پیادەکردنی سیاسەت بۆ دروستکردنی بابەتێك لە رێگەی وشە و رەمزەوە کە دەیەوێت ئەو بابەتەی دروستی کردووە، بە شێوەی گوتراو، تێگەیشتن و کاریگەری لەناو پانتایی گشتیدا بە رێگەی زمان کاریگەری خۆی هەبێت، بەم مانایە گوتار خۆی شتێکە، بەڵام شتێکی دیکە دروست دەکات، دەکرێت بناخەی دروستکردنی ئەم گوتارە لە چوارچێوەیەکدا ئاشکرا بکرێت، ئەمەش بە وردبوونەوە لە شێوازی رەفتارکردن و بیرکردنەوەی ئەو لایەنەی ئەو گوتارەی بەرهەمهێناوە.

لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ گوتار، پەیوەست دەبێت بەوەی ئەم گوتارە وەڵامدەرەوەیە بۆ کام گوتاری بەرامبەر، یان راشکاوانەتر کاردانەوە و رەتکردنەوەی کام گوتارەیە کە گوتاری دروستکراو وەك هاودژی خۆی پێناسەی دەکات. لەم راستەوە ئەگەر خوێندنەوەیەکی مەعریفییانە بۆ ئەو گوتارە سیاسییەی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، کە بە شێوەیەکی رادیکالیانە دەیەوێت هەست و سۆزی بەرامبەر رابکێشێت، ئەوا ئێمە ناتوانین بەهیچ جۆرێك لە بەرکارهێنانی ئەو زمانە تێبگەین کە لەناو ئەو پانتاییە تایبەتدا بەکار دەهێندرێت و دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ وێناکردنی گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان. لەوانەیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوە بێت، ئایا مەبەست لە تێگەیشتن لە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو وشە و هێمایانەیە کە لەناو گوتارەکەدا بەکار هاتوون و بەشێوەی گوتراو ئێمە دەیبیستین و گوێمان لێیان دەبێت، یاخود تێگەیشتن لە گوتاری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵدانێکە بۆ هێنانەوە گۆی ئەو وشە چەپێنراوانەی کە وشە گوتراوەکان رێگەنادەن ئێمە گوێمان لێیان بێت؟ لەم راستەوە ئەگەر سەرنج لە گوتاربێژەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بدەین، بە ئاسانی هەست بەو دیاردەیە دەکەین، کە ئەوان بە شێوەیەکی ئیستفیزازی و دەنگی بەرز و حەماس ئامێز ئەو وشە دروستکراوانە دەڵێنەوە کە لە فابریکەی گوتاری سیاسیی گۆڕاندا بەکار هاتوون و بوونە ئەو گوتارەی کە ئامانجی ئەوەیە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، وشەکانی نێو گوتارەکەدا شێوازی ( گوتن و تێگەیشتن و کاریگەرییان) بەو شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا بهێنن، کە خودی گوتاربێژەکە مەبەستێتی.

دیارە پرۆسەی دروستکردنی گوتاری سیاسی

لەمجۆرە کە دەبێتە بەرهەمی رەفتار و بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژییانەی لایەنێکی دیاریکراو، ئامانجە شاراوەکەی لە بەرگێکی دیکەدا پیشانی خەڵك دەدات، ئەوا پێش ئەوەی ئەم گوتارە وەك بەرهەمی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دیاریکراو بخرێتە ناو بازاڕی سیاسەتەوە، دەبێت ئەو زۆنەی دەبێتە کارگە، یان کۆمپانیا بۆ بەرهەمهێنانی ئەم گوتارە، پەرژینێکی بەدەوردا دروست بکرێت و هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بخرێنە گەڕ، وشە و ئاماژەی ناو گوتارەکە لە ناو ژینگەیەکی رق و کینەی گوتاری بەرامبەری دژ بەرهەم بهێندرێنەوە، بۆیە لێرەوە گرنگە پرۆسەی هەڵکۆڵین دەست پێبکەین بۆ ئەوەی شوێنەواری ئەم گوتارە بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پێناسەکردنەوەی گوتار و بزانین ئەم گوتارەی بزووتنەوەی گۆڕان پەیوەندی بە کام گوتاری دیکەوە هەیە و ئەم گوتارە وەك کاردانەوەیەك بۆ دژایەتی کام گوتاری سیاسی دروست بووە.

١. کاتێك چینە ئەستوورە دروستکراوەکانی گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵدەکۆڵین، دەگەینە شوێنەواری بیرکردنەوەو رەفتاری کەسێك، ئەو کەسەش ناوی نەوشیروان مستەفایە و جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.

٢. کەواتە بیرکردنەوە و رەفتاری نەوشیروان مستەفا، پەیوەندی بە شێوازی کارکردن و بیرکردنەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هەیە لەو کاتەی کە گوتاری سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ رەفتار و بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا هاودژی، یان لێکترازان دروست دەکات.

٣. دروستبوونی ئەم هاودژییە لەنێوان گوتاری سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رەفتار و بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا، پەیوەندی بەشێوازی ساسیەت و جیهانبینی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هەبووە بۆ چۆنیەتی حوکمڕانی لە کوردستان و شێوازی پێکەوەگرێدانەوەی تواناکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و گەیشتن بە رێککەوتنی ستراتیژی بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە هەستیار و ناسکەی نەتەوە و نیشتمانەکەمان پێدا تێدەپەڕێت. بەڵام رەفتار و بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ چۆنیەتی جیهانبینی و سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەوجۆرە بووە کە یەکێتی نیشتمانی وەك حزبێکی سیاسیی لە بری ئەوەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ببنە هێزێکی کاریگەر و سەرەکی بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستوور و عێراقی نوێدا، ببێتە حزبێك بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بتوێنێتەوە.

٤. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم دوو گوتارە دژە لەناو سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، سەکردایەتی یەکێتی بڕیاری دا هەڵبژاردن لەنێو ئۆرگانەکانی ئەو حزبە بکرێت، نەوشیروان مستەفا لە سەرەتاوە پێشوازی لەم بڕیارە کرد، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو، ئەو گرووپەی بەو شێوەیە پەروەردەی کردوون، یەکێتی بکەنە حزبێك بۆ تواندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی دەبنەوە، ئەو کاتیش ئەو بەشێوەیەکی کردەیی دەبێتە کەسی یەکەم لەناو یەکێتی و ئەوەی بیری لێدەکاتەوە سەرلەنوێ یەکێتی نیشتمانی لەسەر دروست دەکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مام جەلال باوەڕی بەو فیکرە ئینقلابییە نەبوو، هەروەها زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانیش لەو راستییە تێگەیشتبوون، کە شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسیی نێوان پارتی و یەکێتی پێویستی بە هاوپەیمانی و پارێزگاریکردن لە رێککەوتنی ستراتیژی هەیە، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆییدا، ئەندامانی یەکێتی دەنگیان بە گرووپەکەی نەوشیروان مستەفا نەدا.

٥. دۆڕاندنی نەوشیروان و گرووپەکەی لەناو هەڵبژاردنە حزبییەکانی یەکێتیدا، راگەیاندنی کۆتایی ژیانی سیاسیی نەوشیروان مستەفا بوو، خۆیشی لە سەرەتادا هەر وای کرد و رایگەیاند، ژیانی سیاسی ئەو کۆتایی هات و، وەك هەر سیاسەتمەدارێکی هاوچەرخ دوای ئەوەی ژیانی سیاسی کۆتایی دێت، رووددەکاتە بوارێکی، دیکە کە ئەویش بواری توێژینەوە و دیراساتە بە شێوەیەکی هێمن وەك هاوکارییەکی حزبەکەی خۆی بە پلەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر بەم شێوەیەش لەگەڵ مام جەلال قسەی کردبوو، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش گردەکەی زەرگەتەی پێبەخشرا بۆ ئەوەی ئامۆژگایەکی دیراسات و توێژینەوە دابمەزرێنێت و خەریکی کاری خۆی بێت، بۆ سەرکەوتنیشی لەم کارەی مام جەلال ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرد.

٦. بەڵام نەوشیروان مستەفا لە بری دامەزراندنی ئامۆژگایەکی دیراسات و توێژینەوە، بڕیاریدا زۆنێك بۆ پەروەردەکردنی رق و کینە دژ بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست بکات، ئەم زۆنە سەرەتا ویستیان ناوی لێبنێن کومپانیای زەرگەتە، وەك ناوێك دوو مەدلوولی هەبێت، مەدلوولی یەکەمیان، گردەکە ناوی گردی -زەرگەتە-یە، مەدلوولی دووەمیان خودی وشەی زەرگەتەیە، کە بەمانای (زەردەواڵە)یە، واتە پێوەدان، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی میکیاژێك بۆ ئەم کۆمپانیایە دروست بکەن ناویان لێنا (کۆمپانیای وشە).

**بزووتنەوەی گۆڕان نەک هەر نەیتوانی «چوار ساڵ ئارامی» رابگرێت، بەڵکو وێڕای ئەو هەموو قەیرانانەی کە شەڕ و ئابووری و بودجەبڕان لەسەر کوردستان درووستیکرد، نائارامییەکی خولقاند کە داعش پیرۆزبایی لێ بکات! ئەگەر لۆژیکی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوایە، کوردستان نەک هەر سەقامگیری تێدا نەدەما، بەڵکو کوردستان و ئەزموونەکەی وەک دیارییەکی بەلاش پێشکەشی تیرۆریستانی داعش دەکرا**

**کارگە، یان کۆمپانیای وشە، لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، کاری بەرهەمهێنانی وشەی سووک و جنێودان بووە، لەمەش زیاتر ئەم بەرهەمەی قسەی سووک و جنێودانە، لە زۆنی کۆمپانیای وشەی پێشوو، یان بزووتنەوەی گۆڕانی ئێستادا، وەک ناوەندێکی مەشق و راهێنان، مەشق و راهێنانێکی زۆر چڕ بە هەڵسووڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە کراوە، بەوەی چۆن ئەم وشە سووک و جنێوانە بە وەستایی بەکار دەهێنن و چۆن داهێنان لە وشەی سووک و جنێودواندا دروست دەکەن**

**کۆمپانیای وشە بەبێ ئەوەی ڕێز لە خەبات و شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی بکرێت، هەموو خەبات و خوێنی شەهیدان و سەروەرییەکانی یەکێتی کردە کەرەستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی وشەی سووک و جنێو و پێناسەکردنەوەی یەکێتی بەوەی چ جیاوازییەک لە نێوان سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی و مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعس هەیە؟!**

٧. ئەگـــەر بگەڕێینـــەوە بۆ ئەرشـــیفەكانی پێش دروســـتبوونی كۆمپانیـــای وشـــە وەك زۆنێـــك بـــۆ پەروەردەكردنی رق و كینە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی كە نەوشیروان مستەفا ڕاشـــكاوانە ئەو ڕاستییەی گوتووە كە ئـــەو هەوڵدەدات كێشـــەكانی خـــوارەوەی یەكێتی بگوازێتەوە بۆ ناو ســـەكردایەتی، واتە بۆ ململانێی نێوان باڵەكەی خۆی و ئـــەو باڵەی كە نەدەچوونە ژێر بیروبۆچوونە ئینقلابییەكەی ئەوەوە، بۆیە شێوازی كاركردنی كۆمپانیای وشە، لەسەرەتاوە بووە كارگەیەكی دروستكردنی رق و كینە بەرامبەر مام جەلال و تەواوی ئەو ســـەركردایەتیەی كـــە نەچووبوونە ژێر كاریگەری رەفتار و بیركردنەوەی نەوشیروان مستەفاوە. بۆ ئەمەش كۆمپانیای وشە بەبێ ئەوەی ڕێز لە خەبات و شەهیدانی یەكێتی نیشـــتمانی بكرێت، هەمـــوو خەبات و خوێنی شەهیدان و ســـەروەرییەكانی یەكێتی كردە كەرەستەیەك بۆ بەرهەمهێنانی وشـــە ی

ســـووك و جنێو و پێناســـەكردنەوەی یەكێتی بەوەی چ جیاوازییەك لە نێوان ســـەركردایەتی ئێستای یەكێتی و مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعس هەیە؟!

٨. ئەم هەوڵەی نەوشـــیروان مستەفا بۆ لیكترازانی یەكێتی نیشتمانی و وێناكردنی سەركردایەتیەكەی وەك مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعس، هەمووی لە پێناوی ئـــەوە بوو، ئەو گیانی هاوخەباتی و پێكەوە كاركردنەی لە نێوان پارتی و یەكێتی لە بەر ڕۆشنایی بیركردنەوەی لۆژیكانەی سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی دروست ببوو، لەبەر یەك هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەگەر زەمەن بگێڕینەوە بـــۆ دواوە و ڕووداوەكان وەك خۆیان بدوێن، ئەوا گوێمان لەو پەیامە ژەهراوییانەی كۆمپانیای وشـــە دەبێت، كە زۆر بێباكانـــە رایدەگەیاند: «ڕێككەوتنی ســـتراتیژی لە نێوان پارتی و یەكێتی بۆتە هۆكاری دروســـتكردنی دیكتاتۆریەت لە كوردستان و سەپاندنی حوكمی



بنەماڵەیی لە نێوان دوو حزبدا». لە بەرامبەردا جەنابی مام جەلال چۆن وەسفی ڕێککەوتنی ستراتیژی دەکرد؟ مام جـەلال لە دیمانەیەکی لەگـەڵ گۆڤاری گوڵان راشـکاوانە گوتی: «من ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بە موقەدەس دەزانم»، ئەگەر سەیری ئـەم دوو بیرکردنەوەیە بکەین، کـە جەنابی مام جەلال دەڵێت: «ڕێککەوتنی سـتراتیژی موقەدەسە»، بەڵام نەوشیروان مسـتەفا دەڵێت: «ریککەوتنی ستراتیژی حەرامـە و دیکتاتۆریەتی دروسـتکردووە»، ئەو پرسـیارە درووست دەبێت کە ئایـا چۆن دەتوانین لە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گـۆڕان تێبگەین، ئەگەر نەزانین ئە م گوتـارە پێوەندی بـە کام گوتارەوە هەیە و لە دژی کام گوتار دروسـت بووە؟!

لەم چەند خاڵەوە ئەگەر راشـکاوانەتر هەڵوەسـتەی لەسەر بکەین، دەبینین لەو کاتەوە پێگەیشتوویی ئەقڵی سیاسـی لە کوردسـتان گەیشـتۆتە ئەو ئاستەی لە بری درێژەدان بە شـەڕی ناوخۆ و یەکتری کوشـتن و یەکتری ناشرینکردن، شێوازی پێکەوە کارکردن و پێکەوە خەباتکردن لـە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سـتراتیژی هەڵدەبژێرن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شـکۆی کوردسـتان و سـەرکردەکانی لە کوردسـتان و بەغدا وەك سەرکردەی نێودەوڵەتی ڕوو لە هەڵکشان دەبێت.

شەخسی سەرۆك



## گوتار مەعریفە بەرهەم دەهێنێت

گوتار نەک هەر تەنیا ئەو جیهانە دەخوڵقێنێت کە تێیدا دەژین، بەڵکو سەرجەم فۆرمەکانی مەعریفە و ڕاستی بەرهەم دەهێنێت، بەلای فۆکۆ–وە مەعریفە شتێک نییە سەربەخۆ لە زمان بوونی هەبێت. میشێل فۆکۆ لەوە زیاتر دەڕوات و دەڵێت: گوتار ڕاستی بەرهەم دەهێنێت، یاخود ئەوەی هەندێ کەس پێی دەڵێن «ڕاستی» کاریگەرییەکان. گوتارگەلێکی دیاریکراو لە سیاقگەلێکی دیاریکراودا هێزی ئەوەی هەیە قەناعەت بە خەڵک بکات کە ئەوەی وتراوە ڕاستییەکەیە، ناکرێت ئەم هێزەش هیچ پێوەندیەکی هەبێت بە ڕاستی و دروستی بابەتییانەی ئەوەی وتراوە. نەریتی کەڵەشاخ بە نەریتێکی پەسەندکراو دادەنرا، ئەمە سەرەڕای ئەو کاریگەرییە زیانبەخشانەی کە لە ڕۆژگاری ئێستادا بۆمان دەرکەوتووە. لەبەر ئەوەی لە گوتاری پزیشکی کۆندا، ڕۆچووبووە نێو تۆڕی گوتاری پزیشکی کۆنەوە، کە زۆر کەس وەک «ڕاستی» قبووڵیان دەکرد. بە هەمان شێوە، زۆرێک لە کردە پزیشکییەکانی ئەم سەردەمەش ڕەنگە لە سەردەمی کۆندا بە کردەیەکی شێتانە، یان دڵڕەقانە بهاتنایەتەبەرچاو، لەبەر ئەوەی لە ڕووی گوتارەوە پشتیوانی نەدەکران.

## گوتار ناسنامەی گوتاربێژە

گوتار نەک هەر تەنیا مەعریفە دەگوازێتەوە لەبارەی ئەو مانایەی کە زمان مەبەستێتی بیگەیەنێت، بەڵکو شتێک لەبارەی ئەو کەسەشەوە دەڵێت کە هەڵدەستێت بە دەربڕینی گوتارەکە. دەتوانرێت لە ڕێی شیکردنەوەی گوتارەکەی ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت، زۆر شت بزانین لەبارەی ڕەگەز و نەژاد و جێندەری و باری چینایەتی کەسەکەوە، تەنانەت بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لەبارەی پێوەندیی گریمانەکراوی ئەو کەسە بە کەسانی دەوروبەریەوە. بۆ نموونە، گوتاری پزیشکی دەسەڵات دەدات بە پزیشک کە قسە بکات، بەو پێیە دەیخاتە پێگەی دەسەڵاتەوە لە بەرامبەر نەخۆشەکانیدا. فۆکۆ بایەخێکی تایبەت دەدات بە تێڕوانین لە شێوەکانی گوتار کە هەموو کەس مافی ئەوەی نییە بەکاریێ بهێنێت، یان ئەوەی کە پێویستی بەوەیە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە پێگەیەکی دیارکراودا بێت.

**شەخسی سەرۆک بارزانی داوا دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆ و گوتاری میدیاییدا، لە هەموو هەواڵێکدا ناوی فەخامەتی مام جەلال پێش ناوی ئەو بخرێت و جەنابی مام جەلال زۆر بە ڕاشکاوییەوە رایدەگەیەنێت: «من وەک پشکی کورد سەرۆک کۆماری عێراقم و کاندیدی سەرۆک بارزانیم»، ئەم تێگەیشتنە بەرزەی ئەقڵی سیاسیی کوردستان، بە نەوشیروان مستەفا قبووڵ ناکرێت و لەسەر بنەمای رق و کینە لەسەر ئەم واقیعە تازەی کە هەموو کورد و کوردستانییەک لە هەر چوار پارچە و لە تاراوگە ئومێدی پێیەتی، بزووتنەوەی گۆڕانی دامەزراند**

بارزانی داوا دەكات لەسەر ئاستی ناوخۆ و گوتاری میدیاییدا، لە هەموو هەواڵێكدا ناوی فەخامەتی مام جەلال پێش ناوی ئەو بخرێت و جەنابی مام جەلال زۆر بە راشكاوییەوە رایدەگەیەنێت: «من وەك پشكی كورد سەرۆك كۆماری عێراقم و كاندیدی سەرۆك بارزانیم»، ئەم تێگەیشتنە بەرزەی ئەقڵی سیاسیی كوردستان، بە نەوشیروان مستەفا قبووڵ ناكرێت و لەسەر بنەمای رق و كینە لەسەر ئەم واقیعە تازەی كە هەموو كورد و كوردستانییەك لە هەر چوار پارچە و لە تاراوگە ئومێدی پێیەتی، بزووتنەوەی گۆڕانی دامەزراند، بەردەوامیش بە مەبەستی گەڕانەوەمان بۆ ساڵانی شەستەكانی سەدەی رابردوو، یان سەرەتای دەستپێكی لێكترازان و دووبەرەكی لەناو بزاڤی رزگاری كوردستاندا، هەوڵی گۆڕینی ئەم واقیعە تازەیەی داوە.

### ● وتووێژ لەگەڵ ئەو خاڵە رەشانەی کە گوتاری رووکەشیی بزووتنەوەی گۆڕان شاردوویەتەوە

كارگە، یان كۆمپانیای وشە، لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، كاری بەرهەمهێنانی وشەی سووك و جنێودان بووە، لەمەش زیاتر ئەم بەرهەمەی قسەی سووك و جنێودانە، لە زۆنی كۆمپانیای وشەی پێشوو، یان بزووتنەوەی گۆڕانی ئێستادا، وەك ناوەندێكی مەشق و راهێنان، مەشق و راهێنانێكی زۆر چڕ بە هەڵسووڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە كراوە، بەوەی چۆن ئەم وشە سووك و جنێوانە بە وەستایی بەكار دەهێنن و چۆن داهێنان لە وشەی سووك و جنێودانداندا دروست دەكەن، دوای ئەم مەشق و راهێنانە، قۆناخێكی دیكە دەست پێدەكات، كە ئەو هەڵسووڕاوانەی مەشق و راهێنانی تەواویان لەسەر بەكارهێنان و داهێنان لەم وشە و جنێوانە كردووە، چۆن خۆیان دەبنە پاڵنەر و هاندەر بۆ بەرهەمهێنانی رق و كینە، بۆ ئەوەی ئەم وشە و جنێوانە لای هەرزەكاران بكەنە كار و كردەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئاژاوە و توندوتیژی! لەمەش زیاتر چۆن بازنەی رق و كینە لە زۆنی گردەكەوە فراوان دەكرێت بۆ ناو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، كۆڕ و كۆبوونەوەی نووسەران و رۆشنبیران، لە ژێر ناوی ئازادی رادەربڕین، نەبوونی هیچ پیرۆزییەك، خۆیان گوتەنی «هیچ شتێك بەو

## گوتار جیهانێک دەخوڵقێنێت

گوتار جیهانێک دروستدەکات لە ڕێی دارشتنی تێڕوانینەکانمانەوە بۆ جیهان، بە گرێدانەوەی کۆمەڵە ڕایەڵێک کە تێگەیشتنێکی مانادار بەرهەم دەهێنێت. دواتر هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ڕێگەی ڕەفتارکردنمان لە ئاست شتەکانی جیهان و خەڵکانی دیکە. دەکرێت بوترێت گوتار جیهانی ڕۆژانەمان دەخوڵقێنێت. ئەگەرچی زانست فێرمان دەکات کە «جیهانی ڕاستەقینە» جیهانە ماددییەکەیە کە پێکهاتووە لە ئەتۆم و وزە، بەڵام لە ڕاستیدا، جیهان بۆ زۆرێک لە ئێمە بریتییە لە جیهانی ڕەنگ و هەست و سۆز و ئایدیاکان و ژیان. جیهانێکی واقیعییە کە زادەی هزری خۆمانە، بەڵام نەک هەر تەنیا زادەی هزری خۆمان، بەڵکو ئێمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم جیهانە دەخوڵقێنین، ئەویش لە ڕێی تەفاعولێکی ئاڵۆزی نێوان ئەزموون و پەروەردە و گۆشکردنەوە. گوتار، زنجیرەگەلێکی زمانە کە وەک بوونەوەری کۆمەڵایەتی پێکەوەگرێمان دەدەن، هەروەها لە پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی واقیعەکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت.

## گوتار و دەسەڵات

ئەمەش دەمانباتە سەر ڕێگەی چوارەم کە بە هۆیەوە گوتار کاری خۆی دەکات، ئەویش بە ڕۆچوونی قووڵی لە تۆڕی دەسەڵاتەوە کە ڕیشەی کۆمەڵایەتی هەیە، لەبەر ئەوەی گوتارگەلێکی دیاریکراو بوار بە کەسانێکی دیاریکراو دەدات بۆ ئەوەی «ڕاستی بڵێن»، یاخود بەلای کەمەوە باوەڕیان پێبکرێت، کاتێک دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو قسە دەکەن. هەروەها گوتار ئەندازەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و تەنانەت سیاسیش دەدات بەم کەسانە. بە شێوەیەکی گشتی باوەڕ بە پزیشکەکان دەکرێت، کاتێک باسی نەخۆشیی جەستەیی، یان دەروونی دەکەن، ئەمەش دەسەڵاتیان پێدەدات بۆ ئەوە ڕاسپاردەیە چارەسەر بکەن.

- سەرچاوە: فۆکۆ و گوتار
- نووسینی: کلایتۆن ویسنانت

ئاستە پیرۆز نییە بکەوێتە سەرووی ڕەخنەوە» یاریکردن بە چەمکی ئاسایشی نیشتمانی و بێ بایەخکردنی ئەم چەمکە، دەرهێنانی ئازادی ڕادەربڕین لە چوارچێوەی سنووردارکردنی یاسا و گۆڕینی چەمکی ئازادی، لە ئازادی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دامەزراوەییەوە بۆ ئازادییەکی ئەنارشیستی کە ئاژاوە و ئاشووب بەرهەم دەهێنێت، بێبایەخکردنی چەمکی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، بەتاڵکردنەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان وەك ئامانج و گۆڕینی ئەم ئامانجە گەورەیە بۆ دەوڵەتێکی ئاسایی وەك ئامراز، هەوڵدان بۆ یاریکردن بە چەمکەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سیستمی دیموکراتیدا و بانگەشەکردن بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی لە سیستمی شمولیدا، بانگەشەکردن بۆ دیموکراتی و هەوڵدان بۆ پەکخستنی دامەزاروەکانی سیستمە دیموکراتییەکە، یاریکردن بە دیاردەی گەندەڵی و ڕێگەگرتن لە پرۆسەی چاکسازی و بەهێزکردنی دامەزراوەکان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، دەرهێنانی میدیا وەك توخمی سەرەکی و بەشێك لە دەسەڵات لە سیستمی دیموکراتیدا، بۆ میدیایەك کە هەموو کاری ئەوە بێت سیستمە دیموکراتییەکە بڕووخێنێت، کۆبەرهەمی کارگە، یان کۆمپانیای وشە بوون. پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەموو ئەمانە چیمان پێدەڵێن و چیمان لێدەشارنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش لەم چەند خاڵەدا دەخرێنەڕوو:

- ئەوەی لە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕاندا وەك خاڵێکی ڕەش بەردەوام دەشاردرێتەوە، بریتییە لە پەروەردەکردنی رق و کینە، ئەم رق و کینەیە بەرامبەر لایەنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەرامبەر بە هەر لایەنێکە کە ئەو بزووتنەوەیە و شەخسی نەوشیروان مستەفا لە چوارچێوەی کاری فرەلایەنی و سیستمی دیموکراتیدا نەتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتییانە ململانێی بکات.
- خاڵێکی دیکەی رەش لەناو گوتاری گۆڕاندا، باوەر نەبوونیەتی بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، واتە باوەڕی بەوە نییە دیموکراتی بە شێوەی دامەزراوەیی و لە چوارچێوەی سیستمێکدا هەڵبسوورێت، بۆیە ئەم

ئەوەی لە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕاندا وەک خاڵێکی ڕەش بەردەوام دەشاردرێتەوە، بریتییە لە پەوەردەکردنی رق و کینە، ئەم رق و کینەیە بەرامبەر لایەنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەرامبەر بە هەر لایەنێکە کە ئەو بزووتنەوەیە و شەخسی نەوشیروان مستەفا لە چوارچێوەی کاری فرەلایەنی و سیستمی دیموکراتیدا نەتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتییانە ململانێی بکات

بزووتنەوەیە و تەواوی ئەو بزووتنەوانەی دیکەش کە وەك گۆڕان بیر دەکەنەوە، هەوڵدەدەن، سیستمی لیبراڵی و دیموکراتی لە یەکتری جیابکەنەوە، بێگومان لیبراڵیزم واتە کۆمەڵگەی سەروەریی یاسا، واتە ڕێکخستنی ئازادییەکان لە چوارچێوەی یاسادا، بۆیە کاتێك ئەم دوو چەمکە دیموکراتی و لیبراڵیزم لە یەکتری جیادەکاتەوە، ئەوا زمانی دیموکراتی لە زمانی مافەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی پابەندبوون و ملکەچبوون، بزووتنەوەی گۆڕان لەم خاڵەدا بە تەواوەتی لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکان بەهەموو ئاراستەکانی میانڕەو و توندڕەوەوە یەکدەگرێتەوە.

● بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی ئەوەندە لێهاتوو نەبوون، بتوانن ئامانجی خۆیان بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بشارنەوە، راشکاوانەتر ئەوان هەر زوو رایانگەیاند ئامانجی ئەوان ئەوەیە ڕێککەوتنی ستراتیژی کۆتایی پێبێت، لەوانەیە خاڵی گرنگ لە هەڵپەکردنی نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی دژی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی بێت، بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو تێگەیشتنەی لە نێوان مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بەگشتی و لە نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی بۆ زەروورەتی ڕێککەوتنی ستراتیژی دروست بوو، بەشێوەیەکی باش ڕۆنەچووبوو بۆ خوارەوە، واتە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی و پارتی بەگشتی، بەتایبەتیش بە هۆی گوشار و چەواشەکارییەکانی کۆمپانیای وشەوە، بۆ ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی، بۆیە توانی ئەم هەلومەرجە بقۆزێتەوە و بە باشی کاری لەسەر بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر ئەم پیلانەی نەوشیروان، ئەوجا لەبەر هەر هۆکار و گوشارێکی ڕێکخستنەکانی هەردوولا بوو بێت، بێباکانە و بێمنەتانە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری کرد، ئەمە گەیشتە ئەوەی بە ئاشکرا هەردوولا باس لەوە بکەن، ڕێککەوتنی ستراتیژی درزی تێکەوتووە، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ بە لیستی جیاواز چووە هەڵبژاردن و ئەمەش هێندەی دیکە نەوشیروان مستەفای غروور کرد بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ شتی دیکە هەڵبگرێت.

● بە دابەزینی یەکێتی بە لیستی جیاواز لە پارتی، هەروەها بانگەشەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداری لە دەسەڵات و «چوارساڵی ئارامی»، وایکرد یەکێتی و پارتی هەردوولایان گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە ئەمەش لەگەڵ گۆڕان تاقی بکرێتەوە، بەڵام وەك دەرکەوت، بزووتنەوەی گۆڕان نەك هەر نەیتوانی «چوار ساڵ ئارامی» رابگرێت، بەڵکو وێڕای ئەو هەموو قەیرانانەی کە شەڕ و ئابووری و بودجەبڕان لەسەر کوردستان دروستیکرد، نائارامییەکی خولقاند کە داعش پیرۆزبایی لێ بکات! ئەگەر لۆژیکی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوایە، کوردستان نەك هەر سەقامگیری تێدا نەدەما، بەڵکو کوردستان و ئەزموونەکەی وەك دیارییەکی بەلاش پێشکەشی تیرۆریستانی داعش دەکرا.

● سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان زۆر باسی یاسا و دیموکراتی دەکەن، بەڵام لە ژێر ئەم دروشمەدا ئامانجیان بێماناکردنی دیموکراتی و سەروەریی یاسایە لە کوردستان، ئامانجیان ئەوەیە یاساکان لە ئاستی ئاژاوەگێڕی و ئاشووبدا پەك بخەن، ئەوان دەیانەوێت یاسایەك سەروەر بێت کە ببێتە پاسەوانی ئاژاوەگێڕان و بوار بۆ ناسەقامگیری کوردستان دروست بکات، لەمەش زیاتر دەیانەوێت لەناو هەموو ماددەیەکدا لەناو هەموو پیرۆزییەکدا، فیزیك و میتافیزیك لێ جیابکەنەوە، ئەوان وا خۆیان پیشاندەدەن، هەموو شتێك تەنیا فیزیکییە، نازانن لایەنی میتافیزیکی هەر شتێك پیرۆزییەکی هەیە و بێبایەخکردنی ئەو پیرۆزییە وڵات بەرەو ئاژاوەگێڕی و کارەسات دەبات. ئەم بزووتنەوە سەیرە زۆر بێ شەرمانە دەڵێت: «ئینجا هەڵکوتانە سەر بارەگا و سووتاندنی بارەگا چییە، دوایی چاك دەکرێتەوە»، بەڵام پرسیار لە خۆیان ناکەن هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبی هاوپەیمان و سووتاندنی چ مەدلوولێکی میتافیزیکی هەیە، چۆن متمانە لە ریشەوە هەڵدەکێشت و ژینگەی فرەلایەنی و پیکەوەکارکردن بەسەر یەکدا دەرووخێنێت؟ ئەم بزووتنەوە سەیرە، نە بڕوای بە متمانەی نێوان تاك و کۆمەڵگە هەیە، نە بڕوای بە متمانەی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات (پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) هەیە.

**● کێشەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆسەی دانوستاندن و کۆبوونەوەی لوتکە گەورەترە**

کێشەی سەرەکی و وەهمی گەورەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە، هەتا ئێستاش پێیوایە ئەو بەرهەمەی کە کۆمپانیای وشە لە بەرهەمهێنانی وشەی سووك و جنێودان بەرهەمی هێناوە، کەرەستەیەکی باشن بۆ سیاسەتکردن لە کوردستاندا، بۆیە ئەگەر بڕیار ئەوە بێت، لەسەر ئەم کەرەستە ناشرینانەی بزووتنەوەی گۆڕان سیاسەتی پێدەکات، بێنە ناو پرۆسەی دانوستاندنەوە، ئەوا پرۆسەی وتوویژ، یان دانوستاندن، لەسەر مێزێك دەکرێت کە هیچ متمانەیەك بوونی نابێت، لەمەش زیاتر ئەگەر متمانەیەکیش لە نێوان دوو لایەندا دروست ببێت، ئەوا ئەو کەرەستە ناشیرینانە ئەو متمانەیە دەپووکێنێتەوە،

**دۆڕاندنی نەوشیروان و گرووپەکەی لەناو هەڵبژاردنە حزبییەکانی یەکێتیدا، ڕاگەیاندنی کۆتایی ژیانی سیاسیی نەوشیروان مستەفا بوو، خۆیشی لە سەرەتادا هەر وای کرد و ڕایگەیاند، ژیانی سیاسی ئەو کۆتایی هات و، وەک هەر سیاسەتمەدارێکی هاوچەرخ دوای ئەوەی ژیانی سیاسی کۆتایی دێت، ڕوودەکاتە بوارێکی، دیکە کە ئەویش بواری توێژینەوە و دیراساتە بە شێوەیەکی هێمن وەک هاوکارییەکی حزبەکەی خۆی بە پلەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر بەم شێوەیەش لەگەڵ مام جەلال قسەی کردبوو، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش گردەکەی زەرگەتەی پێبەخشرا بۆ ئەوەی ئامۆژگایەکی دیراسات و توێژینەوە دابمەزرێنێت و خەریکی کاری خۆی بێت، بۆ سەرکەوتنیشی لەم کارەی مام جەلال ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرد**

**لەبەر ئەوەی مام جەلال باوەڕی بەو فیکرە ئینقلابییە نەبوو، هەروەها زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانیش لەو ڕاستییە تێگەیشتبوون، کە شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسیی نێوان پارتی و یەکێتی پێویستی بە هاوپەیمانی و پارێزگاریکردن لە ڕێککەوتنی ستراتیژی هەیە، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆییدا، ئەندامانی یەکێتی دەنگیان بە گرووپەکەی نەوشیروان مستەفا نەدا**



ئەوجا لەمەش سەیرتر ئەو وشە سووك و جنێوانەی ئەم كۆمپانیایە بەرهەمی هێناوە، بە بێ سانسۆڕ و لەبەر ڕۆشنایی مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕاستەوخۆ تێكەڵی ژینگەی كۆمەڵایەتی كوردستان كراوە، بۆیە ئێستا ئەگەر بمانەوێت، هەنگاوێك بۆ ئاشتی كۆمەڵایەتی هەڵبگرین، ئەوا لەبەر ئەوەی لە نێو تاكەكانی ئەم كۆمەڵگەیە متمانە درزی تێكەوتووە، ئەوا زەمینەی لێكتێگەیشتن و پێكگەیشتن زۆر قورس بووە، ئەم بەرهەمەی كۆمپانیای وشە كە قسەی سووك و جنێوە، بۆتە فاكتەری ئەوەی هەر هەنگاوێك هەڵبگرێت، وەك ئەوە وایە بەناو كێڵگەیەكی مینرێژكراودا هەنگاو هەڵبگریت، ئەم كێڵگە مینرێژ كراوەی گۆڕان بە قسەی سووك و جنێودان، بۆتە فاكتەری گوشار لەسەر هەموو حزبەكانی سنووری سلێمانی و دەوروبەری كە نەتوانن بە ئاسانی ئەو ژینگەیە بگۆڕن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، ئەو كێشانەی كە بزووتنەوەی گۆڕان لەناو ژینگەی كۆمەڵایەتی كوردستاندا دروستی كردوون، پەیوەستن بە تێكدانی ئاشتی كۆمەڵایەتییەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی كادر و هەڵسووڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە مەشق و ڕاهێنانی زۆر باشیان لەسەر بەكارهێنانی قسەی سووك و جنێودان پێكراوە، بەئاسانی دەتوانن ئەم قسە سووك و جنێوانە بگۆڕن بۆ سیاسەتیكی سەرنجڕاكێش و خەڵكی پێ بجووڵێنن.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەر حزبە سیاسییەكان بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەتایبەتی، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو مەترسییەی قسەی سووك و جنێوە بەرهەمهاتووەكانی گۆڕان لەسەر كۆمەڵگە دروستی كردووە، ڕاستەوخۆ بچێتە ناو كۆبوونەوە و وتووێژ بۆ چارەسەكردنی ئەم قەیرانە، ئەوا ئەم قەیرانە دەبێتە ئاگربەستێكی كاتی و دەبێت كوردستان خۆی بۆ قەیرانێكی گەورەتر ئامادەبكات، بۆیە لە ئێستاوە گرنگە هەموو حزبە سیاسییەكانی كوردستان بگەنە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری ڕاستەقینە لە كوردستان بێتەوە ئاراوە، دەبێت فاكتەری سەرەكی ئەم قەیرانە ڕیشەكێش بكەن، كە ئەویش ئەو ژینگەیەیە كە بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای ڕق و كینە بۆ بەرهەمهێنانی قسەی سووك و جنێو دروستی كردووە، هەتا ئەم زۆنە گۆڕانكاری بەسەردا نەیەت و كارگەی دروستكردنی قسەی سووك و جنێو دانەخرێت و ژینگەی ڕق و كینە كۆتایی نەیەت، ئەوا بەهیچ شێوەیەك كوردستان ئاشتی و سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت و كێشەكانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبن.

**ئەگەر سەرنج لە گوتاربێژەكانی بزووتنەوەی گۆڕان بدەین، بە ئاسانی هەست بەو دیاردەیە دەكەین، كە ئەوان بە شێوەیەكی ئیستفیزازی و دەنگی بەرز و حەماس ئامێز ئەو وشە دروستكراوانە دەڵێنەوە كە لە فابریكەی گوتاری سیاسیی گۆڕاندا بەكار هات**



**فەریق جەمال**

**سوپاسالاری کوردستان بۆ گوڵان:**

# پێشمەرگە توانا و ئیرادەی رزگارکردنی هەموو شوێنێکی هەیە و چاوەڕێی کاتژمێری سفرە

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو قۆڵەکانی بەرەی شەڕەوە لە ئامادەباشی تەواودان بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و پاراستنی بست بە بستی خاکی کوردستان. لە ئێستا خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان موژدەی سەرکەوتنێکی گەورە بە خەڵکی کوردستان رابگەیەنێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئیرادە و ورەی پۆڵایینی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی چیای شنگال و زممار و ئەو ناوچانە، گوڵان سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد و دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ فەریق جەمال محەمەد سوپاسالاری کوردستان سازکرد کە باس لە نەبەردییەکانی پێشمەرگە و ئامادەباشی پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی تەواوی ئەو ناوچانە دەکات، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**



*** لەم رۆژانەی دواییدا سـەرۆك ئەركانی سوپای ئەمەریكا سەردانی كوردستانی كرد و لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆبۆوە، ئێوە وەك سەرۆك ئەركانی لەشـكری كوردسـتان چۆن لەو سـەردانە دەڕوانن و ئامانجەكانی چی بوون؟**

- سەرۆك ئەركانی سـوپای ئەمەریكا كە تازە ئەو پۆسـتەی وەرگرتووە، ویستی بەم سـەردانیكردنەی كوردسـتان لە نزیكەوە ڕەوشـی ناوچەكـە و دۆخی پێشـمەرگە ببینێت، هەر لەو دانیشـتنەدا سوپاسـی سـەرۆكی كوردسـتان و هێزی پێشـمەرگەی كردو سەرەخۆشی خۆی بۆ شەهیدەكانمان دەربڕی، ستایش و سوپاسی پێشمەرگە كرد كە هێزی یەكەمن لە جیهاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش كە داعشیان تێكشكاندووە. هەروەها پەیامێك بوو بۆ بۆ پاڵپشـتی و پشتیوانی ئەوان و بۆ ئەوەی پێمان بڵێن كە داواكارییەكانمان دەگەیەننە پنتاگۆن و كۆنگرێسی ئەمەریكا، بۆ ئەوەی بزانن كە ئێمە خاوەنی هاوپەیمانێكی بەهێزین لە ناوچەكەدا، كە بریتییە لە هێزی پێشـمەرگە. هەروەها ویستی بزانێت پێداویستییەكانمان چین بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەیدا باسی بكات، كە ئێمە دواتر لە ڕێی ئەو تیمە ئەمەریكییانەی

# پێویستە سەربەخۆبوونی کوردستان ببێتە داواکاری هاووڵاتیان

● جەستین کینگ*

کاتی ئەوە هاتووە هاووڵاتیانی ڕۆژئاوا داوا لە حکومەتەکانیان بکەن کە ئیعتیراف بە کوردستانی سەربەخۆ بکەن. کاتێک هێزە ڕۆژئاواییەکان ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-یان بەکارهێنا بۆ دارشتن و داتاشینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شوێنێک لە وێنەکەدا بە کورد ڕەوا نەبینرا. خاک و زێدیان دابەش کرا و خەڵکەکەشیان بەسەر پێنج وڵاتدا دابەش کرا. لەبەر ئەوەی کوردەکان خاوەنی وڵاتی خۆیان نەبوون، ئەوا بوونە قوربانی دەستی هەڵمەتەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی. ئەوان لە سەرجەم وڵاتەکاندا کەمینەیەکی ئیتنین و لە تێکڕای ئەم وڵاتانەشدا- یەکێکیان نەبێت - ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە.

حاڵی حازر کوردی عێراق خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییەکی کارایە، قەڵەمڕەوی ئەو خۆبەڕێوەبەرییەش بەشێکی بەرفراوانی باکووری عێراقی گرتۆتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کورد پشتبەخۆبەستووە و قاڵبووی ساڵانی سەرکوتکاری سەردەمی سەددام حوسێن-ە. حکومەتی بەغدا گاڵتەجاڕییە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر توانیویەتی لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت و تەنانەت بەرەنگاری هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامیش ببێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە داوای ئەوە بکرێت دەرفەتی مومارەسەرکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بە کورد بدرێت.

لە ئێستادا کوردستانی عێراق وەک هەرێمێک کە لە لایەن کوردەوە حوکمڕانی دەکرێت و باشترین نیشتمانە

لێرەن -و لە ناو ژووری عەمەلیات لێرە کار دەکەن- بۆیان دەنێرین.

*** هەر ئەمڕۆ کە ئێمە هاتین بۆ ئێرە، ئێوە سەرقاڵی کۆبوونەوەیەک بوون، دەکرێت بزانین ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیە چی بوو؟**

- ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ هێزەکانی شنگالدا ئەنجام درا، ئەو هێزانەی حاڵی حازر لە بنکەی مەشق و ڕاهێنان فیشخابوورن و سەرقاڵی سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەیانین، ئەم هێزەش پێکهاتووە لەو پێشمەرگانەی کە لە چیای شنگال بوون و لە سەرەتادا بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش ببوون، کە دواتر کۆکرانەوە و چەند فەوجێکیان لێ پێکهێنرا بە ئامانجی دروستکردنی هێزێکی ڕێکخراو. هەر فەوجێکیش لە ٤٠٠ کەس پێکدێت و تا ئێستاش ١٢ بۆ ١٣ فەوج بە تەواوی ئامادە بوون. ئەمە ئامانج و تەوەری کۆبوونەوەکەی ئێمە بوو لەگەڵ فەرماندەیی شنگالدا، واتە بۆ ئەوەی هەڵبستین بە دابەشکردنی ئەرك و فەرمانەکان بەسەر ئەو فەوجانەی تەواو بوون بۆ ئەوەی ئامادەکاری خۆیان بکەن و چەك و کەل و پەلی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

*** پێشتر هێزەکانی داعش توانییان دەست بەسەر ئەم ناوچانەدا بگرن، بەڵام دواتر توانرا بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی سەرجەم ئەم ناوچانە، وەك چیای شنگال و ڕەبیعە و زوممار، لە ژێردەستی داعش رزگار بکرێن و لێیان بسەندرێتەوە و ئەو ناوچانەیان لێ پاك بکرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگی و بایەخی ئەم ناوچانە چین؟**

- لە ٢ی مانگی ئابدا داعش هێرشی کردە سەر ئەم ناوچانە و لە ٣ی مانگدا دەستی بە سەر بەنداوی موسڵ و زوممار و شنگالدا گرت تاوەکو نزیکی سحێلا- مەفرەقی سحێلا-. دواتر ئێمە بە بڕیاری جەنابی سەرۆك دەستمان کرد بە دارشتنی بەرنامەیەك کە خودی سەرۆك هاتە ئەم ناوچەیە و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوە و بەرنامە و پرۆسەکانیشی دەکرد. لە ئەنجامدا توانیمان بە چوار قۆناخ سەرجەم ئەو ناوچانە ڕزگار بکەینەوە، تا گەیشتینە شنگال و ئەسکی موسڵ، بەنداوی موسڵ و چیای بادۆش و ناوچەی قەسریج تا دەگاتە حەردان تا گەیشتینە ڕەبیعە و چیای شنگال. لە ڕۆژی ١٩ و٢٠ی مانگی کانوونی یەکەم گەیشتینە سەر چیای شنگال. ئێستاش سەرجەم ئەم ناوچانە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدان.

*** باستان لەوە کرد سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوە و پلاندانان و پرۆسەکانی**

**جەنابی سەرۆک و حکومەت و پەرلەمانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە و پشت بە خوا پشت بەخوا باری گوزەرانی پێشمەرگە زۆر باش دەبێت، لە پێکهاتەی تازەشدا پشتیوانییەکی باش بۆ پێشمەرگە دەبێت**

بۆ سەرجەم کوردی جیهان. خاوەنی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، واتە دەتوانێت ئاسایشی ئابووری خۆی دەستەبەر بکات، خاوەنی پیشەسازییەکی گەورەی کشتوکاڵە کە بەشی ئەوە دەکات ئاسایشی خۆراکی خۆی دابین بکات، خاوەنی ئاوی شیرینە لە جیهانێکدا کە خاوەنی ئەندازەیەکی سنووردارە لە ئاوی خواردنەوە. حکومەتی (هەرێمیش) حکومەتێکی لیبراڵە بە بەراورد بە هەر نەتەوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەرچی چەند کێشەیەکی کەلتووری هەیە لەم هەرێمەدا کە جێی سڵکردنەوەی ڕۆژئاوایە، بەڵام حکومەتی هەرێم یاسای دژ بە توندوتیژی خێزانی دەرکردووە. لە ناوچەیەکەدا کە وەک کاڵا و کەل و پەل لە ئافرەت دەڕواندرێت، سەروەریی یاسا ئافرەتی کورد دەپارێزێت. هێشتا کاری دیکە ماوە بکرێت، بەڵام کورد بە ئاڕاستەی ڕاست و دروستدا هەنگاو هەڵدەگرێت. بەو بارە ئاسایش و ئارامەی لە ناوچەکانی ژێر حوکمڕانیی هەولێردا هەیە، جێی سەرسوڕمانە، تەنانەت لە سەروەختی داگیرکاری ئەمەریکاشدا، یەک سەربازی ئەمەریکی، یان هاوپەیمانان نەکوژران، یان نەڕفێنران لەم هەرێمەدا. کورد نەتەوەیەکی دانپێدانەنراوە. حکومەتی هەرێم بە ئەندازەیەک پێشکەوتووە کە دەتوانێت لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ببێتە حکومەتێکی نیشتمانی و کارا.

● سەرچاوە: کەیسی کوردستانی سەربەخۆ

**ڕزگارکردنیشی دەکرد، دەکرێت لەم ڕووەوە باس لە چەند نموونەیەك لەسەر وردبینی و لێهاتوویی سەرۆك بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە تێکڕای پرۆسەکان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی پلان و بەرنامەی بۆ دادەڕێژرا و خۆی ڕێنمایی فەرماندە مەیدانییەکانی دەکرد، کاتێك پلان بۆ ڕزگارکردنی هەر ناوچەیەك دادەنرا، ئیدی بۆ زوومار بێت یان بۆ ڕەبیعە یان بۆ چیای شنگال. لێرەدا من دوو نموونە دەخەمەڕوو، یەکەمیان لە پرۆسەی ڕزگارکردنی ڕەبیعە، سەرۆك بارزانی پلانی ئەوەی دارشت کە دەبێت سەرەتا ڕێگای عوێنات و ڕەبیعە بگیرێت، پێش ئەوەی خودی ڕەبیعە بگیرێت، لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پلانەشدا توانرا بە ئاسانی ڕەبیعە ڕزگار بکرێت. نموونەیەکی دیکە ئەوەیە کە کاتێك ئێمە ویستمان بچین بۆ شنگال ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نەبوو، ناچار دەبووین بە هێڵی ڕەبیعە و میشیلفە و بۆ سنونێ و لەوێ بچین دەروازەیەك بۆ شنگال بکەینەوە، بەڵام جەنابیان پێی ڕاگەیاندین کە نەخێر با لێرەوە ئێمە پشتی دوژمن بگرین، واتە لە ناوچەی قەسریج بۆ مەفرەقی عەیادێ بۆ حەردان، کاتێك پلانەکە جێبەجێکرا سەرکەوتنێکی گەورەی لێ بەرهەم هات، دوژمن هەمووی تێکشکا و تەنانەت نەیانتوانی دەربازیان بێت و ناچار بوون بەرەو سووریا هەڵاتن. ئەمە دوو نموونەیە لەبارەی ئەوەی جەنابی سەرۆك چەند وردەکارییەکان لەبەرچاو دەگرێت و چۆن ڕۆدەچێتە ناو وردەکارییەکانی هەر پرۆسەیەکەوە، لەوەش زیاتر هەر خۆی سات بە سات سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پلانەکانی دەکرد و بەدواداچوونی بۆ ڕەوشی بەرەپێشچوون و پەرەسەندنەکانی پرۆسەکان دەکرد.

*** ئایا شەڕەکانی ئێرە نەبوونە مایەی وەرچەرخانێك لە شەڕی دژ بە داعشدا، چونکە پێشتر وا وێنا دەکرا کە هێزی داعش شکستی بەسەردا نایەت و لە شکان نایەت، بەڵام ئەم ئەفسانەیە لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە بەتاڵ کرایەوە؟**

- بێگومان پرۆسەی ڕزگاکردنەوەی بەنداوی موسڵ- کە گرنگی و بایەخێکی ستراتیژی هەیە، هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی سەربازیشەوە- سەرەتای تێکشکاندنی داعش بوو، کە دواتر قۆناخی دیکەشی بەدوا داهات، وەك ڕزگاکردنی ڕەبیعە و دواتر زومار و لە قۆناخی چوارەمیشدا -هەروەك ئاماژەم پێکرد- چووین بۆ چیای شنگال. لە ئێستاشدا پێشمەرگە بە پەرۆشی

**زۆربەی ئەو کەسانە باسی شنگال دەکەن، هەر نەیانبینیوە، لە واقیعی شنگال هیچ نازانن و شارەزاییان لە سروشتی ناوچەکە نییە، زۆر شتێکی سەیرە سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لە سلێمانییەوە قسەدەکات**

# تەنیا بە هاوکاری سەربازی، ڕۆژئاوا ناتوانێت قەرزی کورد بداتەوە

● ماکس بلوەر *

**لە دوای ساڵی ٢٠١١ـەوە ئەو ڕاستییە ڕوون بۆوە کە دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی عێراقی هاوچەرخ بەسەر پێکهاتە ئیتنییەکانیدا، بۆتە ئەگەرێکی دیار و بەرچاو. سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی و دەستکەوتە دراماتیکییەکانی هێندەی دیکە ئەم ئەگەری دابەشبوونەی بەهێزتر کردووە. ئەگەرچی زۆر کەس لە جیهانی ڕۆژئاوا نیگەرانن لەبارەی داڕووخانی سنوورە دەستکردە سەپێندراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ، بەڵام واقیعی مێژوویی ئەوە بووە کە هەمیشە عێراق وڵاتێکی لێکترازاو و لەبەریەک هەڵوەشاوە بووە. لە ڕووی مێژووییەوە، پێکهاتە ئیتنییەکانی –ئەم وڵاتە– پەیوەست بوونێکی پتریان بە –ناسنامە– خێڵەکی و ئیتنییەکانی خۆیانەوە هەبووە، نەک بە دەوڵەتەوە. بەتایبەتی پێکهاتەی سوننە و کورد کە قوربانی دەستی –سیاسەتە– تایفەگەرییە شیعەگەرییەکەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو، نوری ئەلمالیکی بوون. شیکەرەوەکانی چەشنی ژەنەڕاڵ جەی گارنەر ڕاستیان پێکاوە کاتێک مشت و مڕی ئەوە دەکەن کە چیتر دەوڵەتی عێراق لە ئارادا نییە و بوونی نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە حکومەتەکانی ڕۆژئاوا لەوە زیاتر بڕۆن و هەنگاوی زیاتر هەڵبگرن بۆ پشتیوانیکردن لە دامەزراندنی کوردستانی خاوەن سەروەری. کە لە ڕاستیدا، دەبوو سەدەیەک پێش ئێستا کارێکی لەم چەشنەیان بکردایە، ئەو کاتەی کە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاریس و لەندەن دەکێشران.**

**دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە هۆکاری ئەوەی کوردەکان خۆیان لە دۆخێکدا ببیننەوە کە لە سەنگەری پێشەوەی خوێناویترین گۆڕەپانی شەڕ– لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا– بن. ناڕازیبوون و پەراوێزخستنی سوننەکان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا تەقییەوە و لە ڕێی گرووپێکەوە**

**هێزی لەشکری رۆژ لە گەنجانی رۆژئاوای کوردستان پێکهاتووە و بوونەتە پێشمەرگە و سرییەکی ئافرەتانیشیان لەگەڵدایە، دوای مەشقکردن و ئامادەکردنیان ئێستاکە داوا دەکەن بچنەوە بۆ کوردستانی رۆژئاواو لەوێ بەرگری لە نەتەوەو خاکی خۆیان بکەن کەچی پەیەدە رێگەیان پێ نادات و دەیەوێت بە دیکتاتۆری هەر خۆیان حوکمڕانی بکەن**

و ورەبەرزی و خۆڕاگرییەوە ئامادەی بەشداریکردنی هەر پرۆسەیەکن، لە ئێستادا پلانەکان مەحکەمتر و سەنگەرەکان تۆکمەترن و لەوانەش گرنگتر ئێستا پێشمەرگە فێری تاکتیکی شەڕی داعش بووە.

*** ئەی هۆکاری ئەوە چییە تا ئێستا سەنتەری شنگال ڕزگار نەکراوە، ئایا ئەمە بۆ نەبوونی پلانێکی سەربازی دەگەڕێتەوە؟**

- لە پێوەندی بە ڕزگاکردنی شنگال و لەسەر ئەم پرسە زۆر موزایەدە بە سەر هێزی پێشمەرگەوە دەکرێت، بەڵام ئەو جێگەیانەی ئێستا ئێمەی لێین، پلانی ڕزگارکردنیان هێشتا تەواو نەکرابوو، بەرنامەی ئێمە ئەوە بوو بچینە چیای شنگال و هێزەکان ڕێکخەینەوە و سەنگەرەکان تۆکمە بکەین و ناوچەکانیش باش کۆنترۆڵ بکەین. لەلایەکی دیکەوە دەبێت بزانین تاوەکو موسڵ نەگیرێتەوە، ئەوا شنگال و تەلەعفەر هیچ بایەخێکی سەربازییان نابێت، چونکە سەرەتا دەبێت بەرەو موسڵ پێشڕەوی بکەین، دواتر بۆ ئەو ناوچانەی دەوروبەر. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێمە فەرمانمان پێکرا و پێشڕەویمان کرد و سەرەتا شنگالمان گرتەوە، ڕاستە ئێمە شەهیدمان هەبووە، بەڵام زیاتر لە ١٠٠٠ داعشیش کوژراون لە شنگال، هەروەها ئێمە داعشمان تووشی شەڕێك کردووە لە شنگال کە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە نەك ئەوان، ئێمە سەرجەم بەرزاییەکانمان بەدەستەوەیە و یەك ڕێگەی قیرتاو هەبوو ئەویشمان بڕیوە و خۆ ئەگەر داعشیش نەتوانێت ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بگەیەنەتە جێی مەبەست سەرکەوتوو نابێت، لە بری ئەوە دێت و لێرە و لەوێ هێرشێکی پیادە دەکات و ئەو هێرشانەش شکست دەهێنن و سەرناگرن لەگەڵ پێشمەرگەدا، نەك لەم میحوەرە، بەڵکو لەسەرجەم میحوەرەکان.

*** تاچەند ئامادەن بۆ ئەوەی پێشڕەوی بکەن، بەتایبەتی کە ئێستا خەڵك چاوەڕێیە پێشمەرگە پێشڕەوی بکات و موژدەی خۆش رابگەیەنن؟**

- ئێستا ئێمە بمانەوێت هەر جێیەك دەگرین، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانین پارێزگاری لێبکەین. ئەمڕۆ پلانی سەربازی بۆ ئازادکردن و گرتنەوەی هەموو جێگەیەکی ژێر دەسەڵاتی داعش هەیە، بەڵام

گوزارشـــتیان لە خۆیان کرد کە پێداگیرە لە ســـەر دامەزراندنی خەلافەتێک کە ئەو تێڕوانین و تەفسیرە سەرســـەختە ئیسلامییەی بەسەردا زاڵ بێت کە لە ســـەدەی حەوت باڵادەست بوو. کورد خۆی لە هەل و مەرجێکدا بینیوەتەوە ببێتە هێزی سەرەکی بۆ بەرگرتن بە پێشڕەوی ئەو جیهادییانەی کە لە سەروەختی ســـەرهەڵدانیاندا وا دەردەکەوت قابیلی ئەوە نەبن، بەریان پێبگیرێت، ئەویش شـــان بە شـــانی گورزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا و چەکی ڕۆژئاوا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژئاوا ناتوانێت تەنها بە هاوکاری سەربازی قەرزی کورد بداتەوە. ڕێککەوتنی ســـایکس-پیکۆ کوردی لە دەرەوەی وێنەکە جێهێشـــت و کردنیە میوان لەسەر خاک و زێدی خۆیان لە سووریا و عێراق و تورکیا. نەریتی دەوڵەتی یەکڕەنگ نەریتێکی بەهێزە لە دیپلۆماســـییەتی ڕۆژئاوا، پێشـــێلنەکردنی ئەم نەریتەش بوو کە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی خۆیان پێ ڕەوا نەبیندرێت لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ســـایکس-پیکۆدا. ئێستا دەرفەتێکی زۆر باش ڕەخساوە بۆ ڕاســـتکردنەوەی ئەم ناهەقییە مێژوویە، ئەویش لە ســـەروەختێکدا کە چەند ساڵێکە کورد پێگەیەکی بەرزی لە ئەجێندای نێودەوڵەتیدا بەدەست هێناوە، هەروەها ئەو لایەنە سەرەکییانەی بەرهەڵستی ئەم ئامانجەی کورد دەکەن، خۆیان لە دۆخێکدا بینیوەتەوە کە، یان لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە گۆشـــەگیرن (ســـووریا) یان لەوە ئیفلیجترن کە بتوانن بەرهەڵســـتییەکی جددی بکەن (عێراق)، یاخود پێوەندییەکی ساردیان هەیە لەگەڵ رۆژئاوا (تورکیا). کەواتە ئەگەر کورد بڕیاری دا کە تین و تاوێکی جددی دیپلۆماسی و تەنانەت سەربازیش بدات بە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، ئەوا ڕۆژئاوا – هەم لە ڕووی عەمەلییەوە و هەم لە ڕووی نەریتەکانی خۆیەوە- قەرزاری ئەوەیە پاڵپشتی لێبکات.

● *دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ئایندەدا حەتمییە، پێویستە ڕۆژئاوا پاڵپشتی لێبکات.

ئەمـــە نهێنی ســـەربازییەوە و ئاشـــکرای ناکەین، بۆ نموونە قەرەقوش و بەعشـــیقە و بەرتلـــە و تلکێف لە تەنیشـــت موسڵە و خاکی کوردســـتانن و پێشتر هێزی پێشمەرگەی لێبووە و خاکی کوردستانە و ئێمە پابەندین بە ئازادکردنەوەی. بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە ناکرێت ئێمە جووڵە بکەین و موســـڵ هێشـــتا لە ژێر دەستی داعشدا بێت و عێراقیش هیچ جموجوڵێك نەکات- بەرەو موسڵ-. هێزی پێشـــمەرگە شاری موسڵی لە باکوور و ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئاواوە گەمارۆداوە، کەچی هێزی ســـەربازی عێراق توانای پێشـــڕەوی نییـــە بەرەو ئەو شـــارە، وەکو فەرماندەیەکی سەربازی پێمباشە سوپای عێراق دەســـت بەجووڵە بکات، ئەو کات ئێمەش دەست بە ڕزگارکردنی ئـــەو ناوچانە دەکەین. ئەم ناوچانەش بۆ داعش ناوچەی ســـتراتیژین، هـــەروەك ئەوەی بۆ ئێمەش گرنگییەکی ســـتراتیژییان هەیە، یەکەم ناوچە لە عێراقدا گیرا موســـڵ بوو، ئێســـتاش داعشەکان بە پایتەختی خۆیانی دەزانن و خاڵی بەســـتنەوەی موسڵ بە ڕەقە و بە تەلەعفەر و شنگالدا بەرەو ڕەقە تێدەپەڕێت و ئەوەش هێڵی ســـەرەکییە بۆ ئەوان بۆ گواســـتنەوەی هاوکاری و هێز و کەل و پەل و دەستەبەرکردنی هاوکاری لۆجیســـتی و هێزی پێشمەرگەش بەرامبەر ئەوانە، خۆ ئەگەر هاتـــوو توانرا ئەم هێڵەیان لـــێ بپچڕێندرێت، ئەوا دەکەونە ڕەوشـــێکی زۆر خراپەوە لە موســـڵ و لە تەلەعفەر، هەروەها شـــارەکانی دیکەش. بەڵام پشـــت بەخـــوا بەم نزیکانە ڕۆژی ڕزگارکرنیان دیاری دەکرێت و کاتژمێری سفریش لە لایەن سەرۆك مسعود بارزانی فەرماندەی گشتی لەشکری کوردستان رادەگەیەندرێت و هەر خۆیشی سەرپەرشـــتی و بەدواداچوونی لەسەر دەکات.

*** باسی پرســـی دروســـتکردنی هێزی تایبەت بە نەتـــەوەو ئایینەکانی دیکە دەکرێت، ئایا ئەم پرســـە بە کوێ گەیشـــتووە و چەند بەرەوپێشچوون ڕوویداوە لەم ڕووەوە؟**

- دروســـتکردنی فەوجێکـــی پێشـــمەرگە بـــۆ کریستیانەکان، دوو فەوج بۆ ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك، ئەم فەوجانە بە بڕیاری راســـتەوخۆی سەرۆك بارزانی

**ئێزیدییەکان قوربانییەکی زۆریان داوەو ئێستاش بەشێکیان لە ژێردەستی داعشدا ماون، هەر بۆیە لەمەودا زۆر باشتر بەرگری لە ناوچەی خۆیان دەکەن، ئەویش بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی کورد و جەنابی سەرۆک**



**هێزی پێشمەرگە شاری موسڵی لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە گەمارۆداوە، کەچی هێزی سەربازی عێراق توانای پێشڕەوی نییە بەرەو ئەو شارە، وەکو فەرماندەیەکی سەربازی پێمباشە سوپای عێراق دەست بەجووڵە بکات، ئەو کات ئێمەش دەست بە ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە دەکەین**

دروستکراون و هەمووشیان سەر بە وەزراەتی پێشمەرگەن بۆ ئەوەی بەپاڵپشتی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵیان لە ئازادکردنی ناوچەکانیان هەبێت، لە دوارۆژیشدا ئەرکی کۆنترۆڵکردن و پاراستنی ناوچەکانیان لەئەستۆ بێت، تەنانەت ئەو پێشمەرگانەش ڕێکخرانەوە کە پێشتر لە چیای شنگال بوون. ئێزیدییەکان قوربانییەکی زۆریان داوەو ئێستاش بەشێکیان لە ژێردەستی داعشدا ماون، هەر بۆیە لەمەودا زۆر باشتر بەرگری لە ناوچەی خۆیان دەکەن، ئەویش بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی کورد و جەنابی سەرۆك.

*** ئایا لەگەڵ ڕزگارکردنی هەر ناوچەیەکدا خەڵکە ئاوارەکە تا چەند دەتوانن دڵنیابن و بڕیاری گەڕانەوە بدەن؟**

- کێشەی ئاوارەکان کاتی دەوێت، لە شوێنێکی وەك زوممار خەڵکەکە زوو گەڕانەوە، هەر ڕۆژی دواتر گەڕانەوە، تەنانەت هەندێکیشیان خانووەکانیان بەسەردا ڕووخا- لە ئەنجامی بۆمبڕێژکردنیاندا- تەنانەت ئەندازیای پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنی خۆشمان شەهید بوو. هەروەها دەبێت قەناعەت بەو خەڵکەش بکەیت کە بڕیاری گەڕانەوە بدەن. ئێمە لە ٢٠١٤/١٢/٢٠ ناوچەی سنوونێ و خانەسوور و دووگرێ و گۆهبەلێ و زۆراوە و شەرفەدین کە دەکەونە ئەم دیوی چیای شنگال، ڕزگامان کردن و ئێستا هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام تا ئێستا خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە. کەواتە دەبێت خەڵکەکە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە بکرێن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکرێت، پرۆژەیان بۆ ئەنجام بدرێت، کارەبایان بۆ دەستەبەر بکرێن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئەگەرنا زەرەرمەند دەبن.

*** لە بەنداوی موسڵ ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەکانی کوردانی ڕۆژئاوامان بینی، ئایا ئەو هێزانە تاچ رادەیەك ڕۆڵیان لە پارێزگاریکردنی کوردستانی ڕۆژئاوا و گەیاندنی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەو بەشەی کوردستان هەیە؟**

- هێزی لەشکری ڕۆژ لە گەنجانی ڕۆژئاوای کوردستان پێکهاتووە و بوونەتە پێشمەرگە و سرییەکی ئافرەتانیشیان لەگەڵدایە، دوای مەشقکردن و ئامادەکردنیان ئێستاکە داوا دەکەن بچنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژئاواو لەوێ بەرگری لە نەتەوەو خاکی خۆیان بکەن کەچی پەیەدە ڕێگەیان پێ نادات و دەیەوێت بە دیکتاتۆری هەر خۆیان حوکمڕانی بکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە زۆر دانوستاندن و گفتوگۆی لەگەڵ پەیەدە کردووە و ڕێککەوتنی دهۆك بە ئامادەبوونی پەیەدە کرا و هەموو حزبە کوردستانییەکانی ڕۆژئاوا لەسەر چوونی ئەو هێزە بۆ ڕۆژئاوا ڕێککەوتن و ئەمەریکییەکانیش لەسەر ئەو

**لە پێوەندی بە ڕزگاکردنی شنگال و لەسەر ئەم پرسە زۆر موزایەدە بە سەر هێزی پێشمەرگەوە دەکرێت، بەڵام ئەو جێگەیانەی ئێستا ئێمەی لێین، پلانی ڕزگارکردنیان هێشتا تەواو نەکرابوو**

**پرۆسەی ڕزگاکردنەوەی بەنداوی موسڵ- کە گرنگی و بایەخێکی ستراتیژی هەیە، هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی سەربازیشەوە- سەرەتای تێکشکاندنی داعش بوو، کە دواتر قۆناخی دیکەشی بەدوا داهات**





بابەتە لەسەر هێڵن، بەڵام تا ئێستا پەیەدە تاکڕەوانە هەر خۆیان بە دیکتاتـــۆری قبووڵیان نییە، جگە لە هێزی خۆیان هێزێکی دیکەی کوردی بەشداری لە پاراستنی ڕۆژئـــاوا بکات و دەیانەوێت ڕۆژئاوای کوردســـتان بە هاوشێوەی کۆریای باکوور دروست بکەن.

*** بۆچی باس لەو داســـتان و قارەمانێتیە گەورانە ناکرێت کە لەم ناوچانەدا تۆمـــار کراون، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کێشەی ئێمە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانە باسی شـــنگال دەکەن، هەر نەیانبینیوە، لە واقیعی شـــنگال هیچ نازانن و شـــارەزاییان لە سروشتی ناوچەکە نییە، زۆر شـــتێکی سەیرە سەرۆکی پێشـــووی پەرلەمان لە ســـلێمانییەوە قسەدەکات و دەڵێت: ئەوەندە هێز هەبووایە لە شـــنگال رزگار دەکرا، نازانێت بە سەدان ئەوەندە هێز لە شـــنگالە و ئەوەندەی ئەو هێزەی ئەو باسی دەکات، شەهیدمان داوە، تاوەکو گەیشتووینەتە چیای شنگال، ئەمە هەمووی موزایەدەی سیاسین و بۆ چەواشەکارییە، لە ئەنجامی مایەپووچبوونێکی سیاسییە.

*** ئێمـــە دەزانین پێشـــمەرگە خۆڕاگر و ورەبەرزن و ئیرادەیەکـــی بەهێزیان هەیە، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی لەڕووی پێداویســـتیەوە کەموکوڕییان زۆرە، کە دەبێت بۆیـــان دابین بکرێت، هەروەها پێویســـتە باری ژیانیان باشتر بکرێت، ئێوە لەم ڕووەوە چی دەڵێن؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە ئەوە مانگی ١٠ تەواو دەبێت، پێشمەرگە مووچەی مانگی ٧یان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشـــدا پێشمەرگە لە پێناو خاك و ئەرکە پیرۆزەکەی پێشـــمەرگایەتی، ماڵ و کەســـوکار و هەموو شتێکی خۆی لە بیر کردووە و تەنیا چاوی لە ئەرکی خۆیەتی، ئەمەش جێی شـــانازی و سەرفرازییە بۆ هەموو کورد کە خاوەنی ڕۆڵەی ئاوا بین، ئەمە جێی ســـەربەرزییە بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان و بۆ ســـەرکردایەتی کورد، هەموو جیهانیش ئێستا ڕێز لە ناوی پێشمەرگە دەگرن. ئێمە لە ســـاڵی ٢٠٠٧ـەوە لە دانوستاندا بووین لەگەڵ حکومەتی عێراق و داوای مووچەی پێشـــمەرگەمان کردووە و نەگەیشـــتووینەتە دەرئەنجامێك. پەرلەمانی خۆشمان باســـی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام دەزانن ئەو قەیرانـــە داراییە کاریگەری لەســـەر هەموو دەزگاکان کردووە بە پێشمەرگەشـــەوە، بەڵام جەنابی ســـەرۆك و حکومەت و پەرلەمانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە و پشـــت بەخوا باری گوزەرانی پێشـــمەرگە زۆر باش دەبێت، لە پێکهاتەی تازەشـــدا پشتیوانییەکی باش بۆ پێشـــمەرگە دەبێـــت. هەروەها دەمەوێت ئـــەوە بڵێم کە مەســـەلەکە هەر تەنیا دابینکردنی مووچە نییە، بەڵکو دەبێت ئەو مووچەیەش یەکبخرێت، چونکە پێشـــمەرگە هەموو یەکن و نابێت ئەو جیاوازی مووچەیە بمێنێت و پێویستە هەموویان یەك ماف و ئیمتیازیان هەبێت.

**تێکڕای پرۆسەکان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی پلان و بەرنامەی بۆ دادەڕێژرا و خۆی ڕێنمایی فەرماندە مەیدانییەکانی دەکرد**

## دەیڤید پۆلۆک

### تایبەتمەند دەربارەی کوردستان و عێراق بۆ گولان:

# پێش ئەوەی موسڵ ئازاد بکرێت دەبێت بەرنامەی ئەوە دابنرێت دوای داعش چۆن ئەو شارە بەڕێوەدەبرێت

**پرۆفیسۆر دەیڤید پۆلۆک توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و تایبەتمەندە لە بزاڤە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشتریش راوێژکاری باڵا بووە لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، پرۆفیسۆر پۆلۆك سەردانی هەرێمی کوردستان و عێراق و چەندین دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و کوردستان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولانی دایەوە.**

*** لە چەند رۆژی رابردوودا فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کرد، چی لەم سەردانە دەخوێنیتەوە؟**

- ئەوەی تێیگەیشتووم ئەوەیە کە فەرماندەی سەربازی ئەمریکی لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە دڵنیاکراوتەوە کە داوای هێرشی ئاسمانی رووسی ناکەن لە عێراقدا. پێموایە ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا هاوپەیمانیی نێوان ئەمریکا و عێراق بەهێزترە لەهەر هەوڵێك بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ رووسیادا.

*** ئێستا هاوکارییەکی هاوبەش هەیە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەرێمی کوردستان بۆ رزگارکردنی موسڵ لە ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش و وادەردەکەوێت لە رزگارکردنی شنگالەوە دەستپێبکات، تا چ رادەیەك گرنگە موسڵ بەبێ هێزەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن سوننەکان و ئەمریکاوە رزگار بکرێت؟**

- پێموایە هەر شەڕێك بۆ رزگارکردنی موسڵ بەبێ هێزەکانی حەشدی شەعبی باشترە. بەڵام دەمەوێت چەند شتێك بڵێم. پێموایە ئۆپەراسیۆنی موسڵ زۆر قورس دەبێت لەبەر ئەوەی موسڵ شارێکی گەورەیە



و داعش چواردەوری کردووە بە لوغم و تەقەمەنی شاراوە. دووەم، کێشەی ئەگەری قوربانی مەدەنی هەیە لە موسڵ لەبەر ئەوەی شارێکی گەورەیە و خەڵکێکی زۆری تێدا دەژی، بۆیە ئەمە وادەکات زۆر ئاڵۆزبێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان..

*** ئەی سەبارەت بە پێویستی هێزی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیۆنەدا مەبەستم ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵە؟**

- پێموایە ئەگەر ئەمریکا بەشێك بێت لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵ، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەیەوێت هاوبەشەکانیشی زۆر وریابن لە کەمکردنەوەی قوربانیانی مەدەنی و ئەمەش ئاسان نییە و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمە پێشتر پێویستی بە جووڵانی زیرەکانە هەیە، بۆ ئەوەی ئەو زیان و قوربانییانە کەمترین بن. پێموایە شتێکی تری گرنگ هەیە سەبارەت بە موسڵ، چونکە مەسەلەی سەرەکی دەرپەڕاندنی داعش نییە لە موسڵ، بەڵکو ئەوەیە چی بکرێت لە خەڵکی شارەکە پاش رزگارکردنی، کێ شارەکە بەڕێوەدەبات و لە دواییدا و چۆن رێگری لە شەڕی نوێ بکرێت لە نێوان عەرەب و کورد و سوننە و شیعە، یان خێڵە جیاواز و پارتە سیاسییە جیاوازەکان، بۆیە دەبێت پلانێك هەبێت بۆ رۆژەکانی دواتر و پێشموایە ئەمە نەبێت و رێککەوتنی لەسەر نەکرابێت، دەبێت ئێستا باس لەوە بکرێت پێش ئەوەی دەست بە رزگارکردنی موسڵ بکرێت.

*** لە ماوەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ سەر داعش، ئەمریکا بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت پشت بە تورکیا ببەستێت، بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەلماندی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پاش ئیسرائیل هیچ هاوڕێیەکی تریان جگە لە کورد نییە. بۆیە تاچەند گرنگە بۆ هاوپەیمانە نوێیەکەی ئەمریکا لەناوچەکەدا دەوڵەتی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی ئەمریکا بدات کاتێك نەخشەی ناوچەکە دیاری دەکاتەوە؟**

- راستە زۆرکات ئیسرائیل و کورد دوو هاوپەیمانی گرنگ و پشتپێبەستراون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام تورکیاش هەر وایە. وەك ئەوەی ئێمە لە واشنتۆن دەیبینین هێشتنەوەی تورکیا لەلای خۆمان و لای

**کوردی سووریا و عێراق یەکناگرن و پێموا نییە ئامادە بن بۆ ئەوە. لەبەر ئەوەی مونافەسەیەکی زۆر هەیە لە نێوان پارتە سیاسییە سەرەکییەکاندا وەک پارتی و یەکێتی**

**هەر شەڕێك بۆ ڕزگاركردنی موسڵ بەبێ هێزەكانی حەشدی شەعبی باشترە**

**بۆ كورد ئۆتۆنۆمییەكی زۆر بەهێز و سەركەوتوو بەسە تا داهاتوویەكی دیار، چونكە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی كێشەی گەورە دروستدەكات بە زۆری لەگەڵ توركیا و ئێران، نەك ئەمریكا**

**ئەوەی جێی بایەخی گەورەی ئێمەیە وەك حكومەتی ئەمریكا، بۆ هەموو خەڵكی كوردستان هێشتنەوەی هاوپەیمانییە بەهێزە ئەمنییەكەیە لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا لەدژی داعش**

ئێوەش، واتە لەلایەنی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هێشتنەوەی ئەو هاوڕێیەتی و هاوبەشییە بەڕاستی زۆر گرنگە. پێموانییە ئەگەر ئێمە هاوڕێ بین لەگەڵ توركیا—كە وایە—ئەوا دەتوانین هاوڕێی كوردستان و ئیسرائیلیش بین لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی زۆری هاوبەشمان هەیە بەیەكەوە و بەدڵنیاییەوە توركیا و حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك هاوڕێ ماونەتەوە سەرەڕای كێشەی گەورە لە ئێستادا لەناو توركیادا و ویلایەتە یەككگرتووەكان بەرژەوەندیەكی زۆر هەیە لە هێشتنەوەی ئەم هاوبەشییە لە نێوان توركیا و ئەمریكا و كوردستان. دووەم ئەوەی من تێی گەیشتووم حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەو حكومەتەیە كە دەبێت بڕیار لەبارەی سەربەخۆییەوە بدات و بڕیارەكەیان هەتا ئێستا و لە داهاتوویەكی دیار پێموایە زۆر مەترسیدارە و بۆ كورد ئۆتۆنۆمییەكی زۆر بەهێز و سەركەوتوو بەسە تا داهاتوویەكی دیار، چونكە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی كێشەی گەورە دروستدەكات بە زۆری لەگەڵ توركیا و ئێران، نەك ئەمریكا، بۆیە ئەنقەرە و تاران زۆر تووڕە دەبن و ئەمەش قورس دەبێت بۆ سەربەخۆیی كوردستان، بۆیە بەڕاستی ئەمە بڕیاری ئەمریكا نییە و یەكەمجار بڕیاری خۆتانە و پاشان دراوسێ نزیكەكانتان، بۆیە لەم قۆناغەدا سەربەخۆیی باش نییە و پێویستە جەختبكەنەوە لەسەر باشتركردنی ئەوەی كەهەتانە چەند دەتوانن بیپارێزن.

*** بەهەموو پێوانەكان كوردستان دەوڵەتێكی دیفاكتۆیە و وەك دەشزانی سەرۆك بارزانی چاوەڕێی چاكبوونی بارودۆخەكە دەكات بۆ ئەوەی ریفراندۆم رابگەیەنێت، بۆیە تا چ رادەیەك ریفراندۆم پێویستی بە چاودێری و پشتگیریی نێودەوڵەتی هەیە تا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان بێت و بەغداد قبووڵی بكات؟**

- پێموا نییە بەم زووانە ئەمە روو بدات، بۆیە لەم كاتەدا زۆر دوورە و دڵنیا نین كە باس لە وردەكارییەكانی بكەین، ئەوەی تێی گەیشتووم ئەگەر ریفراندۆمێك هەبێت لە داهاتوودا بكرێت، یەكەم جار لەسەر سەربەخۆیی نەبێت، بەڵكو لەسەر ناوچە ناكۆكەكان بێت، وەك كەركووك كە بچێتە سەر كوردستان یان نا، كە لە دەستووری عێراقدا هاتووە، پێموایە ئەمە لەلایەن ئەمریكاوە پاڵپشتی دەكرێت و ئەگەر ریفراندۆمێك بكرێت، سەرەتا دەبێت لەسەر ناوچە ناكۆكەكان بێت، نەك سەربەخۆیی.

*** وەك دەزانی لەسەدا نەوەدی خەڵكی كوردستان لەگەڵ سەربەخۆییدان، بۆیە ئەگەر ریفراندۆمێك بكرێت، ئایا دەتوانن وەك دۆكیومێنتێكی یاسایی بەكاری بێنن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی سەربەخۆیی رابگەیەنن و پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەدەست بێنن؟**

- دەبێت بڵێم ئەوەندی من بزانم ئەگەر ریفراندۆمێك بكرێت و لەسەدا نەوەدی خەڵكی كوردستان دەنگ بدەن بە سەربەخۆیی، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئیعترافی نێودەوڵەتی بەدەستبێنن، پێموایە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەناویشیدا ویلایەتە یەككگرتووەكان پشتگیری ناكات، لەبەر ئەوەی كوردستان پیویستی بە هاوكاری ئەمنی و ئابووری هەیە لەگەڵ دراوسێكانی، ئەگەر بكرێت لەگەڵ عێراق و ئێران، بۆیە بەداخەوە شتێك نییە یەكسەر بكرێت.

*** چەند پێشبینییەك هەیە بۆ ئەوەی كوردستانی سووریا (ڕۆژئاوای كوردستان) ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی كوردستان، تا چ رادەیەك ئەم دووبەشەی كوردستان پێكەوە دەبێتە فاكتەرێك بۆ راستكردنەوەی نەخشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- پرسیارێكی جوانە. بۆچوونی من ئەوەیە كوردی سووریا و عێراق یەكنا گرن و پێموا نییە ئامادە بن بۆ ئەوە. لەبەر ئەوەی مونافەسەیەكی زۆر هەیە لە نێوان پارتە سیاسییە سەرەكییەكاندا وەك پارتی و یەپەگە. دووبارە گەر بیر لە كاردانەوەی نێودەوڵەتی و پێویستی هاوكاریی ئەمنی و ئابووری بكەینەوە، ئەوا پێموایە هەردوولا دەبێت هیواكانیان سنووردارکەن لە ئۆتۆنۆمی، نەك وڵاتێكی نوێ و سەربەخۆ. پێموایە لە چەند ساڵی داهاتوودا، لەوانەیە نەوەكانی داهاتوو، یان دەیەی داهاتوو بتوانن بیكەن، بەڵام تەنانەت ئەوكاتەش پێموایە باشترە ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردی و جیاواز بێت لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردی عێراق لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەن نەخشەكە راست بكەنەوە.

*** لە كۆتاییدا بۆ خوێنەرانمان چ پەیامێكت هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە درێژكردنەوەی ماوەی سەرۆكایەتی؟**

- لەلایەن هاوڕێ كوردەكانمەوە پێم وتراوە كە مەسەلە گەورەكە تەنیا سەرۆكایەتی نییە، بەڵكو چۆن رێككەوتنێكی دەسەڵات بەشكردن بدۆزنەوە لەگەڵ پارتە جیاوازەكاندا لە پەرلەمان و حكومەت و حكومەتە خۆجێیەكان لە ناویاندا گۆڕان و ئیسلامییەكان، بەدڵنیایشەوە پارتی و یەكێتی، بۆیە سەرۆكایەتی مەسەلە گرنگەكە نییە. بۆیە دووبارە دەڵێم ئەوەی جێی بایەخی گەورەی ئێمەیە وەك حكومەتی ئەمریكا، بۆ هەموو خەڵكی كوردستان هێشتنەوەی هاوپەیمانییە بەهێزە ئەمنییەكەیە لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا لەدژی داعش.



دکتۆر محەمەد نورەدین شارەزا لە کاروباری تورکیا بۆ گوڵان:

# دەستێوەردانی رووسیا لە ناوچەکە بۆ هاوسەنگیی هێز و مانەوەی رژێمی سووریایە

# شاڵاوی پەنابەران بۆ ئەورووپا گەمەیەکی سیاسیی تورکیایە

**دکتــۆر محەمەد نورەدین مامۆســتای مێژوو و زمانی تورکییە لە زانکــۆی لوبنان و بەڕێوەبەری مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی ســتراتیژیی و سەرنووسەری گۆڤاری «شؤون الأوسط»ـەو شارەزایە لە کاروباری تورکیا، لە میانی دیدارێکی (گوڵان)دا سەبارەت بە دەستێوەردانی رووسیا لە سووریا و رۆڵی تورکیا لە ناوچەکەو هاوسەنگیی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا راو بۆچوونی خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا بەم شێوەیە خستەڕوو.**

**باشترین چارەسەر داخستنی سنووری تورکیایە لەبەردەم هەموو چەکداران کە رەوشەکەیان لە سووریا بەم شێوەیە خوڵقاندووە**

**ناکۆکییەکی جەوهەری هەیە لە نێوان تورکیاو ئێران سەبارەت بە سووریا و عێراق و زۆر کێشەی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

*** دوای پەرەســەندنی رەوشــەکە لــە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، دەپرســین ئایا دەســتێوەردانی رووسیا لە ناوچەکە چی لە هاوکێشەکە دەگۆڕێت؟**

- لە راســتیدا رووســیا دەوڵەتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دووەم دەوڵەتــە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆیە دەتوانێ کە هەموو ئەگەرو بڕیارێکی تاکلایەنانەی ئەمریکا تایبەت بە چارەنووســی پرسی هەر میللەت، یان دەوڵەتێك بوەستێنێ لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، رەنگە رووســیا نەتوانــێ را و بڕیاری خۆی بە تەنیا و یەکلایەنە بسەپێنێ، بەڵام ئەو دەوڵەتە سەبارەت بە قەیرانی سووریا دوای کۆتایی شەڕی سارد و بەتایبەتیش دوای کێشەی ئۆکرانیاو قەرم توانی لەو ســنوورەی دەربچێت، جا لەبەر ئەوەی قەیرانی سووریا پێی ناوەتە پێنجەم ســاڵەوەو بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاســتەوخۆ زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەت بەشــداریی شــەڕی تێدا دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە دەستێوەردان و ئامادەبوونی رووســیا لەو پرسەدا زۆر بەهەستیاریی و وریایــی بێت، نەبادا دووچاری شکســت بێت، هەم لە چوارچێوەی سیاســەتی دەرەوەی خۆی و هەمیش لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا، دەســتێوەردان و هێرشی سەربازیی رووسیا لە سووریا رووی نەدەدا ئەگەر یەکەم شت بە ئارەزووی خۆی دواتر بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە سووریاو ئێران نەبوایە، دیارە ئەمەش لەپێناو راگرتن و راستکردنەوەی هاوسەنگیی هێزە لە ناوچەکەدا.

*** هەنــدێ کــەس پێیــان وایە ئەمــە جۆرێکە لە دابەشکردنی کێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان هێزە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە بەر لەمــە هاوپەیمانییەکان جیاواز بــوون، بۆ نموونە هاوپەیمانێتیی ســعودیە یان تورکیا جیاوازییان هەبوو، ئایا ئەمە هەنگاوێك نییە بۆ دابەشکردنی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- لە راســتیدا دابەشــکردنی ناوچەکە، بۆچوون و رای رووسیا نەبووەو بەهیچ شێوەیەك پێی قایل نەبووە، بیرۆکەی دابەشکردنی ناوچەکە لە بنەڕەتدا لە ئەمریکاو ئیســرائیلەوە ســەری هەڵداوە، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر دەســت بەسەرداگرتنی ناوچەکە بە تایبەتیش ئەو شــوێنانەی ســتراتیژین و بیرە نەوتی زۆریان تێدایە، هاوکات بۆ پشــێوی نانەوەو لاوازکردنــی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، دیسانەوە بۆ پارێزگاریکردن لە بوونی دەوڵەتی ئیســرائیل و ئەو دەوڵەتە بچووکانەی کــە رەنگە لە داهاتوودا لە ســووریاو عێراق و تەنانەت لە یەمەنیش دابمەزرێن، ئەمەش لەســەر بنەمای ئایین یان ئایینزایی یان ئیتنی بێت کە راســتەوخۆ خزمەتی پاساوی شــەرعیدان بکات بە دەوڵەتی ئیسرائیل، بۆیە دەستێوەردانی رووســیا بۆ ئەوەیە رێگە لەو دابەشبوونە بگرێت بەتایبەتیش کە مەســیحییەت لە ناوچەکە بەرەو لاوازیی دەچێت چ لەلایەن داعشەوە بێت یان هێزو لایەنی دیکەوە کە دەیانەوێ رژێمی سووریا برووخێنن.

*** ئایا لێرەدا هیچ ناکۆکییەك بەدی ناکەن لە رووی هەڵوێستی تورکیا کە پێشــتر بە هاتنی رووسیا رازی نەبوو، هــاوکات ئێرانیش کە هاوپەیمانی رووســیایە، خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

- لە راســـتیدا ناکۆکییەکی جەوهەری هەیە لە نێوان تورکیـــاو ئێران ســـەبارەت بە ســـووریا و عێراق و زۆر کێشـــەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، تورکیا هەر لە ســـەرەتاوە نیگەران بوو لە دەستێوەردانی رووسیا لە ســـووریا، چونکە تورکیا پێنج دروشمی بەرزکردبۆوە بەر لە هاتنی رووســـیا و هیوای دەخواست لەبەر رۆشنایی پەرەسەندنە ســـەربازییەکان لەو چەند مانگەی دواییدا، لەوانە رووخانی ئەدلب و حەلەب و لازقیەو ئەو شوێنانەی نزیکن لە بەشار ئەسەدەوە، واتا ئومێدی ئەوەی دەخواست کە رژێمی ســـووریا هەرەس بهێنێت، بەڵام ئێســـتا ئەو ئامانجەی بۆ نەهاتەدی، بۆیە ئەگەر بیەوێت ئەســـەد بڕووخێنێ پێویستە یەکەم جار فلادیمێر پۆتین بڕووخێنێ! هەروەها دروستبوونی ناوچەی ئارام بەبێ بوونی رووسیا نیمچە ئەستەمە بێتە ئاراوە، هەروەها ناوچەی دژە فڕین تا ئێســـتا جێبەجێ نەکراوەو رووسیاش ئەو هەنگاوەی نەناوە، دواخاڵیش ئەوەیە کە تورکیا گرەو دەکات لەسەر لێدانی توانا سەربازییەکانی کورد لە سووریا، لە میانی شەڕ دژی پەکەکە کە پاڵپشتی یەکینەکانی پاراستنی گەلە لە ســـووریا، بۆیە لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تورکیا دژی دەستێوەردانی رووسیایە لە سووریا.

*** بەدوور لە رۆڵـــی رۆژئاوا، پێتان وایە کە هەردوو ئاراستەی شیعەو ســـوننە لە ناوچەکەدا رەوشەکە زیاتر ئاڵۆز دەکەن یان بە لایەکی دیکەیدا دەبەن؟**

- لە راســـتیدا ململانێ و دووبەرەکیی نێوان شیعەو سوننە لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە، بەتایبەتیش لە عێراق و ســـووریاو یەمەن، تەنانەت لـــە لوبنانیش هەرچەندە رەوشەکە لەو وڵاتە هێشتا بەم شێوەیە نەتەقیوەتەوە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە لە یەمەن بلۆکێکی سوننە هەبێت بە تەواوی بەربەرەکانی شیعە بکات بۆ نموونە حوسییەکان، هەروەها لە میسر کە نزیکە لە سعودیە بە تەواوی ناتوانن رکابەریی هەژموون و دەســـەڵاتی شیعە بکەن لە ئێران، تورکیا و ســـعودیە کە پەیوەندییان باشە ئایا مانای وایە بلۆکێکی سوونی هەبێت بۆ رکابەریی ئێران؟ نەخێر. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ریشـــەکێش کردنی پڕۆژەی تورکیا لە میســـر و رووخانی ئیخوان موسلمین لەلایەن سعودیەوە بوو، بۆیە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان (وەهابییەت)ی ســـعودی و حزبی داد و گەشەپێدانی تورکی نەك بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دیکەی تورکیا، بەڵێ ململانێ هەیە لە نێوان شـــیعەو سووننە، هاوکات لەنـــاو خودی بلۆکی سووننەشـــدا جیاوازی و ناکۆکی هەیە.

*** ئایا رۆژئاوا لەســـەر ئەو ژێیە هەســـتیارە گەمە دەکات؟**

- رۆژئاوا گەمە لەســـەر هەمـــوو ژێیەك دەکات، لەسەر ژێی ســـوننە- شیعە، سووننە - سوننە، لەسەر ژێـــی کورد — تورك، کورد- عەرەب، رەنگە لەســـەر ژێـــی کورد — کوردیش، دیـــارە هەر ژێیەك کە ببێتە هۆی لاوازکردنی ناوچەکەو دابەشکردن و کاولکردنی، هـــاوکات بۆ ســـوودوەرگرتن لە لاوازیـــی ئابووریی ناوچەکـــەو هێنانـــی کۆمپانیا بـــۆ وەبەرهێنان، بۆیە گەلانـــی ناوچەکە لەبەر نالەباریی رەوشـــەکە ناتوانن فریـــای خۆیان بکەون و جارێکـــی دیکە خۆیان رێك بخەنەوە بیر لە چارەنووسی خۆیان بکەنەوە.

*** ئایـــا ئامانجـــی ســـەرەکیی رۆژئـــاوا تەنیا ئابوورییەکەیە ، یان ئامانجی دیکەیە؟**

- دوو مەســـەلەی بنەڕەتی هـــەن، بەرژەوەندییە گشـــتییەکان لەوانە ئابوورییە کە خۆی لە فرۆشتنی چەکدا دەبینێتەوە، هاوکات ئامانج لەوەدا کاولکردن و خاپوورکردنی شارەکانەو دواتر بنیادنانەوەیان، کە ئەمە بەشێکە، هەروەها دابینکردنی سەرچاوەکانی نەوت لە ناوچەکـــەدا، لەلایەکی دیکە بەهێزکردنی ئاسایشـــی ئیســـرائیلە، واتا پاســـاوی شـــەرعییەتدان بە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە ئەم دەوڵەتە هەمیشە روویەکی بەرژەوەندیی رۆژئاوایە لە ناوچەکەدا.

*** لە ئێستادا ئەورووپا دووچاری قەیرانێکی گەورە بۆتەوە کە بریتییە لە رووتێکردنی ملیۆنەها کۆچبەر، ئایا ئەمـــە دەبێتە بارگرانیی لەســـەر ئەو وڵاتانەی روویان تێدەکەن، یان لە بەرژەوەندیی ئەواندایە؟**


- مـــن پێموایە پرســـی کۆچبـــەران گەمەیەکی تورکیایـــە، جگە لە لیبیا کە خەڵکێکی زۆری روویان لە ئەورووپا کرد، بەڵام تورکیا رۆڵی ســـەرەکی لەمەدا دەبینێت، کە ئاســـانکاریی دەکات بۆ گەیشتنی ئەو ئـــاوارەو کۆچبەرانە، تەنانـــەت دەگوترێ هەر تورکیا خۆی بەلەم بۆ پەڕینەوە دەفرۆشـــێت و لە وشکاییشدا رێگایان بۆ ئاســـان دەکات، کە ئەمە بارگرانییەك بۆ ئەورووپا دروست دەکات، هەروەها ئامانجێکی دیکەی تورکیـــا لەمەدا بـــۆ پاســـاوهێنانەوەی دامەزراندنی ناوچەی ئارامە لە سووریا بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە رێگەدەگـــرێ لە بەردەوام کۆچکردنـــی خەڵکەکە لە سووریاوە بۆ ئەورووپا، بۆیە کێشەی پەنابەران چارەسەر ناکرێت، ئەگەر کێشـــەی ســـووریا چارەسەرنەکرێت، مەگەر بە داخســـتنی تەواوی سنووری نێوان تورکیا و ســـووریا نەبێت، بەڵام ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام باشترین چارەسەر داخستنی سنووری تورکیایە لەبەردەم هەموو چەکداران کە رەوشـــەکەیان لە سووریا بەم شێوەیە خوڵقاندووە.

**بیرۆکەی دابەشکردنی ناوچەکە لە بنەڕەتدا لە ئەمریکا و ئیسرائیلەوە سەری هەڵداوە، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە بەتایبەتیش ئەو شوێنانەی ستراتیژین و بیرە نەوتی زۆریان تێدایە، هاوکات بۆ پشێوی نانەوە و لاوازکردنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە**

**کۆچبەران گەمەیەکی تورکیایە و رۆڵی سەرەکی لەوەدا دەبینێت، کە ئاسانکاریی دەکات بۆ گەیشتنی ئەو ئاوارە و کۆچبەرانە، تەنانەت دەگوترێ هەر تورکیا خۆی بەلەم بۆ پەڕینەوە دەفرۆشێت و لە وشکاییشدا رێگەیان بۆ ئاسان دەکات**

**دەستێوەردان و هێرشی سەربازیی رووسیا لە سووریا بە مەبەستی راستکردنەوەی هاوسەنگیی هێزە و بە هەماهەنگی لەگەڵ سووریا و ئێران بووە**





عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

ناتوانین لە کاریگەریی وێنەی ئەو منداڵە کوردە تێبگەین بۆ سەر ئەو کەسەی بینویەتی، یان بۆ سەر رای گشتیی ئەوروپی، کە ئاوی رووبار فڕێی دایە کەنارەکانی ئەوروپا، هەروەها ئەو گۆڕانکارییەی لە هەڵوێستی سەرانی رۆژئاوا هێنایەئاراوە، ئەگەر یەکەم جار لە سەر کاریگەریی وێنەکە لە جیهانیی سەردەمماندا، دواتر بەتایبەتیش ناوەڕۆکی ئەو وێنەیە هەڵوەستە نەکەین.

گوتراوە کە کاریگەریی ئەو وێنەیە زۆر لە کاریگەریی هەزاران وشە زیاترە، هێزی قەناعەتپێکەری وێنەکە لەم سەردەمەماندا هەروەك حەننا ئارندت ئاماژەی پێدەکات (راستگۆیی کە لە بنەڕەتدا تاقیکردنەوەیە)، سەردەمی وێنەکە لە بنەڕەتدا پێوەندیی هەیە بە مەیلی پەیوەستبوون بە واقیعی راستەوخۆوە، پێشتریش ئارندت روونی کردبۆوە کە (مرۆڤ سەردەمی وێنەیە)، کە شەفافییەت بە پیرۆز دادەنێ، وازی لە هەموو بەهایەکی بەرز هێناوە کە بۆ ئەو سەرچاوەی بەرپەچدانەوە و رقلێبوونەوەیە، بۆیە گۆشەگیر دەبێت دوور لە هەر کرانەوەیەك بە رووی دەرەوەدا، تەنیا جیهانە بەرتەسکەکەی پێ بەسە، پەیوەست دەبێت بە شتی باو کە پڕیەتی لە نموونەی ئەوتۆ کە زۆر بە توندی بە واقیعی راستەوخۆوە نووساوە. لێرەدا رهەندیی تاقیکردنەوە (empiricité) لە هەموو گوزارشتێك بەتینترە، هەروەها لە (بەرپەچدانەوە و رقلێبوونەوە)، هاوکات بەهێزترین پاساوی قەناعەتپێهێنەرە و لە هەموو گوتارێکیش روونترە.

یەکەم دەرکەوتنی ئەو (پێوەنووسانە بە جیهانی بەرتەسکەوە) وێنەی ئەو منداڵەیە (ئایلان) کە رەتدانەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی بینیویانە، هەروەها بۆ واقیعی حاڵەکە، ئەمەش زیاتر لە لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەدەر کەوت کە رای خۆی بە تەواوی گۆڕی، لەمەڕ کێشەی کۆچبەران و دانی بەوە دانا و گوتی: «منیش باوکی منداڵانم، نامەوی کوڕەکەم بەم شێوەیە ببینم.»

کچە رۆژنامەنووسێکی تورك کە وێنەگەی گرتووە، رایگەیاندووە دوو برای بە یەکەوە بینیوە کە ئاوی دەریا تەرمی هەردووکیانی فڕێدابووە کەناری دەریاوە، بەڵام وێنەی هەر یەکێکیانی بە تەنیا گرتووە، هەستی



# وێنەکە ئالان زمانێکی تازەیە بۆ گوزارشتکردن لە کۆچ

ڕۆژنامەنووسی پاڵی پێوە ناوە کە تەنیایی ئایلان زمانێکی تازەیە و پێچەوانەی گوزارشتکردنە لە واقیعی کۆچکردن. هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەم ڕووەوە ڕایهێناوین لە سەر گوزارشتی ژمارە و چەندایەتیی ڕۆژانەی قوربانییەکانی ( ئاگر)ی دەریایی، بە شێوەیەك هۆگری ئەو ژمارانە بووین کە جیاوازییەکانیشی بۆ ئێمە شتێکی ئەوتۆ نەبێت، بێگومان هەر یەك لە ئێمە زیاتر لە جارێك لە شاشەکانی جیهان تەرمێکی زۆرمان دیوە کە تا ئێستاش دەریا فڕێیان دەداتە سەر کەنارەکانی ئەورووپا، بەڵام گوزارشتی چەندایەتیی زۆر جار هێزی (چۆنێتیی ) دەشارێتەوە و دەریناخات، بێگومان وێنەی ئەو منداڵە بە تەنیا کە بێ جووڵەیە و فڕێدراوەتە کەنار دەریا، بە درێژایی وەرزی هاوین پڕی بوو لە هاشوهووش و جووڵە و ژیان.

منداڵێك کە ناتوانین لە وێنەکەدا نە ناسنامە و نە نیشتمان و نە ئایینی دیاری بکەین، بێگومان بە چڕییەکی زۆرەوە ترسناکیی تراژیدیای کۆچکردن پوختە دەکاتەوە، هەروەها ئەو کەموکوڕییە قووڵە بۆ هەمووان دەردەخات کە لەپێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا باوە، دیسان بە قووڵی و بە چڕیی بێتوانایی ئەو کەسانە بەرجەستە دەکات کە سەرزمان و بن زمانیان بەهاکانی یەکسانی و مافی مرۆڤە و ناتوانن دەستی یارمەتی درێژ بکەن بۆ ئەوانەی بەئومێدن لە پەڕینەوە بۆ جیهانێکی شارستانی و پێشکەوتوو.

سەرەڕای بزاڤی ئەورووپییەکان کە ئەو وێنەیە لە دوای خۆی بەجێیهێشت، بەڵام دیارە کارەکە لە پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆ زیاتر ڕەتناکات، پێداویستییەکەش هەر ماوە بە سووربوونەوە کە پابەند بین بە بەهایەکی بەرز کە سەرچاوەی بەرپەچدانەوە و ڕقلێبوونەوەی ڕاستەقینە بێت، بە شێوەیەك کە تەنیا ئەوەندە نەبێ (پێوەنووسان بە جیهانی بەرتەسك) و (ڕاستگۆیی کە لە بنەڕەتدا تاقیکردنەوەیە) بەس بێت، تاکو چاومان بە واقعێکی ڕاستەقینە بکەینەوە، بە هەموو ترژیدیا و ساتە تاڵەکانیەوە، ئەگەرنا ئەو کاتە چی دیکە دەریا منداڵەکان فڕێ نادات کە جووڵە نەکەن و پشتمان تێ بکەن، کە قایل نابن کە بە تووڕەیی و نائومێدییەوە وەك مرۆڤ ڕووبەڕوو سەیرمان بکەن .

---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**



**لە رووی پێوەندیی نێودەوڵەتییەوە، وەزارەتی ئەوقاف زۆر زۆر کەمتەرخەم بووە، نەیتوانیوە لیژنەیەک لە خەڵکانی بەتوانا پێکبهێنێت و بیاننێرێت بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ئەوەی بەو وڵاتانە بڵێن کوردستان چ شەڕێک بەرامبەر ئەو تیرۆریستانە دەکات. پێیان بڵێن گرووپێک بە ناوی ئیسلامەوە پەیدابوون، ئەمانە ئیسلام کاول و وێران دەکەن**

*** دوای پشـــتیوانیی خوا، ئەوەی لە ئێســـتادا کورد و کوردســـتان پێویســـتی پێیەتی یەکڕیزی و یەکهەڵویستی تەواوی حزبە سیاســـییەکان و خەڵکی کوردستانە. ئایا ئێوە وەك مامۆســـتا و زانایانی ئیســـلامی تاچەند کارتان بۆ ئـــەم یەکڕیزییە کردووە و تاچەند ئەم یەکڕیزییە بە گرنگ دەزانن؟**

- دوای پشتیوانیی خوا، ئەوەی کورد دەگەیەنێتە ئامانج تەنیـــا و تەنیـــا یەکگرتن و یەکڕیزیی کوردە. باشـــووری کوردســـتان ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵە لکێنراوە بە عێراقەوە، ئـــەم لکاندنەی بە عێراقەوە لەو کاتەوە بەریتانیا پێداگیری لەسەر کرد کە نەوت لە کەرکووك دۆزرایەوە، بەڵام ئێمە لە ماوەی ئەم ٨٠ ساڵەدا خێرمان لە خۆمان نەدیوە و داهاتی نەوتەکەش دراوە بە چەك و لەسەر ئێمە تاقیکراوەتەوە. واتە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەر لە پاشایەتییەوە تا کۆماری هەتا ٢٠٠٣ هەر کەس حوکمڕانی کردبێت، بەشی میللەتی ئێمە هەر مەینەتی بووە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی بەعس، دەرفەتێکی باشـــتر بۆ کورد هاتە پێشەوە و توانیمان بەشداریی راستەقینە لە حکومەتی عێراقدا بکەین، بەتایبەتی کە ســـەرۆك کۆمار کورد بووەو چەندین وەزارەتی گرنگیش لەلایەن کوردەوە هەڵدەسووڕێندران، بەڵام بە دروستبوونی ململانێی سیاســـی لە ناوخۆی پرۆسەی سیاســـی عێراق، ئێمە لە هەرێمی کوردســـتان هەنگاوی باشـــمان هەڵگرتبوو، لە رووی ئابوورییـــەوە زۆر لە پێش بەشـــەکانی دیکەی عێراقەوە بووین، لە رووی یەکڕیزییەوە زۆر باش بووین، ئەم هەنگاوانە هەمووی بەرەو ئەوە دەچوون هەنگاو بەرەو دەوڵەتی ســـەربەخۆی کوردستان هەڵبگرین، بەڵام گەشـــەی ئابووری و واقیعی کوردستان، نە بە بەغدا و نە بە دەوڵەتانی دەوربەر بە ئاســـانی قبووڵ نەدەکرا، بۆیە هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی هەنگاوەکانمان بەرەو دەوڵەتی ســـەربەخۆ پەکبخەن یان ئاستەنگی گەورەی بۆ دروســـت بکەن، بۆ ئەمەش چەندین سیناریۆ و پیلان دژی کوردستان ئامادە کرابوو، بەتایبەتی کە تیرۆریستانی داعش موســـڵیان داگیرکرد و دوای ئەویش هێرشـــیان کردە سەر کوردستان، بەڵام بە پشـــتیوانی خوای گەورە و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەمەشدا کوردستان سەرکەوت و نەك هەر هێرشی تیرۆریستانی تێکشکاند، بەڵکو بەشێکی

## د. عومەر ڕەنگینەیی

### لە سکولی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# هەوڵدان بۆ تێکدانی یەکڕیزی و دروستکردنی ئاژاوە لە کوردستان، خیانەتێکی نیشتمانییە

**زانایان و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی لە هەموو سەردەمێکدا ڕۆڵی کاریگەریان لە سەر ڕووداوەکان هەبووە و توانیویانە کاردانەوەیان لەسەر سیاسەتی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەبێت. لەم بارودۆخە هەستیارەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت و خەریکە فیتنە و ئاژاوە یەخەی وڵاتەکەمان دەگرێت، ئەرکی هەر تاکێکی کوردستانە هۆشیارانە واقیعەکە بخوێننەوە و لەمەش زیاتر زانایانی ئایینی ئیسلام ئەرکی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان لەبەر ئەوەی بەشێك لەو مەترسییانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە، لە ژێر پەردەی ئاییندا بانگەشەی بۆ دەکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر واقیعی ئێستای کوردستان و هەوڵەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم ئاژاوە و فیتنەیە لە کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.عومەر ڕەنگینەیی مامۆستای سکوڵی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامداو و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

زۆری خاکی کوردستانیش ئەو ناوچانەی دەکەوتنە نێو ماددەی ١٤٠ و لە کوردستان دابڕێندرابوون، هێنرانەوە سەر هەرێمی کوردستان و لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەپارێزرێن، لە ناو ئەم واقیع و بارودۆخەدا خاڵی سەرەکی و گرنگ یەکڕیزیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانە. خاڵی دووەم دیاریکردنی ئامانجی هاوبەشی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانە، بۆ ئەمەش دیارە ئامانجی هاوبەشی هەموو لایەك ئەوەیە بگەینە دوائامانج کە سەربەخۆییە، من وای دەبینم بۆ باشووری کوردستان بێجگە لە سەربەخۆیی هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە دادمان نادات، ئەوەش زیاتر لە هەموو شتێك یەکڕیزی دەوێت، ئەگەر ئەم یەکڕیزییە نەپارێزین و ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین، ئەوا هەر لایەك و هەر کەسێك ئەمە بکات و بیەوێت ئەو یەکڕیزییە تێکبدات، دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژوو، نەوەکانی ئایندەش وەك خیانەت لە قەڵەمی دەدەن.

*** بەڵام ئێستا هەوڵێك هەیە، ئەوجا لە ژێر هەر پاساو و بیانوویەك بێت، بۆ ئەوەی باری سەقامگیری کوردستان تێکبچێت و یەکڕیزی درز و کەلێنی تێبکەویت، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو پرسە هەیە؟**

- لەسەر ئەم پرسە من بەمجۆرە رای خۆم دەردەبڕم، ئەوانەی ئەمڕۆ هەوڵدەدەن یەکڕیزیی کوردستان تێکبدەن، ئەوجا لەم هەوڵەیاندا هەر ئامانجێکی لە پشتەوە بێت، یان مەبەستیان لە هەر دەسکەوتێکی حزبی بێت، یاخود هەر مەبەستێکی دیکەیان هەبێت، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە وڵاتەکەمان بە قۆناخێکی شەڕی هەستیار و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، ئەو هەوڵانە دەچنە خانەی خیانەتی نیشتمانییەوە، واقیعی ئێستای کوردستان ئەوەیە ئێمە لە شەڕێکی گەورەداین بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر لەگەڵ درەندەترین تیرۆریستیدا، بۆیە لەم قۆناخەدا پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پرسە لاوەکییەکان وەلاوە بنێن و جەخت لەسەر ئامانجە سەرەکییەکە بکەنەوە کە بردنەوەی ئەم شەڕە و تێکشکانی تیرۆریستانی داعشە، دەبێت هەموو لایەك ئەو ڕاستییەیان لەبەر چاو بێت، تیرۆریستانی داعش دەستێکێشی هەموو دوژمنان و ناحەزانی کوردستانن، ئەگەر لەم شەڕەدا تیرۆریستان تێکبشکێنین، مانای وایە ناحەزان و دوژمنانی کوردستانیشمان تێکشکاندووە.

**نابێت ئیسلام بکرێتە حزب، ئەمەش قسەی من نییە. چوار جار لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس دانیشتووم، هەر چوار جارەکە گوتی: حزبایەتی مەکە، مەچۆ ناو حزبی ئیسلامیش، ئەگەر هەر حزبایەتیش دەکەی، لەناو حزبی ئیسلامی حزبایەتی مەکە، لەبەر ئەوەی حزبایەتی ئیسلام دابەش دەکات**

**گرنگە ئەو مامۆستایانە بزانن، کە دەچنە پەرلەمان کاری سیاسەت دەکەن و دەبێت بە زمانی سیاسەت قسە بکەن، نەک فەتوا، لەبەر ئەوەی فەتوا مەرجی خۆی هەیە و هەموو کەسێک مافی فەتوادانی نییە**

**تەنیا وەرگرتنی خێرای بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بەس نییە و نابێتە ئەزموون، بۆیە ئەو بەڕێزە کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، ئەوەی لەبیرچوو کە سەرۆکی پەرلەمانە و حکومەتێکی هاوپەیمانی بوونی هەیە**

**هەموو کات بەمجۆرە بووە، ئەو سەرۆکانەی لەناو خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن بە دەسەڵاتی تەواوەوە، باشترین فاکتەرە بۆ سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵگە**

*** دیارە خۆتان لە سلێمانین و دەیبینن، ئەو ئاژاوە و پشێوییانە چۆن بوونە هۆکاری ئەوەی خەڵکی بێتاوان بکوژرێن. ئایا ئەوانەی بوونە هۆکاری بە کوشتدانی ئەو گەنجانە بوون، لە ڕووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە چۆن سەیر دەکرێن؟**

- ئاشکرایە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە حوکم لەسەر ئەم پرسە دراوە و خوای گەورە فەرموویەتی: هەر کەسێك کەسێکی بێتاوان بکوژێت، وەك ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت، بە پێچەوانەشەوە هەر کەسێك ژیانی کەسێك ڕزگار بکات، ئەوا وەك ئەوەیە کە هەموو مرۆڤایەتی زیندوو کردبێتەوە، ئەوجا ئەو کەسە پزیشکێك بێت، یان کەسێکی دەوڵەمەند بێت و ببێت بە هۆکار بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی بێتاوان، ئەمە بۆ ئەو کەسانەش ڕاستە کە خەڵکی هاندەدەن و دەبنە هۆکاری کوشتنی خەڵکی بێتاوان، سەبارەت بە هاندان و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبێکی دیکەش، ئەمە تا بڵێی کارێکی ناشیرینە، نانەوەی ئاژاوە و پشێوی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خزمەتکردنە بە دوژمنان و ناحەزانی کوردستان، با سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین، ئەوانەی نایانەوێت کوردستان بە ئامانجی خۆی بگات، زۆر بەئاسانی سوودی خراپ لەم ئاژاوە و پشێوییە بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەردەگرن. ئەم حکومەتەی ئێستا لە کوردستان پێکهاتووە، پێنج حزبی سەرەکی بەشداری تێدا کردووە، لە پەرلەمان چەندین حزبی دیکە هەن کە هەموویان فراکسیۆنی پەرلەمانییان هەیە، بۆیە سەرکەوتن و شکستی ئەم حکومەت و پەرلەمانە هی هەموو حزبەکانە و حزبێك بە تەنیا نە دەبێتە خاوەنی هەموو سەرکەوتنەکان نە ئۆباڵی هەموو شکست و کەموکوڕییەکانی دەخرێتە ئەستۆ، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم پێنج حزبە توانییان وێڕای جیاوازییەکانیان بە سازان و ڕێککەوتن حکومەتەکە دروست بکەن، بۆچی ئێستا ناتوانن بە سازان و ڕێککەوتن کێشەکانیان چارەسەر بکەین؟ زۆر گرنگە حزبە سیاسییەکان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخەدا بن و لانیکەم کێشەکان نەگەیەننە بنبەست و شەعرەی معاویە بهێڵنەوە، ئەمە پێی دەگوترێت (هونەری دانوستاندن) بۆیە ئەگەر ئەم حزبانە بە جارێك و دووان و دەش نەگەیشتنە ڕێککەوتن و سازان، دەبێت پشوودرێژ بن و سەد جار کۆبوونەوە بکرێت، لەوە باشترە بارودۆخە تێکبدرێت و ئاشووب و ئاژاوەگێڕی لە کوردستاندا دروست ببێت. هەر سەبارەت بەو ئاکامە خراپەی ئەم ئاژاوە و ئاشووبە دروستی کردووە لە ناوچەکانی سلێمانی پەکخستنی پرۆسەی خوێندنە، لەسەر ئەم پرسە من لە پەیجی خۆم شتێکم نووسیوە و لەو نووسینەدا ئاماژەم بەوە کردووە، هیچ نەتەوەیەك هێندەی نەتەوەی ئێمە لە ئێستادا پێویستی بە خوێندن نییە، کەچی ئەم ململانێ سیاسییە خوێندنی پەکخستووە، هەر بۆ نموونە ژاپۆنییەکان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی وڵاتەکەیان بە تەواوەتی وێران بوو، بەڵام تەنیا شتێك کە کاریان لەسەر کردو توانی ژاپۆن بەم ئاستە بەرزە بونیاد بنێتەوە، ئەوە بوو بایەخی زۆر گرنگیان بە خوێندن دا، ئێمەش لە ئێستادا لە هەموو شت زیاتر پێویستمان بە خوێندنە، من وەك مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی ئەگەر تەنیا دوو قوتابیش ئامادەبن، دەچمە هۆڵەکە و وانەکەیان پێدەڵێم، لەبەر ئەوەی پێموایە بەکارهێنانی ناوەندەکانی خوێندن بۆ مەرامی سیاسی تاوانە، ئەم حزبە سیاسییانە مافی خۆیانە چۆن ململانێی سیاسیی خۆیان دەکەن، بەڵام مافی هیچ کەس و لایەنێك و حزبێکی سیاسی نییە بۆ مەرام و دەسکەوتی سیاسی خۆی پەنا بۆ ناوەندەکانی خوێندن بەرێت، بۆیە من تکا لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم، ئەوە لەبەر چاو بگرن کە حزبی سیاسی ئامرازێکە بۆ خێری گشتیی کۆمەڵگە، ئێوە خۆتان بەشداری حکومەتتان کردووە و بە ڕێککەوتن حکومەتتان پێکهێناوە، ئێستا ئەم ململانێیە لە پێناوی چی دەکەن؟ ئەگەر بەرنامەی ئەم حکومەتە لەگەڵ بەرنامەی حزبەکەی تۆ ناگونجێت لە حکومەت وەرە دەرەوە و ببە بە ئۆپۆزسیۆن، کە بوویتە ئۆپۆزسیۆنیش مافی خۆتە کار لەسەر کەموکورتییەکان بکەیت و ڕەخنە بگریت بۆ ئەوەی کەموکورتییەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام مافی ئەوەت نابێت کە هەوڵبدەیت حکومەت بڕووخێنیت.

*** ئەگەر بێینە سەر پرسی بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئایا تاچەند توانیوتانە ئەم لایەنە بەرپەرچ بدەنەوە؟**

- پێش هەموو شت، ناوی ئیسلام لە سەلامەوە هاتووە، واتە ئاشتی، هەروەها هەموو ئایینەکانی دیکەش ئەوجا چ ئاسمانی بێت، یان غەیرە ئاسمانی، هەموویان بۆ ئەوە هاتوون لە کۆمەڵگەدا چاکسازی بکرێت، نەك کۆمەڵگە وێران و کاول بکرێت، بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەراپای بۆ ئاشتی هاتووە. من پێشتر ئاماژەم بەوەکرد خوای گەورە لە قورئان دەفەرموویت، هەر کەسێك کەسێکی بێتاوان بکوژێت وەك ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت، بۆیە لەبەرامبەردا دەبێت ئەو کەسە بکوژرێتەوە، بەڵام دیسان ئەمەش ئیشی تەنیا کەسێك نییە، بەڵکو ئەمە کاری دەسەڵاتی دادوەرییە و بەپێی یاساکان مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات.. ئەوجا ئەگەر لێرەوە بێینە سەر ئەوەی ئەم گرووپە تیرۆریستییە کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووە، پرسیار ئەوەیە بە چ هەقێك ئەم گرووپە تیرۆریستە ئەو مافەیان بە خۆیان داوە کە خەلافەت ڕابگەیەنن؟ لەمەش زیاتر ئەوان بە چ هەقێك دێن خەڵکێك ئیسلام نەبێت، دەیکوژن، ئایا پێغەمبەر (د.خ) چۆن لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە پێیان دەڵێن ئەهلی زمە مامەڵەی کردووە؟ لەسەر ئەم پرسە فەرموودەی پێغەمبەر(

د.خ) هەیە کە دەفەموویت: یەکێك بە خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەهلی زمە بکات، وەك ئەوە وایە دوژمنایەتی من و خوای پەروەردگار بکات. پێغەمبەری موسڵمانان لەسەر مامەڵەی خراپ وا دەڵێت، ئەی ئەگەر بیانکوژیت، چۆن دەبێت؟ بۆیە هێندەی من لە ئیسلام شارەزام، ئەم گرووپە تیرۆریستییەی داعش بەهیچ شێوەیەك فەرمانی ئیسلامی جێبەجێ ناکەن، هەروەها ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیرە مەسەلەی فەتوایە، خەڵکانێك هەن چوار کەلیمەی خوێندۆتەوە و لێمان دەبێت بە موفتی، ئەمە لە کاتێکدا فەتوا سیستمی خۆی هەیە و هەموو کەسێك مافی ئەوەی نییە فەتوا بدات، لەمەش زیاتر مامۆستایەکی زانکۆ با دەرچووی زانستی ئیسلامیش بێت، ناتوانێت فەتوا بدات، لەبەر ئەوەی فەتوا دەبێت لیژنەیەك بیدات و ئیشی تاکەکەسێك نییە. لیژنەی فەتوا سەبارەت بە پێشمەرگە کە ئێستا دژی ئەو تیرۆریستانە دەجەنگێت، دەڵێت: هەر پێشمەرگەیەك لەم شەڕەدا بکوژرێت، پلەی شەهادەتی هەیە، هەتا ئەگەر ئەو پێشمەرگەیە موسڵمانیش نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی مادام بەرگری لە خاك و کەرامەتی نیشتمانی خۆی دەکات، ئەوا لای پەروەردگار لە پلەبەندی شەهیدە، بۆیە رووبەڕووبوونەوەی ئەم تاقمە تیرۆریستیە واجبە، هەر کەس و لایەنێك، یان حزبێکی سیاسی ببێتە هۆکاری ساردکردنەوەی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی کوردستان، خیانەتێکی گەورە بە کوردستان دەکات.

*** دیارە لەو کاتەوەی ئەم شەڕەی تیرۆریستان یەخەی کوردستانی گرتووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی راستەوخۆ و هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بووە، ئەوەش هۆکارێك بووە بۆ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، ئایا تاچەند ئەم شەڕە سەپێندراوە پێویستی بە سەرکردایەتی مسعود بارزانی هەیە؟**

- هەموو نەتەوەیەك پێویستی بە سەرکردەی لێهاتوو هەیە و بەبێ ئەو جۆرە سەرۆك و سەرکردانە نەتەوە ناتوانێت کاروبارەکانی خۆی هەڵبسووڕێنێت، ئێمە میللەتێکین خاوەنی مێژوو و شارستانیەتی خۆمانین، خوازیارین وڵاتەکەمان دیموکراتی بێت، بەڵام هەندێك نامۆشین بە دیموکراتی، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنیا لە رووی تیۆرییەوە چەمکەکان باس دەکەین و لە رووی پراکتیکەوە پیادەمان نەکردووە، بۆیە کاتێك باسی دیموکراتی دەکەین، دەبێت دیموکراتی لە ئاشووب و ئاژاوەگێڕی جیابکەینەوە. دیموکراتی سیستمێکە جیاوازییەکان لە ناوەڕاستدا بە یەکتری دەگەیەنێت. ئەگەر دیموکراتی بوو بەهۆی پێکدادان و ئاژاوە و جیاوازییەکان دروست بکات، ئەمەیان دیموکراتییەت نییە و ئاژاوەیە. لە ژینگەی لەم جۆرەدا کە لە نێوان جیاوازییەکاندا لە بری پێکگەیشتن، پێکدادان دروست دەبێت، ئەوا دەبێت بە دوای کەسانی وا بگەڕێین کە جگە لەوەی لە ناوخۆدا پێگەی بەهێزی هەیە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێگەی بەهێزی هەبێت، گومانی تیدا نییە بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی خاوەنی مێژوویەکی پڕ سەروەرییە، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیش پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە دەبێت بەدوای کەسێکی لەو شێوە بگەڕێین، کە لەم قۆناخە جڵەوی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بگرێتەدەست و بتوانێت چۆن لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەم بارودۆخی شەڕە بەڕێوەبەرێت، بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بتوانیت قسە بکات و ئەزموونی هەبێت، دیارە لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، منیش وەك ئەو بەڕێزانە هەر دەڵێم پێویستە یاسا ئەم پرسە چارەسەر بکات، بەڵام پرسەکە ئەوەیە هێشتا ئەم یاسایە گەڵاڵە نەبووە، یاسایەکی تۆکمەمان نییە کە چۆن سەرۆك هەڵدەبژێردرێت و کێ هەڵدەبژرێت؟ لە ئێستادا هەر لایەنێکی سیاسی لە روانگەی حزبی خۆیەوە تەفسیری بۆ دەکات، دیارە سەبارەت بە سیستمی دیموکراتیش، فۆرمگەلێکی جیاواز هەیە، لەوانەیە فۆرمێك بۆ وڵاتی ئێمە گونجاو بێت و فۆرمێکی دیکە گونجاو نەبێت، بۆیە پێویستە ئەم پرسە بە مێشکێکی سارد یەکلایی بکرێتەوە، هەتا ئەمە یەکلایی دەکرێتەوە، دیارە هیچ نەتەوەیەك بێ رابەر نابێت، لە ئێستا و بۆ ئەم قۆناخە کەسێکی وەك سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەو پێگەیەمان دەست ناکەوێت، دیارە لە جەنابی سەرۆك بارزانی ئەوەشم گوێ لێ بووە کە دەڵێت: سەرۆکی هەتاهەتاییمان ناوێت، لەمەش زیاتر ئەو ئامادەبووە لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دابنیشێت و پێکەوە پرۆسەکە بەڕێوەبەرن هەتا دەستوورێك بۆ کوردستان دادەڕێژرێت و یاسایەك ئەم پرسە یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئێستا وڵاتی ئێمە لە شەڕدایە، قەیرانی دارایی و ئابووریمان هەیە، ناتوانین هەڵبژاردن ئەنجام بدەین، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بودجەیەکی گەورەی دەوێت، لەمەش زیاتر هەڵبژاردن پێویستی بە ژینگەیەکی ئارامە، بۆیە دەبێت پەند و وانە لە نەتەوەکانی دیکە فێربین، هەر بۆ نموونە: وینستۆن چەرچل کە لە شەڕی دووەمی جیهانی سەرۆك وەزیران بوو، خۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا بوو، بەریتانییەکان وەك نەتەوەیەك لەو راستییە تێدەگەیشتن کە پێویستە چەرچڵ سەرۆکایەتی ئەو شەڕە بکات، بۆیە هەتا شەڕەکە تەواو بوو هەر چەرچڵ سەرۆك بوو، کە شەڕ تەواو بوو، چەرچڵ لە هەڵبژاردن دەرنەچوو. لەسەر ئەم پرسە من کتێبێکم خوێندۆتەوە کە تیایدا پرسیار لە خەڵکی بەریتانیا کراوە بۆچی چەرچل شەڕەکەی بردەوە، بەڵام دەنگتان پێ نەدا؟ لەوەڵامدا گوتوویانە، ئێمە لەکاتی شەڕ پێویستمان بە چەرچڵ بوو لەبەر ئەوەی ئەو پاڵەوانی جەنگ بوو، بەڵام دوای جەنگ ئێمە پێویستمان بە پاڵەوانێکی دیکە دەبێت

**ئەوەندەی من بەدواداچوونم لەسەر ژیان و خەباتی مسعود بارزانی کردووە، ئەم سەرۆکە حەزی لە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت نییە، حەزی لە پۆست و کورسی نییە، خۆی چەندین جار ئەمەی دووبارە کردۆتەوە، بۆیە پێویستە سەرۆکی ئەو حزبانە ئەو راستییە بزانن و کێشەکان قووڵ نەکەنەوە**

**جێگەی شانازییە بۆ هەر تاکێکی کوردستان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی چەندین مانگ لە بەرەکانی جەنگ ماوەتەوە و راستەوخۆ سەرپەرشتیی بەرەکانی جەنگی کردووە**

**بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی خاوەنی مێژوویەکی پڕ سەروەرییە، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیش پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە دەبێت بەدوای کەسێکی لەو شێوە بگەڕێین، کە لەم قۆناخە جڵەوی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بگرێتەدەست**

**کاتێک باسی دیموکراتی دەکەین، دەبێت دیموکراتی لە ئاشووب و ئاژاوەگێڕی جیابکەینەوە. دیموکراتی سیستمێکە جیاوازییەکان لە ناوەڕاستدا بە یەکتری دەگەیەنێت. ئەگەر دیموکراتی بوو بەهۆی پێکدادان و ئاژاوە لە نێوان جیاوازییەکان دروست بکات، ئەمەیان دیموکراتییەت نییە و ئاژاوەیە**

**هاندان و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبێکی دیکە، ئەمە تا بڵێی کارێکی ناشیرینە، نانەوەی ئاژاوە و پشێوی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ خزمەتکردنە بە دوژمنان و ناحەزانی کوردستان**

**لەم قۆناخەدا پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پرسە لاوەکییەکان وەلا بنێن و جەخت لەسەر ئامانجە سەرەکییەکە بکەنەوە کە بردنەوەی ئەم شەڕە و تێکشکانی تیرۆریستانی داعشە**

ئەندازیاری بودنیادنانەوە بێت. ئێمەش ئێستا پێویستمان بە سەرۆك مسعود بارزانی هەیە، سەرۆك مسعود بارزانی هەتا ئەگەر سەرۆکیش نەبێت، دەبێت رابەرێکی رۆحی نەتەوە بێت. هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا بەلای منەوە جێگەی شانازییە بۆ هەر تاکێکی کوردستان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی چەندین مانگ لە بەرەکانی جەنگ ماوەتەوە و راستەوخۆ سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگی کردووە، بۆ ئێستای ئێمە ئامانج گرنگە، ئامانجی ئێمە سەرکەوتنە لەم شەڕەدا بەسەر تیرۆریستاندا، ئەگەر ئەم شەڕە بەرینەوە لە ئامانجی سەرەکی نزیك دەبینەوە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، من خۆم لە شاری سلیمانی دەژیم، ئەم هێزە سیاسییانەی ئێرە من رێزم هەیە بۆیان، بەڵام خۆزگە ئەوەندە پەلەپەلەیان نەدەکرد، با لەم قۆناخە رابوەستن، هەتا ئەم شەڕە بە سەرکەتوویی کۆتایی دیت، گرنگە لەم قۆناخەدا ئامانجی سەرکردە سیاسییەکانمان بە پلەی یەکەم سەرکەوتن بێت لەم شەڕەدا، دوای ئەم شەڕە چۆن ململانێی سیاسی دەکەن، با بیکەن، ئەوەندەی من بەدواداچوونم لەسەر ژیان و خەباتی مسعود بارزانی کردووە، ئەم سەرۆکە حەزی لە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت نییە، حەزی لە پۆست و کورسی نییە، خۆی چەندین جار ئەمەی دووبارە کردۆتەوە، بۆیە پێویستە سەرۆکی ئەو حزبانە ئەو راستییە بزانن و کێشەکان قووڵ نەکەنەوە، دەبوو هەموویان ئامانجی سەرەکییان بکردایە بە سەرکەوتن لەم شەڕەدا، دوای ئەم شەڕە ململانێی خۆیان بکەن و جەماوەر خۆی یەکلایی دەکاتەوە، ئێستا خەڵك هۆشیارە دەزانێت کامە راستە و کامە هەڵەیە.

*** سەرۆك مسعود بارزانی داوای کردووە هەڵبژاردن بکرێت، هەروەها داوای کردووە خەڵکی کوردستان ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە. ئایا ئەم پرسە گرنگە باشتر نییە جەماوەر یەکلایی بکاتەوە تا پەرلەمان؟**

- بۆچوونی من هەموو کات بەمجۆرە بووە، ئەو سەرۆکانەی لەناو خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن بە دەسەڵاتی تەواوەوە، باشترین فاکتەرە بۆ سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵگە، ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین، ئەم ناوچەیە کەلتوور و پەروەردە و رۆشنبیری جیاوازە، بۆیە ئەگەر سەرۆك بەهێز نەبێت، یەکێك لەمەترسییەکان ئەوەیە ئاژاوە دێتەئاراوە، پشت بەخوا ئێمەی کورد ئاژاوە نایەتە ناومان، بۆیە من وای دەبینم سەرۆکی بەهێز گرنگە بەتایبەتی ئەگەر حکومەتێکی ئیتیلافی هەبێت و ٥-٦ حزب تێدا بەشدار بن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەناو ئەو فرەحزبییەدا هەتا یاسایەك، یان بەندێکی یاسایی دەردەکەیت، قیر سپی دەبێت، بۆیە لەم بارودۆخە دەسەڵاتی سەرۆك بە گرنگ دەزانم بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسانە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆ ئەگەر سەرۆك دەسەڵاتی هەبێت، مانای ئەوە نییە سەربەخۆ ئەو دەسەڵاتانە بەکاردەهێنێت، نەخێر سەرۆك دەستەی راوێژکاریی خۆی هەیە، هەروەها پەرلەمان و حکومەتیش دەبنە دەستەی راوێژکاریی سەرۆك بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانە.

*** دیارە لەماوەی پێشوو پەرلەمانی کوردستانمان بینی دووچاری چ قەیرانێك بوو، چۆن بووە هۆکاری ئەوەی کێشەکە بە بنبەست بگات، ئایا چۆن سەیری ئەو قەیرانە دەکەیت کە لەپەرلەماندا دروست بوو؟**

- لەسەر ئەم خولەی پەرلەمان بۆچوونێکی تایبەتیم هەیە. من وای دەبینم بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی ئەم خولە لە هەموو فراکسیۆنەکان، راستە خوێندەوارن، بەڵام کەم ئەزموونن، بۆیە هێندەی کاراکتەری خۆ دەرخەر بوون لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان، هێندە کاری پەرلەمانییان نەکردووە، من دەپرسم حکومەتێك حکومەتێکی بنکە فراوان و هاوپەیمانی نێوان حزبەکان بێت، چۆن پەرلەمانتار دێت حکومەتی خۆی دەشکێنێت، لەمەش زیاتر هەتا ئەگەر حکومەتەکەش هاوپەیمانی نەبێت، کاری پەرلەمانتار ئەوە نییە حکومەتی خۆی بشکێنێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو پەرلەمانتارانە ئەزموونیان کەم بووە. سەبارەت بە سەرۆکی پەرلەمانیش بەڕێز یوسف محەمەد لە زانکۆی خۆمان بووە، راستە لە بواری خوێندن زیرەك بووە و لە ماوەیەکی کورتدا لە زانکۆی رافیدەینی ئەهلی ماستەر و دکتۆرای وەرگرتووە، بەڵام هێشتا گەنجێکە و پێویستە ئەزموونی زیاتری لە سیاسەت هەبێت، بەگشتی سەرۆکی پەرلەمان، هەروەها ئەندامانی پەرلەمانیش پێویستە ئەزموونی سیاسییان هەبێت، خوێندنەوەی باش و دروستیان هەبێت لەسەر هەموو حزبە سیاسییەکان، لەسەر رابردووی کەسایەتییەکانی ناو حزبەکان، دەبێت شارەزای مێژوو و زانستی سیاسەت بن. تەنیا وەرگرتنی خێرای بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بەس نییە و نابێتە ئەزموون، بۆیە ئەو بەڕێزە کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، ئەوەی لەبیرچوو کە سەرۆکی پەرلەمانە و حکومەتێکی هاوپەیمانی بوونی هەیە. بەڕێوەبردنی پەرلەمان بەو جۆرە ناکرێت چەند کەسێك کۆبکەینەوە و هەوڵبدرێت لایەنێکی سەرەکی لە پرۆسەکە وەدەر بنرێت، دەبوو بێ جیاوازی و بە بێلایەنانە لەگەڵ هەموو لایەنەکان دابنیشتایە و بە راشکاوی رایەکانی خۆی بڵێت و گوێ بۆ بەرامبەریشی بگرێت، دەبوو ئاگاداری ئەوە بوایە، لەبەر ئەوەی ئێمە حکومەتێکی هاوپەیمانیمان هەیە، ئەوا دەبێت هەموو شتەکان بۆ چارەسەرەکان بێنەوە خەتی ناوەند و لەوێدا هەمووی پێکەوە بەیەك بگەن، بەڵام ئەوەی ئەو کردی، ئەوە بوو لە بری ئەوەی لە خەتی ناوەند هەموو بە یەك بگەن، وایکرد لە خەتەکە دەربچن. هەروەها لەم خولەی پەرلەمان پەرلەمانتارەکان چی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەگوترا، ئێوارە لە شاشەکانی تەلەفزیۆن دەکرانە تەشهیر و

ناوزڕاندن بۆ لایەنی بەرامبەر. ئەگەر کوردستان بە تەواوەتی وڵاتێکی دیموکراتی بوایە. زۆرێك لەو پەرلەمانتارانە رووبەڕووی ڕێوشوێنی یاسایی دەبوونەوە، بۆیە ئەوەی لە پەرلەمان روویدا بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بۆتە هۆکاری ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ناوچەکانی سلێمانی بوونی هەیە، پرۆسە خوێندن راوەستاوە، خۆم لێکۆڵینەوەیەکم لەبەردەستە، لەوەتەی ئەم بارودۆخە روویداوە، نەمتوانیوە یەك وشە بنووسم.

*** ئایین پێش هەر شێك پێوەندی نێوان پەروەردگار و بەندەی خۆی ڕێکدەخات، ئایا ڕەوایە ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ مەرامی سیاسی بەکار بهێندرێت؟**

- ئایینی ئیسلام بایەخێکی زۆر گرنگی بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەموو ئاسایشەکانی دیکە داوە، بۆیە ناکرێت ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری بەکار بهێندرێت، پێش ئەوەی ئێوە بێن، لە ڕێگەی یوتوبەوە گوێم لە گوتاری مەلایەك گرتبوو، ئەم مەلایە لە گوتارەکەیدا بە حیساب قسەی جوان دەکات و ڕوودەکاتە پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و دەڵێت: ئەگەر حکومەت بە گوێی نەکردن چەکەکانتان فڕێ بدەن و بە حکومەت بڵێن باخۆی بچێت شەڕی داعش بکات. سەرنج بدەن ئەم گوتارە خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی زمنی پشتیوانیکردنە لە تیرۆریستانی داعش. پرسێکی دیکە هەیە کە لە گوتارەکاندا بەکاردەهێندرێت، ئەویش پرسی تەکفیرە. ئەوەی من تێگەیشتووم بەپێی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کەس بۆی نییە کەسێکی دیکە کافر بکات، لەبەر ئەوەی هەتا ئەگەر کافریش بێت، مافی ژیانی هەیە، ئەمە بەدەق ئایەتی قورئانی پیرۆزە کە دەڵێت: ئەگەر بمانویستایە هەموومان دەکرد بە یەك ڕێگە، هەر بۆ نموونە پێغەمبەر (د.خ) مامەڵەی لەگەڵ جوولەکەی مەدینە کردووە و تەنانەت جارێك قەڵغانی جەنگ وەك بارمتە لای جوولەکەیەك دادەنێت بۆ قەزرکردن، ئەمەش مانای ئەوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامی منە ئەوەیە هەندێك جار چەند مامۆستایەکی ئایینی ئیسلام لە ناو پەرلەماندا فەتوا دەدەن. پێموایە مێزەر و عەبا بۆ ئەوەیە بچیتە مزگەوت و پێشنوێژی بکەیت. من ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ببمە ئەندام پەرلەمان بە مێزەر و عەباوە ناچمە پەرلەمان. بەهەرحاڵ ئەوە مافی خۆیانە، بەڵام گرنگە ئەو مامۆستایانە بزانن، کە دەچنە پەرلەمان کاری سیاسەت دەکەن و دەبێت بە زمانی سیاسەت قسە بکەن، نەك فەتوا، لەبەر ئەوەی فەتوا مەرجی خۆی هەیە و هەر کەسێك مافی فەتوادانی نییە، بۆیە بەکارهێنانی هەندێك ئایەت و فەرمووده بۆ مەرامی سیاسی و حزبی، من بە شتێکی ناڕەوای دەزانم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەکارهێنانی ئایەت و فەرمووده، بۆ ئەوەیە بە بەرامبەرەکەت بڵێیت: من لەسەر ڕێگەی راستم و پابەندم بە ئایینەوە، تۆ پابەند نیت. ئەمە لە کاتێکدا حزبەکانی کوردستان هەموویان بە حزبی شیوعی کوردستانیشەوە ئایین ڕەتناکەنەوە، ئەوانیش موسڵمانن و خۆیان بە موسڵمان دەزانن، بۆیە کارێکی زۆر ناڕەوایە ئایین بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکار بهێندرێت. هەروەها نابێت ئیسلام بکرێتە حزب، ئەمەش قسەی من نییە. چوار جار لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس دانیشتووم، هەر چوار جارەکە گوتی: حزبایەتی مەکە، مەچۆ ناو حزبی ئیسلامیش، ئەگەر هەر حزبایەتیش دەکەی، لەناو حزبی ئیسلامی حزبایەتی مەکە، لەبەر ئەوەی حزبایەتی ئیسلام دابەش دەکات، من زۆر شارەزاییم لەسەر ئەم حزبە ئیسلامییانەی خۆمان هەیە و یەکەیەکە لەگەڵیان دانیشتووم، بۆیە وەك خۆم بڕوام بە حزبی ئیسلامی نییە.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، ئایا ڕۆڵی وەزارەتی ئەوقاف لە ماوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە دیدی منەوە وەزارەتی ئەوقاف کەمتەرخەمی زۆری کردووە، لەبەر ئەوەی کاری وەزارەتی ئەوقاف هەر ئەوەندە نییە مووچە بەسەر مەلاکاندا دابەش بکات، ئەرکی سەرەکیی وەزارەتی ئەوقاف ئەوەیە چاودێری گوتارەکانی رۆژی هەینی بکات، ئەوەندەی من سەرنجم داوە، زۆربەی گوتارەکانی رۆژی هەینی لە مزگەوتەکاندا لە ئاستی ئەم دۆخە هەستیارەدا نین. سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی داعش، ژمارەی ئەو مامۆستایانە زۆر کەم بوون کە راستییەکانیان دەربارەی داعش گوتووە، هەندێکیان هەر خۆیان لێ لاداوە، لەمەش زیاتر وروژاندن و هاندانی شەقام بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ وتاری هەینی مەلاکان، ئەوجا چ بە شێوەی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ. لە رووی پێوەندیی نێودەوڵەتییەوە، وەزارەتی ئەوقاف زۆر زۆر کەمتەرخەم بووە، نەیتوانیوە لیژنەیەك لە خەڵکانی بەتوانا پێکبهێنێت و بیاننێرێت بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ئەوەی بەو وڵاتانە بڵێن کوردستان چ شەڕێك بەرامبەر ئەو تیرۆریستانە دەکات. پێیان بڵێن گرووپێك بە ناوی ئیسلامەوە پەیدابوون، ئەمانە ئیسلام کاول و وێران دەکەن. سەبارەت بەو ئامادەیی و ئامۆژگایانەی وەزارەتی ئەوقاف سەرپەرشتی دەکات، بەشی هەرە زۆری ئەو قوتابییە توندڕۆیانەی ئێمە لە کۆلێژەکانی شەریعەت و زانستی ئیسلامی دەیانبینین و هەموویان دەرچووی ئەو ئامادەیی و ئامۆژگایانەن کە وەزارەتی ئەوقاف سەرپەرشتیان دەکات، دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی حزبیی لایەنە سیاسییەکان، بۆیە بەڕێوەبەرانی ئەو ئامادەیی و ئامۆژگایانە زۆربەیان خەڵکانی توندڕۆن، قوتابییەکانیشیان بە ئاستێك توندڕۆن، بەهیچ شێوەیەك باسی کوردایەتی ناکەن، ئەگەر هەتا بەکوفریشی دانەنێن.

**گەشەی ئابووری و واقیعی کوردستان، نە بە بەغدا و نە بە دەوڵەتانی دەوربەر بە ئاسانی قبووڵ نەدەکرا، بۆیە هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی هەنگاوەکانمان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ پەکبخەن یان ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست بکەن**

**بۆ باشووری کوردستان بێجگە لە سەربەخۆیی هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە دادمان نادات، ئەوەش زیاتر لە هەموو شتێک یەکڕیزی دەوێت**

**دوای پشتیوانی خوا، ئەوەی کورد دەگەیەنێتە ئامانج تەنیا و تەنیا یەکگرتن و یەکڕیزیی کوردە**




## جۆشوا لاندیز تایبەتمەند لە پرسی کورد و سووریا بۆ گوڵان:

# پێویستە کورد پەند لە مێژوو وەربگرێت و پێش هەموو شت دەبێت یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن

**جوشوا لاندیز پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، لە زانکۆی پرینستۆن بەدەست هێناوە و لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەردەوام لە لایەن ئەنستیتوتی برۆکینز و چەتەم هاووس و ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند سەنتەرێکی دیکەی توێژینەوە بانگهێشت دەکرێت بۆ قسەکردن لەبارەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونەکانی ئەم ناوچەیە. گوڵانیش ویستی ڕاوبۆچوونی بزانێت لەبارەی دوایین ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە و ئەو هاوکێشە و جەمسەربەندییە نوێیانەی هاتوونەتە ئاراوە و ئەگەری بەردەم کورد لەم ناوچەیەدا، ئەوەش لە شێوەی دیدارێکدا بەم شێوەیە خوارەوە ئەنجام درا.**

*** چۆن گۆڕانکارییە نوێیەکانی سووریا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئاشکرایە رووسیا هاتووە تا لایەنی ئەسەد بگرێت و پێیوایە ئەسەد تەنیا دەسەڵاتی شەرعییە لە سووریادا و ئەوانی دیکە هەموو تیرۆریستن. ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکان لەڕێی جۆن کێری -یەوە دەڵێت ئەمە جێگەی قبووڵ نییە و رووسیا دەبێت جیاوازی بکات لە نێوان تیرۆریستان و سوپای سووریای ئازاد. بۆیە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە دەیەوێت لەگەڵ رووسیادا کار بکات، بەڵام دەبێت هاوڕا بن لەسەر ئەوەی کێ دۆستە و کێ دوژمنە.

*** وەك دەبینی تورکیاش دەستێوەردانی لە سووریادا هەیە لە دژی کوردەکان؟**

- بەڵی ئەمەش کێشەیەکی ترە. ئاشکرایە تورکەکان و سعودییەکان و ئێرانییەکان پێویستە هەموویان ڕێبکەون، لەبەر ئەوەی کارئەکتەری سەربازییان هەیە لە سووریادا،

هەروەها بەدڵنیاییەوە حیزبوڵڵاش دەبێت لەگەڵیاندا ڕێکبکەوێت لەبەر ئەوەی هەموویان کاریگەری گەورەیان هەیە لە مەیدانەکەدا. بۆیە پێموایە ڕووسیا داوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات کە کێ بە تیرۆریست دادەنێت و کێ بە تیرۆریست دانانێت.

*** تا چ ڕادەیەك ئەم دەستێوەردانە ی ڕووسیا بارودۆخی ئاڵۆزی سووریا ئاڵۆزتر دەکات؟**

- بێگومان ئاڵۆزتری دەکات لەبەر ئەوەی ئەسەد بەئاسانی تێك ناشکێندرێت. پێش دەستێوەردانەکەی ڕووسیا، زۆربەی ڕکابەرەکانی ئەسەد پێیانوابوو دەتواندرێت دواجار سوپای ئەسەد و ڕژێمەکەی تێکبشکێندرێت گەر بەردەوام شەڕی لەگەڵدا بکەن، بۆیە گفتوگۆیان لەگەڵ نەدەکرد و ئەسەد لاواز و لاوازتر دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ وێنەکە گۆڕاوە و نازانین بە یارمەتی ڕووسیا ئەسەد چەند بەهێز دەبێت و ئەمەش گرفتەکەیە. ئەسەد پێیوایە دەتوانێت حەلەب بگرێتەوە، ئەمەش تا ئێستا لە هەفتەی یەکەمی شەڕدا ڕوون نییە کە ئایا دەسەڵاتی سەربازی ئەسەد ئەوەندەیە کە بتوانێت هەموو ئەو شارانە بگرێتەوە کە لە دەستی دابوون، تەنانەت بە هێزی ئاسمانیی ڕووسیاشەوە. ئەگەر توانییان ئەمە بکەن، ئەوا شۆڕشگێڕان دەبێت چاو بە هەڵوێستیاندا بخشێننەوە بەوەی کە گفتوگۆ ناکەن، بەڵام ئەگەر نەیانتوانی، ئەوا بارودۆخەکە وەك پێشتر بەردەوام دەبێت.

*** تا چ ڕادەیەك ئەم دەستێوەردانەی ڕووسیا جەمسەربەندی و هاوکێشەی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگۆڕێت، چونکە وەك دەزانیت ڕووسیا قاعیدەی سەربازی لە لازقیە لەسەر دەریای ناوەڕاست هەیە؟**

- وەك ئەوەی سەرۆك ئۆباما بەم دواییانە وتی، ئەمە لە ڕاستیدا ڕووسیا لاوازتر دەکات بەوەی کە پارەیەکی زۆر دەبێت لە سەربازەکانیدا خەرج بکات و وڵات هیلاك دەکات و سەربازەکانی دەخاتە شەڕێکەوە کە نایبەنەوە.

*** وەك دەزانی تورکیا ڕێی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرت کە یارمەتی کوردەکانی ڕۆژئاوا بدات لە سووریا، بەڵام بە ئامادەبونی سەرۆك بارزانی بڕیاریدا کە چەك بدات بە کوردەکان و تورکیاش ڕەخنەی لەم بڕیارە گرت. تا چ ڕادەیەك تورکیا بووەتە لەمپەر لەبەردەم لاوازکردن و تێکشکانی داعشدا؟**

- پێموایە تورکیا ڕێگرە و ئەمریکا خەریکە لەمە زیاتر تێدەگات کە تورکیا ڕێگرە و هاوبەش نییە. ئەو بۆمبە تیرۆریستییەی کە سەدەها کورد و تورکی کوشت، بەڵام هەڵوێستەکانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ساویلکانە بوو، تەنانەت لەسەر پرسی تیرۆریستی بێخەم بوون. بەڵام لەوەش زیاتر پێموایە ئاشکرایە کە تورکیا دەیوت دەچم شەڕ لەگەڵ داعش دەکەم و ڕێگە بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدەم قاعیدەکانی بەکاربێنێت، هەر لەوکاتەدا دەستی کرد بە بۆمبارانکردنی کوردەکان، ئەمەش وانەیەکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کە تورکەکان نایانەوێت شەڕی داعش بکەن، بەڵکو دەیانەوێت وا لە ئەمریکا بکەن یارمەتی کوردەکان نەدات، بەڵام ئێستا ئەمریکا لەوە تێگەیشتووە و بەردەوام دەبێت لە یارمەتی کوردەکان بۆ تێکشکانی داعش، ئەمەش ئیهانەیەك و پەیامێکی ڕوونە بۆ حکومەتی تورکیا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێتە هاوبەشی ئەنقەرە بۆ تێکشکانی یەپەگە و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڕوونی جیاوازی دەکات لەنێوان پەکەکە و یەپەگە، تەنانەت ئەگەر تورکیاش ئەم جیاوازییە نەکات. ئەمە کاتێکی زۆر گرنگە بۆ کوردەکان و ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کوردستان بە دوو فاکتەر پاڵپشتی دەکرێت: یەکەم بە لاوازی و ئەو ئاژاوەیەی کە لە نەتەوەکانی دەوروبەریان هەیە، بەتایبەتی عەرەبەکان کە شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن؛ دووەمیشیان بە بوونی پێوەندیی باشیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر ئەوەی ناوچەی دژەفڕین و پاراستنی تا ئێستا دابین کردووە و هەروەها پاڵپشتی دیپلۆماسی و سەربازیشی دابین کردووە. بەڵام ئەگەر کوردەکان هێشتیان وڵاتەکەیان کێشەی تێبکەوێت و لە ڕێکارە پەرلەمانی و دەستوورییەکان دوور بکەونەوە، ئەوا زۆر قورس دەبێت بۆ ئەمریکا کە پاڵپشتی کوردەکان لە قەیراندا بکات. بەهەمان شێوە ئەگەر یەپەگە تاوان دژی عەرەبەکان بکات، ئەوا بۆچوونەکان لە ئەمریکا دەگۆڕێن. ئەمڕۆ ڕای سیاسی و گشتی لە ئەمریکا زۆر لە قازانجی گەلی کوردە و ئەمریکییەکان کورد وەك میللەتێك دەبینن کە مێشك کراوەن لە بەرانبەر کەمینەکان و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن. لەوانەیە دەسەڵاتدارانی کورد نەزانن ئەو پاڵپشتییە چەند بە بەهایە. تا ئێستا ئەمریکییەکان سەرسامن بەوەی کە لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو پەرلەمانی دیموکراسی چوون، بەرەو هەڵبژاردن و بەهێزیی چینی ناوەند چوون و بازرگانان و قۆنتەراتچیانیان هەیە و لەڕووی کەلتوورییەوە مۆسیقای باشیان هەیە. کوردەکان بوونەتە مۆدێلێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تا کورد بەردەوام بێت لە ڕێزگرتنی مرۆڤ و کارە باشەکانی بە کرانەوە هەم لەڕووی سیاسی و کەلتوورییەوە، ئەوا پاڵپشتی نێودەوڵەتی زیاتر دەبێت، بەڵام ئەگەر بەرەو دیکتاتۆری بڕوات، ئەوا مایەی نائومێدی دەبێت و زیاتریش لەهەر کەسێك کوردەکان بێهیوا دەکات. تا ئێستا یەکێتی کوردەکان شتێکی زۆر باش بووە کە دەرگاکانی لێکردوونەتەوە و ئەم یەکێتییەش بەدڵنیاییەوە زۆر گرنگە و لەماوەی ئەم چەند دەیەی ڕابردوودا یەکگرتوو بوون، ئەمەش زۆر بەهێزی کردوون. بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرن کە لە مێژوودا کاتێك کوردەکان لەناو خۆیاندا دابەشبوون، بووەتە هۆی لاوازبوونیان.

**ئەمریکا خەریکە لەمە زیاتر تێدەگات کە تورکیا ڕێگرە و هاوبەش نییە. ئەو بۆمبە تیرۆریستییەی کە سەدەها کورد و تورکی کوشت، بەڵام هەڵوێستەکانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ساویلکانە بوو، تەنانەت لەسەر پرسی تیرۆریستی بێخەم بوون**

**ئەمڕۆ ڕای سیاسی و گشتی لە ئەمریکا زۆر لە قازانجی گەلی کوردە و ئەمریکییەکان کورد وەک میللەتێک دەبینن کە مێشک کراوەن لە بەرانبەر کەمینەکان و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن**

**تورکەکان نایانەوێت شەڕی داعش بکەن، بەڵکو دەیانەوێت وا لە ئەمریکا بکەن یارمەتی کوردەکان نەدات، بەڵام ئێستا ئەمریکا لەوە تێگەیشتووە و بەردەوام دەبێت لە یارمەتی کوردەکان بۆ تێکشکانی داعش، ئەمەش ئیهانەیەک و پەیامێکی ڕوونە بۆ حکومەتی تورکیا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێتە هاوبەشی ئەنقەرە بۆ تێکشکانی یەپەگە**

**لەماوەی ئەم چەند دەیەی ڕابردوودا یەکگرتوو بوون، ئەمەش زۆر بەهێزی کردوون. بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرن کە لە مێژوودا کاتێک کوردەکان لەناو خۆیاندا دابەشبوون، بووەتە هۆی لاوازبوونیان**



## ڕۆکسان ئیوبین

**تایبەتمەند لە کارلێکی نێوان ئیسلام و سیاسەتی ئێرۆ ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# موسڵمانان لە فەرەنسا١٠٪ی دانیشتووان پێکدەهێنن ئەمەش ژینگەیەکی لەباری بۆ تیرۆریستی لۆکاڵی دروستکردووە

**پرۆفیسۆر رۆکسان ئیوبین ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ویلیسلی لە ئەمریکا و تایبەتمەندە لە بەراوردکاری تیۆری سیاسەت و بەتایبەتیش لە کارلێکی نێوان ئیسلام و بیرکردنەوەی سیاسیی ئیرۆ- ئەمریکادا. بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی وەرچەرخاوی رێکخراوە ئیسلامییەکان لە رۆژئاوا و بوونیان بە مەترسی بۆ سەر ژینگەی سیاسیی ئەو وڵاتانە، هەروەها دروستبوونی کەسانی رادیکاڵی جیهادی ئەوتۆ کە لە ئەوروپاوە کۆچ دەکەن و پێوەندی بە ریزەکانی تیرۆریستانی داعشەوە دەکەن، چەند پرسیارمان ئاراستەی پرۆفیسۆر رۆکسان کردووە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە نوێبوونەوەی لە پڕ و زۆری جیهادی و سەلەفییە توندڕەوەکان بارودۆخەکە تەواو لە ئەوروپادا گۆڕاوە و نەوەیەکی نوێی جیهادی لەم کیشوەرەدا دەرکەوتوون، کە تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە لە نەوەی پێشوو کە زیاتر مەیلیان بەلای ئامۆژگاری کردنەوە هەبوو، بەڵام نەوەی ئێستا زیاتر روو لە توندوتیژی دەکەن، ئایا ئەو پاڵنەر و ئاڕاستانە چین کە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم بارودۆخە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیەوە هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت وریا بین لە بەکارهێنانی تێرمەکان. «سەلەفیزمی توندڕەو» و «جیهادیزم» دوو تێرمن کە لە جیاتی ئەوەی ئەو بابەتەی دەمانەوێت باسی بکەین، زیاتر ڕوون بکاتەوە، نارۆشنی دەکات. «جیهادیزم» لە وشەی عەرەبی جیهادەوە هاتووە کە بە مانای هەموو جۆرەکانی تێکۆشان و هەوڵدان دێت بۆ توندوتیژی. سەلەفیزم ئاماژەیە بۆ ئەو موسڵمانە هاوچەرخانەی کە بە شێوەیەکی گشتی میتۆدەکانی ڕاڤە و شێوازەکانی قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕەتدەکەنەوە و تەنیا وشەکانی خوا و حەدیسەکانی محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) و ئەو نموونانەی کە خواپەرستانی پێشوو شوێنی کەوتوون، وەك ڕێنیشاندەری ڕەفتاری گونجاو وەردەگرن. بەشێکی گرنگە لە جینالۆجیای (بۆماوەزانی) ئیسلامی هاوچەرخ، هەروەها دووبارە بەشێکی گرنگیشە لە جینالۆجیای مۆدێرنیزمی ئیسلامی و لە هەموو بارێکدا هیچ پێوەندی بە توندوتیژیەوە نییە.

من لەبەر چەند هۆیەك زاراوەی «ئیسلامی رادیکاڵی» بە پەسەندتر دەزانم. لەبەرئەوەی «رادیکاڵ» لێرەدا ئەو گرووپە ئیسلامییانە دەگرێتەوە کە ڕوانینیان بۆ جیهان دابەشبووە بەسەر پۆلێنێکی نائاسایی باش و خراپدا و پابەندییان بە جیهادی چەکدارییەوە شتێکی هەرە لەپێشە. ئەمەش جیایان دەکاتەوە لەو گرووپانەی کە بۆ نموونە داوای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ دەکەن، یان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی دەعواوە (واتا بانگهێشت و بانگکردن بۆ ئیسلام)، یان ئەوانەی کە ڕوانینیان بۆ جیهان زیاتر نەرمە و ڕەق نییە. لەهەمان کاتدا هێشتنەوەی وشەی «ئیسلامی» پێیانەوە بەردەوامی گرووپە ئیسلامییەکان دەگەیەنێت کە زۆرجار دابەشبوون بەسەر «میانڕەو» و «توندڕەو» دا. بەدڵنیاییەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلامیزم تێرمێکی تەواوە و بەڵکو لەویشدا خەوش هەیە. دەمەوێت بڵێم کە بێجگە لەوانی تر، خراپترین زاراوەیە. هەرچەندە هەموو ئەم شتانە ڕەنگە لەباس لادان بێت، بەڵام وشەکان نەك هەر هێزی وەسفیان هەیە، بەڵکو جیهانیش دروستدەکەن، بۆیە پێموایە زۆر گرنگە تاچەند دەکرێت ڕوون و وردبین سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەکان و هۆکاری بەکارهێنانیان. ئەمەش بەتایبەتی لەوکاتەدا ڕاستە کە باس دێتە سەر هەموو ئەو شتانەی پێوەندی بە ئیسلام و ئیسلامیزمەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ناحاڵیبوونێکی زۆر هەیە لەسەر هەردوو بابەتەکە. وەڵامی پرسیارەکە بەشێکی پشت دەبەستێت بەوەی چ گرووپێکی رادیکاڵی ئیسلامی و لە چ وڵاتێکی ئەوروپی و لە چ کاتێکی دیاریکراودا مەبەستە. هەروەها ئەو بارودۆخەی یارمەتی سەرهەڵدانی سەرکردە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکانی داوە، زۆرجار تەواو جیاوازە لە بارودۆخی شوێنکەوتووانیان، بەڵام ئەگەر بە فراوانی سەیر بکەین و تەنیا ئەم ١٥ ساڵەی دوایی ببینین، ئەوا چەند شێواز و پاڵنەرێکی دیاریکراو هەن کە دەتوانرێن لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوای ئەوروپی جیاوازدا ببینرێن کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارن لە سەرنجڕاکێشی بیرۆکەی ئیسلامییەکاندا. بارودۆخی ئێستای فەرەنسا بە شێوەیەکی تایبەت بەسوودە، نەك تەنیا لەبەر ئەو کوشتنانەی چارلی هیبدۆ کە لەلایەن سێ

**زیندانییان لە گوانتانامۆ و کوبا و ئەبوغرێب زۆرخراپ مامەڵەیان لەگەڵ کرا، هەروەها زیانێکی زۆر دراوە لە متمانەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراسی—ئەمە جگە لەناوبانگی دیموکراسی کە بانگەشی کردووە بیکات— کاتێک یاسا و پرەنسیپەکانی خۆیان پێشێل دەکەن لە پێناو شوێنکەوتنی دوژمنانیاندا. ئەمەش گوتاریک دەداتە دەست گروپەکانی وەک قاعید و داعش کە سەرقاڵی وەرگرتنی شاراوەن کە بڵێن دیموکراسی ڕۆژئاوایی ڕقی لەئیسلامە و مونافیقە.**

**مامەڵەیەکی خراپە کە تایبەتمەندی هەموو هاونیشتمانییان بسڕیتەوە لە پێناو چەند سەد لاوێکی گۆشەگیر کە دەیانەوێت بچن بۆ سووریا**

**ئەوەی پێویستە کێشەکە چارەسەربکات دەستی هەیە لە دروستبوونیدا. لێرەشدا کێشەی جیاواز هەیە. یەکەم کێشەی دەوڵەتی ئیسلامی خۆی کە دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین لایەنی بەرپرس—ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوبەشە هاوپەیمانەکانی، سعودیە، ئێران، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، رژێمی ئەسەد. بەڵام ئەمانە هیچ بیرۆکەیەکیان نییە کە چۆن ئەو دڕندایەتییەی کە دەرکەوتووە لەناوی بەرن، یان بەرژەوەندییان هەیە لەوەی بەردەوام بێت**

**ئەوەی من وەک ئیسلامی سەر قەنەفە ئاماژەم پێداون—کە لە سەرتاپای جیهاند هەن و تەنیا پێویستیان بە تەلەفۆنێکی زیرەک، یان دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت هەیە لەهەر شوێنێک بن کاری خۆیان دەکەن. ئەمە سوپایەکی ئاشکرایە و بەرپرسیارە لە بڵاوبونەوەی پروپاگەندەکانی داعش**

«تیرۆریستی خۆماڵی»ـەوە ڕێکخرا و جێبەجێکرا، واتە موسڵمانی فەرەنسی کە لە خێزانی ماڵی و جەزائیری بوون. هەروەها بەسوودیشە لەبەر ئەوەی بارودۆخی تایبەتی فەرەنسا کە بەشدارە لە سەرنجراکێشی بیرۆکەی رادیکاڵی ئیسلامی لەنێو موسڵمانانی لاو کاردانەوەی شێوازی فراوانترە لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا. سەرەتا فەرەنسا زۆرترین دانیشتووانی موسڵمانی لە ئەوروپادا تێدایە کە بە نزیکەی ٥ بۆ ٦ ملیۆن، یان لە سەدا ١٠ی سەرجەم دانیشتووانی فەرەنسا پێکدێنن. ئەمە لە لایەکەوە پێوەندی بە میراتی ئیستعماری فەرەنسییەوە هەیە کە زۆربەی باکووری ئەفریقای داگیرکردبوو، هەروەها بەتایبەتیش پێوەندی بە شەڕە توندەکەیەوە هەیە لە جەزائیر. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە پارتی ڕاسترەوی توندڕەو، بەرەی نیشتمانی، هەر لەمێژە بەوە ناسراون کە دژی کۆچبەرانن و نەژادپەرست و دژە سامی و ئیسلامۆفۆبیان. سەرەڕای ئەوەش زۆر لە کۆچبەران و منداڵانیان لە وڵاتانی زۆرینە موسڵمان لە گەڕەکانێك دەژین پێی دەوترێت: «ناوچە شارستانییە هەستیارەکان»، ئەم ناولێنانەش دەرئەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە ئەو ناوچانە بەدەست بەرزی ڕێژەی بێکاری و هەژارییەوە دەناڵێنن، هەروەك چۆن لە زۆر شارەکانی ئەمریکادا زۆرجار گرژی نەژادی توندوتیژ هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی کاری پۆلیس لەو گەڕەکانەدا. لە کۆتاییشدا کە ئەمە دواهۆکار نییە، شێوەیەکی تایبەت لە عەلمانییەت لە دەوڵەتی فەرەنسیدا هەیە کە پاڵپشتی لێدەکرێت و دەسەپێندرێت پێی دەوترێت: «لایسیتەی» laïcité کە بە فەرمی دەوڵەت بێلایەنە لە بەرانبەر ئاییندا و نایەڵێت دەست بخاتە ناو فەزای گشتییەوە. بەڵام هەر وەك توێژینەوە نوێیەکان لەسەر عەلمانییەت پیشانیان داوە، عەلمانییەت دابەشبوونێکی سروشتی نێوان فەزای گشتی و تایبەتی نییە، بەڵکو گوزارشتێکی دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرنە بۆ دروستکردنی ئەو دابەشبوونە و پاشان دیاریکردنی ئەوەی سەربە چ بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە وابکات سروشتی و حەتمی بێت بۆ ئەوانەی کە لە کەلتووری عەلمانییەتدا لەدایك بوون و گەورە بوون. موفارەقەکە بەتایبەتی ئەوەیە، سەرەڕای بانگەشە ڕەسمییەکانی بێلایەنی دەوڵەت، لە هەموو شوێنێك عەلمانییەت وەك دەسکەوتی گەورەی «شارستانیەتی جوولەکە و مەسیحی» یاد دەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لەژێر ناوی عەلمانییەت، دەوڵەتی مۆدێرن سەرگەرمی ڕێکخستنێکی زۆری ژیانی ئایینییە و جیاوازی دەکرێت لەنێوان مومارەسەی ئایینی کەمینە و زۆرینە و ڕێکدەخرێن و لە هەندێ کاتی مێژوویشدا لەبەر هۆکاری سیاسیی جیاواز قەدەغە کراون. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بێتەوە، تەنیا سەیرکە، هەرچەندە فەرەنسا مێژوویەکی درێژی لەگەڵ خستنەڕووی ئاشکرای سیمبولە کاسۆلیکییەکان هەیە، بەڵام حکومەتی فەرەنسا بە پێویستی زانی مومارەسەی ئایینی موسڵمانان لە یاسای ٢٠١١ دا بکاتە ئامانج و بە ئاشکرا نیقاب لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە بکات. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، بەدڵنیاییەوە ڕەخنە لە پرەنسیپی یەکسانی ئایینی ناگرم کە بیرۆکەی عەلمانییەت دەیجووڵێنێت، بەڵکو دەمەوێت سەرنجتان ڕابکێشم بۆ ئەوەی چۆن ئەمە لەلایەن زۆر موسڵمانەوە لە فەرەنسا بینرا کە پێشتر خۆیان هەستێکی توندیان هەیە، تەنانەت ئەگەر هاونیشتمانی فەرەنسیش بن و بە فەرەنسیش بدوێن، بەڵام فەرەنسا بڕیاری داوە کە هەرچۆنێك بێت سەر بەو نین. لە وەڵامی پرسیارێکی «بی بی سی»، شایستە عەزیز کە ئافرەتێکی موسڵمانی فەرەنسییە شتێکی وت کە گوێم لێبووە دووبارە و دووبارە بەشێوەی جیاواز لەلایەن موسڵمانە فەرەنسییەکانەوە دەوترێتەوە، باسی ئەوەی کرد وەك ئەوەیە کە لەلایەن نیشتمانی خۆتەوە ڕەتبکرێیتەوە لەبەر ئەوەی موسڵمانی، ئەو وتی، «وەك ئەوە وایە لەلایەن دایکتەوە ڕەتبکرێیتەوە». کەواتە هۆکارێکی سادە نییە لە نێوان ئەو هەلومەرجانە و بۆ نموونە کردارێکی ئیستیشهادی ئیسلامی. لەڕاستیدا توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زۆرجار حاڵەتەکە ئاوایە کە رادیکاڵە ئیسلامییەکان لەچینی ناوەندن نەك هەژار و زۆرجار خوێندەوارن و بە شێوەی نەگونجاو شارەزان لە زانستی سروشتی و کرداریدا. هێشتا گەر هەموو ئەمانە لەبەرچاوبگرین، هەموو هەلومەرج و فاکتەر و ئاڕاستەکان وادەکات زۆر ئاسان بێت ببینین کە بۆچی چەند بیرۆکەیەك هەن دەیانەوێت کۆمەڵگەی ئیسلامی بگێڕنەوە بۆ پێگەی سەرەتای خۆی، ئەمەش نەك هەر ڕاڤەیەکی قەناعەتپێکەرمان دەداتێ بۆ هەموو نەهامەتییەکانی موسڵمانان، بەڵکو چارەسەرێکیش لە فۆڕمی جیاوازی جیهاددا، ئەمەش بەڵێنی هەستکردن بەوەی لەماڵی خۆتا بیت و ڕێزلێگیراو بیت لەناو ئەوانی تردا هاوشێوەی نەوەکانی پێشووی موسڵمانان لەناوخۆیدا هەڵدەگرێت و زەوییەکی بەپیت دەدۆزێتەوە بۆ گەشە. لەکاتێکدا بەشێك لەم خەسڵەتانە تەنیا تایبەتە بە فەرەنسا، بەڵام هەندێکی زۆریشیان هەر تایبەت نییە بە فەرەنسا، شەپۆلی فۆبیای ئیسلامی و هەستی دژەکۆچبەران و میراتی ئیستعمار لە وڵاتانی

زۆرینە موسڵماندا و موفارەقەی حوکمداری عەلمانی لە دەوڵەتانی مۆدێرنی ڕۆژئـــاوای ئەوروپا و ڕێژەی بەرزی بێکاری کە زۆر لـــە کۆمەڵگە کۆچبەرییەکان پێوەی دەناڵێنن لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپادا ڕێژەی بەرزیان هەیە، بۆیە هەندێك لە لاوانی موسڵمان گەشـــت دەکەن بۆ ســـووریا بۆ ئەوەی بـــۆ دەوڵەتی ئیسلامی شـــەڕ بکەن، یان هاونیشتمانین و بەشداری دەکەن لە خانەی ئیسلامییە ڕادیکاڵییەکاندا. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەم ئاڕاســـتەیە نە زۆرە و نە لە پڕە. ژمارەی موســـڵمانانی ئەوروپی بە بەراورد بە سەرجەم دانیشتووانی موسڵمان لە ئەروپادا زۆر کەمە. سەرەڕای ئەوەش ئەو پاڵنەر و شـــێوازانە دەیان و ســـەدان ساڵی ویستووە تا دروست بووە.

*** لە سەرەتای سەدەی بیســـتویەکەمدا جیهادییە خۆماڵییەکان بە خەسڵەتی ئارامی دەناسرانەوە و خۆیان لە تـــۆڕی کەنارگیر و بچووکدا بەیـــان دەکرد، بەڵام لەئێستادا بەسەدان جیهادی ئەوروپا بەجێدەهێڵن و دەچن بۆ ســـووریا و بە هەزارەها لایەنگریان هەیە. لەلایەکەوە ئەمە گۆڕانێکی مەترســـیدار و بەگرفتە و لەلایەکی تریشـــەوە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەم دیاردە نوێیە بووەتـــە گرفتیکی گەورە، کەواتە ئەو گرفتانە چین و لەم بارەیەوە دەبێت چی بکرێت ؟**

- دەمەوێـــت پرســـیارەکەت بکەم بە دوو بەشـــەوە. یەکەمیـــان لەبـــارەی گرفتەکانی تێگەیشـــتن لەوەی بۆچی سەدان موسڵمانی ئەوروپی ڕوو دەکەنە سووریا تا پێوەندی بکەن بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە و ژمارەیەکی نەوتراوی تریش کە پاڵپشتی دیجیتاڵی داعش دەکەن و لەوانە نییـــە هەرگیز پێوەندییان پێوە بکەن، کە زۆرجار لە توێژینەوەکانـــدا وەك «لایەنگرانی نەرم» ئاماژەیان پێدەدرێت. دووەمیشـــیان پرسیار ئەوەیە: چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەمە بوەســـتێندرێت؟ گرفتەکانی تێگەیشـــتن لەمە زۆرن. یەکێك لەو ڕێگرییانە کە هەمیشە دەچێتە بەردەم توێژینەوە وردەکان ئەو باوەڕانەیە لەســـەر ئیسلام و موســـڵمانان کە بەگشتی سەرهەڵدەداتەوە، هەرکاتێك شـــتێك پێوەندی بە توندوتیژی ئیســـلامی ڕادیکاڵەوە هەبێت، دەکەوێتە ســـەر ڕووپـــەڕی ڕۆژنامەکان. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانـــدا توندوتیژییەکانی داعش بانگەشە و دژەبانگەشەی هێناوەتەئاراوە سەبارەت بەوەی ئاخۆ و تاچ ڕادەیەك ئیســـلام بە سرووشـــتی توندوتیژە، هەروەك چۆن لە سەرەتای هێرشەکانی ١١ی ســـێپتەمبەری ٢٠٠١ کرا. بەڵام ئەوەندەی من بزانم لە جیهانـــی هاوچەرخدا ئەو توندوتیژییـــەی کە لەلایەن مەســـیحیە توندڕەوەکانەوە کراوە، هەرگیز مشتومڕی ئـــەوەی نەهێناوەتـــە ئاراوە ســـەبارەت بـــەوەی ئاخۆ مەســـیحیەت بە سرووشتی توندوتیژە، یان نە. تەنانەت هەرچەندە بڕگە هەیە لە تەورات و ئینجیلدا کە دەتوانرێت بەکاربێت بۆ پاســـاوهێنانەوەی، بەڵام هەرگیز نەکراوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەروەك تەورات و ئینجیل، قورئان و حەدیسیش ئاڵۆزن و خێرا کاریگەری دروست دەکەن لە ســـەر زۆر خەڵکی جیاواز و هەندێکجار شەریعەتەکانی دژبەیەکن و پشتدەبەســـتێت بەو پرســـیار و بایەخانەی کە بـــاوەڕداران دەیهێنن بۆی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئیســـلام بە سادەیی ئەوەیە کە هەر موسڵمانێك دەیڵێت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئیســـلام کەمتـــر لە کۆمەڵێك بنەمای چەسپاو دەچێت کە لەودیو دەسەڵات و مێژووەوە بوونی هەیـــە، زیاتر وەك ئەوەی نەریتێکی زیندوو بێت کە بەردەوام بگۆڕێت و بگونجێت لە سیاقە جیاوازەکاندا بۆ مەبەســـتی زۆر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پرسیاری ئەوەی ئیسلام لەڕاســـتیدا چییە، یان بۆ نموونە ئاخۆ و تـــاچ ڕادەیەك داعـــش و توندوتیژیەکەی دەتوانرێت وەك ئیسلامی ڕاســـتەقینە دابنرێت؟ ئەمانە پرسیاری هەڵەن و دورمان دەخەنەوە لە پێویســـتی تێگەیشـــتن لەوەی بۆچی ئەم ڤێرژنەی ئیسلام لەم کاتە مێژوویەدا دەرکەوتووە و سەرنجی موسڵمانانی ئەوروپی بەتایبەتی ڕاکێشـــاوە و ڕووی تێدەکەن بۆ ئـــەوەی پێوەندی پێوە بکەن. بەڵام گرفتێکی تر هەیە لە تێگەیشتن لە داعش و پێوەندی هەیە بەو توندوتیژییە ترســـناکانەی دەیکەن بەرانبـــەر مرۆڤانی تر. بێگومـــان زۆربەمان وا بیرمان کردبووەوە کە لە بارەی خراپترین ئەو شـــتانەی مرۆڤ کردوویەتی بەرانبەر بە یەك تا کۆتایی سەدەی بیستەم خوێندوومانەتەوە و خوێندوومانە و بینیومانە. لەوانەیە نیگەرانیش بووبین کە گوێمان نەداوە بە نەهامەتییەکانی مرۆڤ. بەڵام پاشان ڕاپۆڕت و دانپیانان دەبینین لەسەر کۆمەڵکوژی و ئازاردان و ســـەربڕین و بە شـــێوەیەکی ڕێکخراو لاقەکردنی کچان و هێشـــتا شتی تریش ماون بیانبینین. ئەم ڕاپۆڕتانە بوونەتە گرفت لەبەردەم ئەوەی بزانین بۆچی کەسێك بە مێشکی تەواویەوە بڕیار دەدات مـــاڵ و خێزانی خۆی بەجێبهێڵێـــت و پێوەندی بکات بە کەســـانێکەوە کە زۆربەی خەڵـــك وەك ڕێکخراوێك دەیانبینـــن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتـــی و دەروونییەوە نەخۆشن و دەناڵێنن بەدەست وەهمی گەورەییەوە. لێرەشەوە لە ڕوومالٌ و نووســـینی ڕۆژنامەکاندا بەردەوام ئاماژە دەدرێت بـــەوەی ئەوانەی ئەو بڕیارەیان داوە، پێشـــتر تاوانکاری نەخۆش بوون لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، یان لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە ناتەواون بە نەخۆشی دەروونی و تراوما و مێشك شۆردنەوە. ئەمە زۆر ئاسانترە باوەڕی

**سۆشیال میدیای داعش ڕۆڵێکی گەورەی لە وەرگرتنی کەسانی نوێدا گێڕاوە، نەک تەنیا شەڕکەرانی نێر، بەڵکو هی ئافرەتانیش، کە ئافرەتانی ئیسلامی—یان ئەوانەی خۆ وەک ئافرەت لە ئینتەرنێت دەردەخەن—دەگەن بە هاوڕێیەتی و ئامۆژگاری و پاڵپشتییان دەدەنێ و ژیان لە ژێر دەستی داعشدا وەک یۆتۆپیای ئیسلامی پیشان دەدەن**

**لە ئێستادا لەبەر چەندین هۆکاری ئاڵۆز ئاسان نییە داعش بە تەواوی تێکبشکێندرێت. بۆ نموونە بەکارهێنانی لێزانانەی سۆشیال میدیای بەربڵاویان وایکردووە قورس بێت چاودێری بکرێن و بوەستێندرێن**

**داعش سەرچاوەیەکی زۆری دارایی و مرۆیی تەرخان کردووە بۆ پڕوپاگەندە و سۆشیال میدیا کە پێش هەموو ئەو شتانەی داوەتەوە ئیسلامییە ڕادیکاڵییەکان کە پێشتر لە ڕووی ئاڵۆزی و داهێنانەوە کردوویانە.**

**پرسیاری ئەوەی ئیسلام لەڕاستیدا چییە، یان بۆ نموونە ئاخۆ و تاچ ڕادەیەک داعش و توندوتیژیەکەی دەتوانرێت وەک ئیسلامی ڕاستەقینە دابنرێت؟ ئەمانە پرسیاری هەڵەن و دورمان دەخەنەوە لە پێویستی تێگەیشتن لەوەی بۆچی ئەم ڤێرژنەی ئیسلام لەم کاتە مێژووییەدا دەرکەوتووە و سەرنجی موسڵمانانی ئەوروپی بەتایبەتی ڕاکێشاوە و ڕووی تێدەکەن بۆ ئەوەی پێوەندی پێوە بکەن**

پێبکرێت وەك لەوەی ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببینەوە کە زۆربەی لاوانی موسڵمانی ئەوروپییەکان کە دەچن پێوەندی بەداعشەوە دەکەن، لەناو هیچ لەو پۆلێنانەدا جێیان نابێتەوە و بە زۆر لە پێوەرەکان تەواو «ئاسایین». بەدڵنیاییەوە زۆر لە پاڵنەر و ئاڕاستەکان کە باسکردن و بەشدارن لە سەرنجڕاکێشانی بیرۆکە رادیکاڵە ئیسلامییەکان بەگشتی گرنگن لە تێگەیشتن لە سەرنجڕاکێشی داعش بۆ لاوانی موسڵمانی ئەوروپی. بەڵام دوو خەسڵەتی تر هەن کە داعش جیادەکەنەوە لە مونافیسەکانی ئێستا و پێشوویان وەك قاعیدە و ئەمەش پێویستە لەبەرچاوبگیرێت بۆ هەوڵدان لە تێگەیشتن لە سەرنجڕاکێشییە تایبەتیەکەی. یەکەم داعش خۆی وانابینێت کە شەڕ بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی بکات وەك ئیسلامییە ڕادیکاڵیەکانی تر دەیکەن، بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێشتر خۆی دەوڵەتێکی ئیسلامی هەیە. لە مانگی شەشی ٢٠١٤دا داعش وەك خەلافەتێك خۆی ئیعلان کرد کە دەوڵەتێك حوکمداری دەکات و کەوتووەتە باکووری عێراق و سووریاوە و داوای لە موسڵمانان لەسەرجەم جیهان ئەوەیە بەیعەت بە داعش و ئەبوبەکر بەغدادی حاکمی بدەن. دووەمیان ئەوەیە کە داعش سەرچاوەیەکی زۆری دارایی و مرۆیی تەرخان کردووە بۆ پڕوپاگەندە و سۆشیال میدیا کە پێش هەموو ئەو شتانەی داوەتەوە ئیسلامییە ڕادیکاڵییەکان کە پێشتر لە ڕووی ئاڵۆزی و داهێنانەوە کردوویانە. لەلایەکەوە ئەو ڕاستییەی داعش خۆی وەك خەلافەت ئیعلان کرد واتە کار لە شوێنێکی کراوەدا دەکات و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هەیە، نەك لە ژێرەو ئیش بکات و بەردەوام لە ڕووی سەربازییەوە لە جووڵەدا بێت کە ئەوە ئاسانە بکرێتە ئامانج، بەڵام وەك بۆمان دەرکەوتووە لە ئێستادا لەبەر چەندین هۆکاری ئاڵۆز ئاسان نییە داعش بە تەواوی تێکبشکێندرێت. بۆ نموونە بەکارهێنانی لێزانانەی سۆشیال میدیای بەربڵاویان وایکردووە قورس بێت چاودێری بکرێن و بوەستێندرێن. ئەمە بەتایبەتی بەڵگەیە کاتێك باس دێتە سەر لایەنگرانە نەرمەکانیان—یان ئەوەی من وەك ئیسلامی سەرقەنەفە ئاماژەم پێداون—کە لە سەرتاپای جیهاند هەن و تەنیا پێویستیان بە تەلەفۆنێکی زیرەك، یان دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت هەیە لەهەر شوێنێك بن کاری خۆیان دەکەن. ئەمە سوپایەکی ئاشکرایە و بەرپرسیارە لە بڵاوبونەوەی پروپاگەندەکانی داعش—بۆ نموونە هەرلە هاشتاگی فڕاندنی کاسی جیهانییەوە بۆ دووبارە تویت کردنەوەی ڤیدیۆی ملپەڕاندنەکان—و بەشدارن بە شێوەیەکی گرنگ لە ئاساییکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی، بەڵام ئەم دوو خەسڵەتە جیاوازەی داعش—کارامەیی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و دامەزراندنی خەلافەت— پێکەوە کار دەکەن بەشێوەیەکی کاریگەر. سۆشیال میدیای داعش ڕۆڵیکی گەورەی لە وەرگرتنی کەسانی نوێدا گێڕاوە، نەك تەنیا شەڕکەرانی نێر، بەڵکو هی ئافرەتانیش، کە ئافرەتانی ئیسلامی—یان ئەوانەی خۆ وەك ئافرەت لە ئینتەرنێت دەردەخەن—دەگەن بە هاوڕێیەتی و ئامۆژگاری و پاڵپشتییان دەدەنێ و ژیان لە ژێر دەستی داعشدا وەك یوتۆپیای ئیسلامی پیشان دەدەن کە وەك دایکان و ژنان و ئافرەتانی موسڵمانی باش و پرۆفیشناڵی مونافیس سەرپەرشتی و یارمەتی دەدرێن و ڕێزیان لێدەگیرێت. لەڕاستیدا لێکۆڵینەوە لە دانپیانانی چەندین لەو ئافرەتە لاوانە لە ئینتەرنێت ئەوە دەردەخات کە پێوەندییان کردووە بە جیهادەوە لە سووریا بەشێکی لەبەرئەوەی هەستیان کردووە پەراوێز و دەربەدەرن لەو وڵاتەی تیایدا لەدایکبوون، بۆیە بەشوێن شوێنێکدا دەگەڕێن کە هەست بکەن لەماڵ و وڵاتی خۆیانن و وەك موسڵمان تەواوت بکەن. هەروەها ئەو دانپیانانە ئەوەش دەردەخات کە خۆیان وەك بوون بە بەشێك لە چالاکییەکی بەرچاو بینیوە: دامەزراندنی تەنیا یەك دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر زەوی و دامەزراندنەوەی خەلافەت کە بۆماوەی ١٠٠ ساڵە نەماوە. لێرەدا نامۆیی و ترس و ئایدیالیزم لەکاتی ئیشدا هیچیان نائاسایی نین و ئەو هەرزەکارانەی کە جێگەیان دەکەنەوە زۆر دوورن لەوەی کە نەخۆش بن، وەك پێشینەی سێ «کچی بێسنال گریین» (وەك ئاماژەیەك بۆ ئەکادیمیای بیسنال گرین کە هەرسێکیان ئامادەبوون) لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن پیشانی بدەن. ئەو کچانە کە بەنهێنی لە خێزانەکانیان ڕایان کردبوو و پێوەندیان کردبوو بە داعشەوە لە ئەمساڵدا کە بە کەسی زیرەك و سەرکەوتوو و بەناوبەنگ وەسفکراون. ئەگەر ڕاستییە تاڵەکە ئەوە بێت زۆربەی ئەو موسڵمانە ئەوروپی و ئەو لاوانەی گەشت دەکەن بۆ پێوەندی بە داعشەوە زۆر لە لاوانی تر دەچن لە کێشە و بێزاری و ئایدیالیزم و نابیناییان، کەواتە چۆن دەتوانرێت دەستنیشان بکرێن و لەپێشدا ڕێیان لێبگیرێت؟

*** ئەم دەرکەوتنە لە پڕەی جیهادیزم لەسەرخۆ ڕوویدا و بزووتنەوە جیهادییەکان کارامەیانە کاریان کرد و هەڵەکانی پێشوویان دووبارە نەکردەوە و زیاتر پرۆفیشنال و شارەزا بوون و لەهەر سەرنجێکی نەخوازراو خۆیان لاداوە. بۆ نموونە ڕاستییەکە بە ئاسایش ناڵێن کاتێك گەشت دەکەن و وا خۆیان دەردەخەن کە دەچن بۆ زەماوەند، یان خزمانیان دەبینن، حکومەتیش ئامرازی یاسایی**

**لەبەردەست نییە بۆ وەستاندنیان. کەواتە چۆن حکومەت ئەم هەڕەشەیە چارەسەربکات بەبێ بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک؟**

- مامەڵەیەکی خراپە کە ئازادییە مەدەنییەکانمان زیاتر و زیاتر بەرتەسك بکەینەوە لە بەرژەوەندی هەوڵدان بۆ ناسین و ڕێگرتن لەو موسڵمانە لاوە ئەوروپییانەی بۆ سووریا گەشت دەکەن. دوو هۆکار هەیە بۆ ئەمە. یەکەمیان کردارییە. تا ئەوکاتەی لاوێك دەگاتە ئەوەی کە حەزی لەجێهێشتنی وڵاتەکەیەتی و دەیەوێت بەشداربێت لەهەر شتێك دەیناسێت و هەموو کاتێك خۆشیدەوێت، ئەوا زۆر درەنگ دەبێت هیچ بکرێت. ئەوانە ڕێگەیەك دەدۆزنەوە بۆئەوەی بڕۆن و لایەنگرانیش یارمەتییان دەدەن. ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی ئەو لاوانە بە هەموو پێوانەکان هەرزەکارن، زیاتر ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕێگەیەکی ئاشکرا و ڕوون نییە کە بتوانین دیاریان بکەین لە پێشدا. بەڵام تەنانەت ئەگەر توانیشمان دیاریان بکەین پێش ڕۆیشتن، حکومەت دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی ڕێیان لێبگرێت زیاتر لەوەی کە دەبێت فڕێیان بداتە زیندانەوە و ڕێگەیەك بدۆزێتەوە کە «زۆریان لێبکات» جیاواز بیر بکەنەوە؟ بەدڵنیاییەوە زیندان ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت، لەبەرئەوەی هۆکار و شوێنی سەرەکیی رادیکاڵی ئیسلامییە. دووەمیش ئەو وانەیەیە کە لە مێژووەوە دەبوایە ئێستا فێری بین: کاتێك دەوڵەت لە ژێر پەردەی ئاسایشی نیشتمانیدا دەسەڵاتەکانی خۆی فراوان دەکات، بەدەگمەن جارێکی دیکە دەیداتەوە.

لێرەدا گرنگە هەنگاوێك بگەڕێینەوە دواوە، کاتێك هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیاری چی بکرێت؟ بدەینەوە، لەبەرئەوەی پرسیاری پێشتر هەیە سەبارەت بەوەی کێ کێشەکە چارەسەر دەکات و کەی، کە ئەمەش تەواو جیاوازە لە پرسیاری بەرپرسیارێتی، واتە ئەوەی پێویستە کێشەکە چارەسەربکات دەستی هەیە لە دروستبوونیدا. لێرەشدا کێشەی جیاواز هەیە. یەکەم کێشەی دەوڵەتی ئیسلامی خۆی کە دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین لایەنی بەرپرس—ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوبەشە هاوپەیمانەکانی، سعودیە، ئێران، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، رژێمی ئەسەد. بەڵام ئەمانە هیچ بیرۆکەیەکیان نییە کە چۆن ئەو دڕندایەتییەی کە دەرکەوتووە لەناوی بەرن، یان بەرژەوەندییان هەیە لەوەی بەردەوام بێت. دووەم کێشە ئەوەیە کە سەدان موسڵمان لە بەلجیکا و بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا و شوێنانی ترەوە گەشت دەکەن بۆ پێوەندیکردن بە داعشەوە، لێرەدا دەتوانرێت شتێك بکرێت و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا دەتوانن بیکەن لەسەر ئاستی تاك، نا بەڵکو لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەلومەرجانەی لەناو ئەوروپادا ئەو خاکە بەپیتە دابین دەکات بۆ ئیسلامی رادیکاڵ. بەڵام بۆ ئەو ژمارە نەوتراوە لایەنگرانەی هەیانە، هیچ حکومەتێك ناتوانێت هیچ بکات سەبارەت گرتنی هەر ئای فۆنێك کە هەیە.

*** تا چ ڕادەیەك شاردنەوەی ڕاستییەکان لای ئەو جیهادییانە دەبێتە هۆی نەمانی متمانە لە نێوان هاونیشتمانییان و دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی دامەزراوەکانی پۆلیس و قەزا و ئاسایش؟ پێتوایە ئەمە مەترسی دەخاتە سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامی تێکشکێنەر و خراپی دەبێت لەسەر پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی؟**

- ئەمە نموونەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی کە وتم مامەڵەیەکی خراپە کە تایبەتمەندی هەموو هاونیشتمانییان بسڕیتەوە لە پێناو چەند سەد لاوێکی گۆشەگیر کە دەیانەوێت بچن بۆ سووریا. گرنگە ئەوە بیر بێنینەوە کە ئەوانە دەوڵەتانی بەهێزن کە هێز و سەرچاوەیەکی زۆریان لەبەردەستە و بەرپرسیارن نەك هەر لە ئاسایشی نیشتمانی، بەڵکو لە پاراستنی ئازادی و مافی هاونیشتمانی. من کەمتر لەو زیانە نیگەرانم کە چەند لاوێك دەیکەن بە گەشتەکەیان، بەڵکو زیاتر نیگەرانم لەو گەڕانە بێ مۆڵەتە قەزایی و سیخوڕیکردن بەسەر گفتوگۆ تەلەفۆنییەکان و دەستگیرکردنەکان بە بێ تۆمەت و زیندانیکردن کە سەربەستی زیاتری داوە بە هێزە ئەمنییەکان، ئەمەش متمانەی خەڵکی ناهێڵێت بەو دامەزراوە دەوڵەتییانەی کە بەرپرسیارن لە پاراستنی ئەو خەڵکە. وەك ئەوەی بینیمان زیندانییان لە گوانتانامۆ و کوبا و ئەبوغرێب زۆرخراپ مامەڵەیان لەگەڵ کرا، هەروەها زیانێکی زۆر دراوە لە متمانەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراسی—ئەمە جگە لەناوبانگی دیموکراسی کە بانگەشی کردووە بیکات—کاتێك یاسا و پرەنسیپەکانی خۆیان پێشێل دەکەن لەپێناو شوێنکەوتنی دوژمنانیاندا. ئەمەش گوتارێك دەداتە دەست گروپەکانی وەك قاعید و داعش کە سەرقاڵی وەرگرتنی شاراوەن کە بڵێن دیموکراسی ڕۆژئاوایی ڕقی لەئیسلامە و مونافیقە. کاتێك ئەگەر ئەوە لاوە بیەوێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی پاش شەڕکردنی بۆ داعش، ئەوا ئێستا شتێکی ترە و ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی زیاتر پشت دەبەستێت بەوەی بۆی دەگەڕێنەوە. ئایا لەبەر ئەوە دەگەڕێنەوە ڕادەکەن و بێهیوا بوون لەو کارە ترسناکانەی داعش کە خۆیان بینیویانە، یان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی زیاتر کاریان بۆ بکەن؟

**توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زۆرجار حاڵەتەکە ئاوایە کە رادیکاڵە ئیسلامییەکان لەچینی ناوەندن نەک هەژار و زۆرجار خوێندەوارن وبە شێوەی نەگونجاو شارەزان لە زانستی سروشتی و کرداریدا**

**شەپۆلی فۆبیای ئیسلامی و هەستی دژەکۆچبەران و میراتی ئیستعمار لە وڵاتانی زۆرینە موسڵماندا و موفارەقەی حوکمداری سیکۆلار لە دەوڵەتانی مۆدێرنی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ڕێژەی بەرزی بێکاری کە زۆر لە کۆمەڵگە کۆچبەرییەکان پێوەی دەناڵێنن لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپادا ڕێژەی بەرزیان هەیە، بۆیە هەندێک لە لاوانی موسڵمان گەشت دەکەن بۆ سووریا بۆ ئەوەی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی شەڕ بکەن**



## ساندرا هەلپارین


ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لەندەن بۆ گوڵان:

# خراپ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆمەڵێک دەوڵەتی دروستکرد کە ماوەی ٩٥ ساڵە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەک خۆی هێشتۆتەوە

**ساندرا هەلپارین، پرۆفیسۆری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە رۆیاڵ هۆڵەوەی زانکۆی لەندەن، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، تایبەتمەندییە گشتییەکەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و تایبەتمەندیی وردیشی بریتییە لە سیاسەتی بەراوردکاری لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ تیشك خستنەسەر ئەو ئاژاوە و تەنگژانەی باڵی کێشاوە بە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بۆ بەدواداچوونی رەوتی رووداوەکان و ئاڕاستە و ئاماژەکانی ئایندەی ئەم ناوچەیە، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەیەکی پڕناکۆکی و قەیرانی درێژخایەن دەناسرێتەوە، هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم ناکۆکی و قەیرانانە چین و ئەو هۆکارانەش چین کە لە پشت هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی هەرێمایەتییەوەن؟**

- سەرەتا لە پێوەندی لەگەڵ «هۆکارە بنەڕەتییەکانی ناکۆکییەکان»، دەمەوێت ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی دەوڵەتی هەرێمایەتی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە دروستبوونی دەوڵەتانی عەرەبیی هاوچەرخ لە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەنیا بونیادی سیاسیی ناوچەکەی گۆڕی. لەو هەرێمە عەرەبییانەی کە بوونە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، بونیادی کۆمەڵایەتی کۆنی عوسمانییەکان کە دەرکەوتووە لەلایەن زەویدار و شارنشینەکانەوە موسڵمانە سوننییە عەرەبە نەریتییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، ئەو گۆڕانەی بە زۆری وەك خۆی بە بێ دەستکاری هێشتەوە. نوخبەی حوکمڕانی «نوێ»ی پارت و فەرمانبەرە بیرۆکرات و سەربازییەکان کە لە هەندێك وڵاتدا دەسەڵاتی سیاسییان دەویست، لە نوخبەی حوکمڕانی و سەربازییەکان و بۆرژوازە بچووکەکانی عوسمانی زۆر جیاوازتر نەبوون. لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا نوخبە نەریتییەکان دەسەڵاتی ناوچەیی، نەك ناوەندیان، پیادە دەکرد، بەردەوامیش ئەمەیان لە ژێر دەسەڵاتی رژێمە بۆرژوازییە بچووکەکانی ئێستادا کردووە. لەو شوێنەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ کۆنتڕۆڵی دەزگا سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتیان نەدەکرد، کۆنتڕۆڵی بەردەوامیان بۆ دەسەڵاتی بنەما نەریتییە ناوچەییەکان وای لێکردبوون کە بەر بە چاکسازی ماوەدرێژ لە بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بگرن. ئەمەش وای کردبوو بونیادی ئابووری دووانەیی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا بمێنێتەوە، کە زۆربەی خەڵکی لە ژیانی ئابووریی وەدەردەنا و رێی دەدا بە نوخبەکان کە دابەشکردنی نایەکسانیی داهات وەك خۆی بهێڵنەوە. بە سنووردارکردنی گەیشتن بە سەرچاوەکان، نوخبەکان دەتوانن سوود لە دەرفەتە نوێیەکان وەربگرن بۆ ئەوەی سامانەکانیان زیاد بکەن، لەهەمان کاتیشدا خۆیان لە پێویستیی گۆڕانی کۆمەڵگەکانیان لابدەن. نوخبە ناوچەییەکان (لەناویشیاندا «نەتەوەپەرست» و «عەرەبە سۆشیالیستەکان») پیشەسازییە ناردەنییەکانیان بنیادنا و لەنێو ناوچە پێوەندیدارەکان بە جیهانی دەرەکییەوە سامانیان کۆدەکردەوە و بەپێی پێوەرەکانی شێوازی ژیانی رۆژئاوایی رایان دەبوارد. بەم شێوەیە، سەرەڕای بزووتنەوە سەربەخۆکان و کودەتا و ئاژاوە و شۆڕشەکان، بەڵام بونیادی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە هەروەك خۆی بەشێوەیەکی بنەڕەتی مایەوە. نوخبە ناوچەییەکان (لەناویشیاندا زۆربەی «نەتەوەپەرست» و «عەرەبە سۆشیالیستەکان») لەگەڵ هاوپەیمانە دەرەکییەکانیان یەکیان گرت لە هەڵمەتێکدا بۆ لەناوبردنی نەك تەنیا کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان، بەڵکو هەر کەسێك کە بانگەشەی دیموکراسی و چاکسازیی کشتوکاڵی دەکرد، لەناویشیاندا لیبراڵ و چەپڕەوە میانڕەوەکان و ئەو گرووپە چاکسازیی و بزووتنەوانەی کە بانگەشەی چاکسازی کشتوکاڵی و دیموکراسی سیاسی و ئابووری و مافی کەمینەکانیان دەکرد. لەگەڵ سەرکوتکردنی ئەو گرووپانەدا، دیدی گەشەی فراوان و فرەیی و دیموکراسی لە ناوچەکەدا تێکشکێندرا، ئەمەش لەناو شتەکانی دیکەدا بووە رێگر لە بەردەم ئاڕاستەی سکاڵاکردنی یاسایی و ملی کێشا بۆ ناکۆکی و توندوتیژی بۆ داوای جوداخوازی و سەربەخۆیی لە فەلەستین و ئەردەن و عێراق و ئێران و عومان و لوبنان و شوێنەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. ئەمەش خاڵی دەستپێکی تێگەیشتنە لەوەی کە بۆچی لەماوەی نزیکەی ٩٥ ساڵی پێشوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست -بە ئێستاشەوە- لە رووی سەربازی و سیاسییەوە




**چارەسەری پرسی خەڵکانی بێدەوڵەت وەک کورد لەوانەیە بە جیابوونەوە، یان سەربەخۆیی بەدیبێت، بەڵام بەڕاستی ئەمە لە رێی دامەزراندنی بووژاندنەوەی فراوان و فرەیی و سیستەمی سیاسی دیموکراسییەوە بەدی دێت**

**گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا، کە نەتەوەی کوردە و دەیان ملیۆن کەسن کە لە ناوچە نزیکەکانی ناو پێنج دەوڵەتدا لە ناوچەکەدا نیشتەجێن، پێویستە دەوڵەتی خۆیان هەبێت**

**هەتا حکومەتەکان نەیانەوێت و نەتوانن ببنە هۆی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان کە بازاڕی خۆماڵی و چینی ناوەند فراوان بکات، ئەوا هەڵبژاردنەکان و کودەتاکان و هەروەها «شۆڕشەکان» تەنیا دەبنە هۆی گۆڕانی ئارایشتکراو**

**دوو فاکتەری دیکە هەن کە بەشدارن لە « هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی هەرێمایەتی» . یەکەم: هاوپەیمانیەتی نێوان ویلایەتەیەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی ئەوروپی و حکومەتە عەرەبییە سەرەکییەکانە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە هاوپەیمانیەتی نێوان گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانە، کە حکومەتە عەرەبییەکان و هاوپەیمانە دەرەکییەکانیان کارایانە هاوکاریی گەورەبوونی راستڕەوە ئاینییە توندڕەوەکانیان کردووە، وەک سەنگەرێک لە دژی ئەو فشارانەی لە چەپەکانەوە بۆیان دروست دەکرێت**

بووەتــە ناوچەیەکی مەترســیداری هەمەچەشــن لە جیهاندا. ناکۆکییەکانی وەك بانگەشــەی جوداخوازی و کێبڕکێ لەسەر بنەما جیۆپۆلیتیکییەکان و سەرچاوە سروشتییەکان، هەروەها گرفتە ناوخۆییەکانی رژێمەکانی ئێستا و ناکۆکییەکانی دی، بوونەتە سیمای سەرەکی و بەردەوامی ناوچەکە. لە هەر شوێنێك ئاشتی هەبێت، ئەوا لە ســەر بنەمای هاوسەنگی وردی دەسەڵاتە کە لە هــەر کاتێکدا بێت لەوانەیە بــە گرفتەکانی باری باو تێکبدرێت. دوو فاکتەری دیکە هەن کە بەشــدارن لە « هەڵوەشــاندنەوەی سیســتەمی هەرێمایەتی». یەکەم: هاوپەیمانییەتی نێــوان ویلایەتەیەکگرتووەکان و دەســەڵاتدارانی ئەوروپــی و حکومەتــە عەرەبییە ســەرەکییەکانە لەلایــەك و لەلایەکــی دیکەشــەوە هاوپەیمانیەتی نێوان گرووپ و ڕێکخراوە ئیســلامییە توندڕەوەکانە، کە حکومەتە عەرەبییەکان و هاوپەیمانە دەرەکییەکانیان کارایانە هاوکاریی گەورەبوونی راستڕەوە ئاینییە توندڕەوەکانیان کردووە، وەك سەنگەرێك لە دژی ئەو فشــارانەی لە چەپەکانەوە بۆیان دروست دەکرێت. بەم شــێوەیە کاتێك داگیرکاری ئەمریــکا لە عێراق، وڵاتی لە ئاشووبدا بەجێهێشت، ئەم بەجێهێشتنە بوو بە هۆی لاوازی بۆ ئەو هێــزە جیهادییانەی کە بەهۆی پاڵپشــتیە داراییەکانی (سی ئای ئەی)ـەوە دەرکەوتن لە ساڵانی هەشتاکاندا دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە کە ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی قاعیــدە و لە بەرامبەریشــدا لەدایکبوونی قاعیدە لە عێراق و پاشانیش بۆ داعش.

*** هەڵگەڕانەوە و شۆڕشەکان لە وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەنجامە ویستراوەکانی بەدەست نەهێنا و ئامانجەکانی نەپێــکا، بــەڵام لە بری ئــەوە، بێهیوایــی و وەهمی بەدەستهێنا، کەواتە چی هەڵە بوو؟ ئەو فاکتەرانە چی بوون کە بووە هۆی ئەم بارودۆخە نەویستراوە؟**

- کومەڵگە عەرەبییەکان ( لەناویشیاندا سیستەمی پاشــایەتیە «نەریتییەکان» و «نەتەوەپەرســتەکان» و «عەرەبــە سۆشیالیســتەکان») و هاوپەیمانــە دەرەکییەکانیان بە یەکەوە کاریان کردووە بۆ بەرگریکردن لە بونیادە چینایەتییە نەریتییەکان و چەسپاندنی بونیادە ئۆتۆکراتییەکانی دەسەڵات و هاندانی سەرهەڵدانی باڵە راســتڕەوە توندڕەوەکان و گرووپە دژە دیموکراسییەکان. لەهەمان کاتدا دەســەڵاتی چینی کرێکاریان سنووردار کردووە و لایەنە چاکســازی و پێشــکەوتنخوازەکانیان لەناو بــردووە کە لە رووی مێژووییــەوە تەبان لەگەڵ ململانێکان بۆ دیموکراســی. ئەمەش بۆخۆی بووەتە ڕێگریکــردن لە بەردەم ئەو مەرجانــەی کە لە ئەوروپا و شــوێنانی دی لەگــەڵ دیموکراســیدا تەبــان، لە ئەنجامیشدا مەســەلەی سەرەکی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیــدا ئەوەیە ئاخۆ دەتواندرێت پەرەبدرێت بە چەپ و ناوەند، یان راســتی میانڕەو کە تەواو ڕێکخراو بن و سەرکەوتووانە لە هەڵبژاردنێکی کراوەدا کێبڕکێ لەگەڵ راســتڕەوە ئایینییە توندڕەوەکان، یــان پارت و نوخبە بیرۆکراتی و حوکمڕانییە ســەربازییەکاندا بکەن. هەتا حکومەتەکان نەیانەوێت و نەتوانن ببنە هۆی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ســەرچاوەکان کە بازاڕی خۆماڵی و چینــی ناوەند فــراوان بکات، ئــەوا هەڵبژاردنەکان و کودەتاکان و هەروەها «شۆڕشەکان» تەنیا دەبنە هۆی گۆڕانی ئارایشــتکراو. زۆربەی بایەخــی میدیاکان جەخت لەســەر چەند ســەرۆکی دەوڵەتێــك دەکەنەوە کــە لابراون، بەڵام ئەوانەی ڕۆیشــتوون لەپاش خۆیان بونیادی دەسەڵاتێکیان بەجێهێشــتووە کە بەردەوامە و قورسە لەناو ببرێت.

*** ئاڕاستەی تراژیدی و گوماناوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا هەیە و باری ئەمنی بەرەو خراپی دەچێت و ناکۆکییــە تائیفییــەکان زیاتر دەبن و تیرۆریســتان ناوچەی زیاتر بەدەســت دەهێنــن، کەواتە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا دەبنە هۆی سەقامگیری ئەم ناوچە کێشاوییانە و ئەو ستراتیژییە گونجاوانە چین کە دەبێت دابنرێن؟**

- ئەوەی ئاماژەم پێدا لە وەڵامی پرســیاری پێشوودا ئەوەیە کە بــە کارایانــە یارمەتیدانــی گەورەبوونی تونــدڕەوە ئایینییــەکان وەك ســەنگەرێك لــە دژی چەپەکان، ویلایەتەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەوروپا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان، لایەنە پێشکەوتنخوازەکان و چاکسازیکەرەکان و لیبراڵەکانیان لە ناوچەکەدا سەرکوت کردووە کە لە ئەوروپا و شوێنانی دیکە پشتگیری کراون و هانی بە دیموکراتیکردنی سیاسەتی نیشتمانییان داوە. بەدەســتهێنانی بووژاندنەوە و دیموکراسی و ئاشتی لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا لەگەڵ تێکشکانی بونیادی چینایەتیی نەریتی و تا رادەیەك لەڕووی نیشتمانییەوە لەگەڵ سەرمایەداری «دامەزراو» و گەشەی توانای کڕین لە نێو هاونیشــتمانیانی خۆماڵی و دەستی کار و هەروەها لەگــەڵ بەرفراوانبوون و یەکگرتنی بازاڕی خۆماڵیــدا تەبایە. هــەر یەکێك لــەو گۆڕانانەی کە لــە رووی مێژووییەوە لەگەڵ پەرەســەندنی فراوان و دیموکراسی یەکدەگرێتەوە، ئەنجامێکن کە پێشبینکراو، یان پاڵپشتیکراون لەلایەن هەوڵەکانی پاڵپشتی دیموکراسی حکومەتەکانی رۆژئــاوا و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،

یان لە ناوچە «تازە گەشەکردووەکان»ی دیکە. لە بری ئەوە پاڵپشتی لە کۆمەڵێکی هەمەچەشن لە دەسپێشخەری بونیادنەر کراوە کە دانراون بۆ زەمانەتی نێودەوڵەتی بەسەر نیشتمانی و لە دژی نیشتمانی و مافی خاوەنداریەتی، لەناویشیاندا بەرنامەکانی چاککردنی بونیادی و گۆڕانە خێراکان لە سیستەمە سۆشیالیستەکاندا، یان ئەوەی پێی دەوترێت «لێدانی کارەبایی» و ئاوەدانکردنەوەکانی دوای شەڕ، یان کارەساتەکان (بۆ نمونە وەك تسونامی و زریانەکان) و دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشنیارەکانی حوکمرانیی باش و ڕێکارەکانی سەقامگیری و بەرنامەکانی پاڵپشتی بە دیموکراتیکردن، هەروەها گۆڕینی ڕژێم. لە کاتێکدا ئەو «ستراتیژییانە» ئاسانە وێنا بکرێن کە وڵاتەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا پەیڕەویان کردووە بۆ هێنانە کایەی گۆڕانی گوازراوەیی (بۆ نموونە ئەوانەی کە وڵاتەیەکگرتووەکان لە یابان و تایوان و کۆریای باشوور پەیڕەوی کردووە)، بەڵام ئەوە قورسە کە وێنای ئەو وڵاتانە بکەین کە بۆ دانانیان هەڵدەبژێرێن. لە میسری پاش «بەهاری عەرەبی»، هەردوو حکومەتی ئیخوانەکان و حکومەتی سەربازی بەردەوامبوون لە کڕینی چەك لە بەریتانیا و ئەمریکا هەرچەندە لە ١٩٧٩وە میسر تەنیا لەگەڵ دانیشتووانەکەی خۆیدا لەشەڕدا بووە. چ عەلمانی، یان ئیسلامی، چ ڕاست، یان چەپ بێت، هەتا گرووپە حوکمڕانەکان و حکومەتەکانی کە خزمەتیان دەکەن بەردەوام بن لە هێنانی چەکی ئەمریکی و ئینگلیزی، ئەوا ویلایەتەیەکگرتووەکان و بەریتانیا پشتگیرییان دەکەن، لەبەرئەوەی بە گەیاندنی ئەو چەکانە گرووپە عەرەبییەکان پاڵپشتی لە بەئەهلی کردنی سەرمایە لە هەردوو وڵاتدا دەکەن.

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بنبەستێکی خراپەوە دەناڵێنێت لە بارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی خەڵکانی بێ دەوڵەتەوە و چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو هەن کە ئاسۆکانی پەرەدان بە حوکمڕانیی باش و بونیادی دەوڵەتێك کە پێویستییەکانی خەڵك بەدی بێنێت، نادیار کردووە، ئەویش وەك مەسەلەی کورد کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و ویستراو چارەسەر نەکراوە، سەرئەنجامیش کورد شوێن سەربەخۆیی و جیابوونەوە دەکەوێت. کەواتە چۆن پرسی خەڵکانی بێدەوڵەت لەم ناوچەیەدا چارەسەر دەکرێت؟**

-چارەسەری پرسی خەڵکانی بێ دەوڵەت وەك کورد لەوانەیە بە جیابوونەوە، یان سەربەخۆیی بەدیبێت، بەڵام بەڕاستی ئەمە لە ڕێی دامەزراندنی بووژاندنەوەی فراوان و فرەیی و سیستەمی سیاسی دیموکراسییەوە بەدی دێت. لە ڕووی مێژووییەوە ئەو گۆڕانکارییانەی بنەمای ئەمەیان داناوە لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا لەو وڵاتانەدا بەدیهاتووە کە: (١) ئەزموونی تێکشکانی بونیادە نەریتییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕێی چاکسازییە کشتوکاڵی و چاکسازییەکانی دیکەوە کردووە، یان وەك بەرئەنجامی جەنگەکان (زیاتر لە ئەوروپادا)، یان هۆکارە دەرەکییەکان (وەك یابان و تایوان و کۆریای باشوور—لە ڕێی ئەو شۆڕشانەی کە ئەمریکا پاڵپشتی دارایی دەکردن و وەك بەشێك لە سیاسەتی جیۆستراتیژیی ئەمریکا بۆ ئیحتواکردن و دەورگرتنی یەکێتی سۆڤیەت و چین)، (٢) پێشتر ئەزموونی داڕووخانێکی گرنگیان لە دەسەڵاتی خاوەن ئاغاکاندا (خاوەن زەوییەکاندا) کردووە، وەك بەرئەنجامی یەکێك لە خوێناویترین جەنگەکان لە مێژووی مرۆڤدا وەك ویلایەتەیەکگرتووەکان لە ساڵانی ١٨٦٠ـەکاندا، یان هەرگیز نوخبەی خاوەن زەوی چەسپاویان نەبووە، وەك ئوستراڵیا و کەنەدا و نیوزیلاند.

*** وەك درێژەی پرسیاری پێشوو، کورد پێیوایە کە بەدیهێنانی مافەکانی لەنێو سنووری ئەو دەوڵەتانەی کە هەن، ئینکار کراوە، واتە مافی چارەنووسی نێوخۆییان لێ زەوتکراوە، بۆیە پێیانوایە کە شایانی ئەوەن مافی چارەنووسی دەرەکی پیادە بکەن، لەم بارەیەوە ڕات چییە؟**

- من بە تەواوی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕام. گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا، کە نەتەوەی کوردە و دەیان ملیۆن کەسن کە لە ناوچە نزیکەکانی ناو پێنج دەوڵەتدا لە ناوچەکەدا نیشتەجێن، پێویستە دەوڵەتی خۆیان هەبێت.

*** چەند ئەکتەرێکی نادەوڵەتی هەن کە ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان لە شەڕ لە دژی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی گێڕاوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دانی بەمەداناوە و ئەم ڕاستییەی بەرزنرخاندووە، لەمەش زیاتر هەنگاوی زیاتر نراوە و یارمەتی سەربازی و چەکیان پێدراوە. لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە بەکورد دەکەین کە لە شەڕیکی مان و نەماندان لەگەڵ تیرۆریستێکی جیهانیدا، چۆن لێکەوتە و کاریگەرییە باشەکانی کاری کورد لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان هەڵدەسەنگێنن؟**

- بێگومان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەنێو ئەو لایەنە دیموکراتیانەن کە سەرکوتکردنیان ڕێی بەدیهێنانی گەشەی فراوان و فرەیی و دیموکراسی لەناوچەکەدا گرتووە. ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئەمەی بەباشی ڕوون کردووەتەوە.

**ناکۆکییەکانی وەک بانگەشەی جوداخوازی و کێبڕکێ لەسەر بنەما جیۆپۆلیتیکییەکان و سەرچاوە سروشتییەکان و هەروەها گرفتە ناوخۆییەکانی ڕژێمەکانی ئێستا و ناکۆکییەکانی دی، بوونەتە سیمای سەرەکی و بەردەوامی ناوچەکە**

**لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا نوخبە نەریتییەکان دەسەڵاتی ناوچەیی، نەک ناوەندیان، پیادە دەکرد، بەردەوامیش ئەمەیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە بۆرژوازییە بچووکەکانی ئێسادا کردووە**

**بە سنووردارکردنی گەیشتن بە سەرچاوەکان، نوخبەکان دەتوانن سوود لە دەرفەتە نوێیەکان وەربگرن بۆ ئەوەی سامانەکانیان زیاد بکەن و هاوکات خۆیان لە پێویستیی گۆڕانی کۆمەڵگەکانیان لابدەن**